ژمارە
47

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

## کردنەوەی ڕێگای پێشمەرگە لە پاریس:

## ڕۆژێکی مێژوویی بۆ گەلی کوردستان




پایز 2025

سەروتار

# وەزارەتی پێشمەرگە و قۆناغی نوێی ئەرکە ستراتیژییەکان



لیوا عوسمان محەمەد

دوای تێپەڕاندنی قۆناغێکی چارەنووسساز و پڕ لە تەحەدا لە پرۆسەی یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، وەزارەتی پێشمەرگە بە سەرکەوتوویی توانیی قۆناغەکانی دروستکردنی فیرقەکان، تەواوکردنی بەشێکی بەرچاوی ئەو یەکە سەربازییە گرنگانە کۆتایی پێ بهێنێت، ئەم دەستکەوتە گەورەیە بەرهەمی ماندووبوون و شەونخوونی بەردەوامی تیمەکانی وەزارەت و فەرماندەییەکانی ٧٠ و ٨٠ بوو، لەگەڵ ڕۆڵی گرنگی هاوپەیمانان کە بە بەردەوامی لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگەدا کاریان دەکرد.

لە ئێستادا، وەزارەتی پێشمەرگە بە هەیکەلێکی نوێ و ڕێکخستنێکی مۆدێرنی هاوچەرخی دەڤەرەکانەوە دەست بە کارەکانی دەکات، کە ئەمەش بنەمایەکە بۆ جێبەجێکردنی پلانە ستراتیژییەکانی بۆ داهاتوویەکی ڕوونتر لە چوارچێوەی کاری پیشەیی و سەربازی. لێرەوە، جێگای ئومێدێکی گەورەیە کە تەواوی خەڵکی کوردستان بە گیانێکی نەتەوەییەوە پشتیوانییەکی بێوێنە لەم پرۆسەیە دەکەن و خۆیان بە خاوەنی ئەم ستراتیژییە نەتەوەییە گرنگە دەزانن. ئەم پرۆسەیە وەرچەرخانێکی مێژووییە و لە مێژووی کۆن و نوێی کوردستاندا وێنەی نەبووە.

دیدگای وەزارەتی پێشمەرگە بۆ هاوپەیمانان، دۆستان و نەیارانی ناوچەکە و جیهان، زۆر ڕوون و ئاشکرایە، وەزارەتی پێشمەرگە دەیەوێت بە خێراییەکی زۆر و بە شێوەیەکی کاریگەر کار بکات، بۆ تەواوکردنی پرۆسەی چاکسازی و گەیشتن بە کۆتا قۆناغی پرۆسەکە، بەتایبەتی بەکۆتاگەیاندنی بەشێکی بنەڕەتی و گرنگی پرۆسەی چاکسازی کە یەکخستنەوە و ڕێکخستنی پیشەییانە و نیشتمانییانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

ئامانجی سەرەکی لەم ستراتیژییەدا دروستکردنی هێزێکی بەرگری نیشتمانی بەهێزی کوردستانە، کە تەنها ئینتیمای بۆ خاک و نەتەوە و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان و دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

ئەگەرچی ئەم ئەرکە وەک چاوەڕوان دەکرا ئاسان نەبوو و بەربەستی زۆری لەبەردەمدا بوو، بەڵام بارودۆخی هەستیاری ناوچەکە و هەڵوێستی سیاسی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی لە خێراترکردنی پرۆسەکە و هەنگاونانی زیاتر لە چاوەڕوانییەکان.

ئێستا دەکرێت بگوترێ، لە دوا قۆناغی پرۆسەی چاکسازیداین و پێشبینی دەکرێت بەر لە وادەی دیاریکراو، کە کۆتایی ساڵی ئایندەیە، پرۆسەکە بگاتە دوا وێستگە و ئەم مژدەیە بە گەلەکەمان و هاوپەیمانان و دۆستانمان بدرێت.

پرۆسەی یەکخستنەوە و چاکسازی لە هێزی پێشمەرگەدا، تەنها هەنگاوێکی سەربازی نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییە کە گرنگییەکی زۆری هەیە لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ناوخۆیی، عێراقی، ناوچەیی و جیهانی، ڕۆڵی مێژوویی دەبێت لە دابینکردنی داهاتوویەکی ئارامتر و گەشەسەندووتر بۆ کوردستان و بەهێزترکردنی پێگەی کوردو هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکانی ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدا.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

| | |
|---|---|
| خاوەن ئیمتیاز:<br>وەزارەتی پێشمەرگە | ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای<br>رۆژنامەنووسانی کوردستانی دراوەتێ |
| سەرنووسەر:<br>لیوا عوسمان محەمەد مستەفا (ریشە) | جێگری سەرنووسەر:<br>عمید شوان مەحمود ئەحمەد |
| سەرپەرشتیاری بەشی راگەیاندن:<br>عمید ستارعبدالکریم عزیز | سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتیمانی:<br>عمید محەمەد صدیق حەمە |
| بەڕێوەبەری نووسین - راگەیاندن:<br>عقید رەنج جەعفەر ئەحمەد | بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:<br>عقید قارەمان مەهدی محەمەد |

دیزاین : بلال بكر سيد غريب

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەرێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت

(+964) 750 466 1364 Data@mopa.gov.krd (+964) 772 531 5240




کردنەوەی رێگای پێشمەرگە
لە پاریس:
رۆژێکی مێژوویی بۆ گەلی
کوردستان
٢



ژیری دەستکرد.. چەکی
سەردەم
پێشمەرگە و ئەرکی نوێی
هۆشیاری و بەرگری
٤١



وۆرکشۆپی «ژن، ئاشتی و
ئاسایش»
لە وەزارەتی پێشمەرگە
بەڕێوەچوو
١٥



پرۆژەی مەیڤن
گەورەترین پرۆژەی ژیری
دەستکرد
لە بواری سەربازیدا
٥٢



نەخۆشخانەی پێشمەرگە:
٢٢ هەزار نەخۆش
لەسەرەتای ئەم ساڵەوە
چارەسەریان بۆ کراوە
٢٣



بنەماکانی سەرکردایەتی
سەربازیی مۆدێرن
٦٢




# کردنەوەی ڕێگای پێشمەرگە لە پاریس:

## ڕۆژێکی مێژوویی بۆ گەلی کوردستان

● ئامادەکردنی: بارزان ڕزگار

**لە ڕۆژێکدا کە مێژوو دەینووسێتەوە، پاریسی پایتەختی فەڕەنسا شایەتی ڕووداوێک بوو کە هەمیشە لە دڵی هەر پێشمەرگەیەکدا دەمێنێتەوە. ڕێگای پێشمەرگە لە دڵی ئەم شارە دیرۆکییەدا کرایەوە، وەک نیشانەیەک لە ڕێزگرتن بۆ ئەو قارەمانانەیە کە گیانیان لە پێناو ئازادی و کەرامەت فیدا کردووە.**

### نیشانەیەک لە دڵی پاریسەوە بۆ ئازادی

کاتێک خۆر لە ئاسۆی ٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٥ هەڵدەهات، پارکی ئۆندرێ سیترۆێن ئامادەی پێشوازی لە ڕووداوێکی نائاسایی بوو. ئەو پارکەی کە بە درەختە کۆنەکانی و جوانی سروشتی ناسراوە، ئەو ڕۆژە شایەتی ڕووداوێک دەبوو کە تەنها ڕێوڕەسمێکدا کورت نەکرایەوە.

ئەم ڕێگایە یەکەمین ڕێگایەیە لە ئەورووپا کە بە ناوی پێشمەرگەوە ناودەنرێت. ئەمەش هەڵگری ئەو مانایەیە کە ناوی پێشمەرگە ئیدی نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە دڵی یەکێک لە گەورەترین شارەکانی جیهانیش دەنگدانەوەی هەیە.

### خاتوو هیدالگۆ: شەڕی پێشمەرگە بۆ ئازادیی هەمووان بوو

خاتوو ئان هیدالگۆ، شارەداری پاریس، بە دەنگێکی پڕ لە سۆز و ئەمانەت قسەی کرد. وتەکانی وەک نەرمە باران دەکەوتنە سەر دڵی بەشداربووان «لە کاتی شەڕی داعش، کاتێک ترس گەورەترین شارەکانی ئەورووپای گرتبووەوە، پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەنگاری، ڕووبەڕووی ئەم دڕندەییە بووەوە.»

ئەو خانمە بەردەوام بوو «هێزەکانی پێشمەرگە نەک تەنها بۆ خاکی خۆیان، بەڵکو بۆ ئازادی و کەرامەتی هەموو مرۆڤایەتی شەڕیان کرد. ئەوان فریادڕەسی جیهان بوون، لە کاتێکدا تیرۆر هەڕەشەی لە هەموان دەکرد.»

ئەم وتانە دانپێدانانی فەرمی فەڕەنسا بوو بە قوربانی و گیانبازیی پێشمەرگە. هەر وشەیەک لەم وتارە وەک مەدالیایەک بوو کە لە سنگی هەر پێشمەرگەیەکدا دادەنرا.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




**ڕێگایەک کە چیرۆکی قارەمانەتی دەگێڕێتەوە**

ڕێگای پێشمەرگە لە پاریس، تەنها ناوێک نییە کە لەسەر تابلۆیەک نووسرابێت. ئەم ڕێگایە گەواهی چیرۆکەکانی ئازایەتی و سەربەرزییە کە لە مێژووی کوردستاندا نووسراوە. هەر هەنگاوێک لەسەر ئەم ڕێگایە یادەوەریی ئەو پێشمەرگانەیە کە هەمیشە بەرەنگاری ستەم و نادادپەروەری بوونەتەوە.

ئەم ڕێگایە لە پارکی ئۆندرێ سیترۆێنە، پارکێک کە خۆی شایەتی چەندین ڕووداوی مێژووی بووە. ئیدی ئەم شوێنە شایەتی چیرۆکی پێشمەرگەش دەبێت، چیرۆکێک کە بە خوێنی شەهیدان نووسراوە.

**سەرۆک بارزانی: فەڕەنسا هەمیشە هاوڕێی کوردستان بووە**

سەرۆک مسعود بارزانی بە زمانی کوردی دوا، ئەو زمانەی کە لە نێو دڵیدا هەڵدەقوڵێت. «ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییە لە مێژووی گەلی کوردستاندا» سەرۆک بە دەنگێکی پڕ لە شانازی ئەمەی دەربڕی. ڕایگەیەند «فەڕەنسا بە درێژایی مێژوو هەمیشە هەڵوێستی مرۆڤایەتی و دۆستایەتی بەرانبەر بە گەلی کوردستان هەبووە. ئەم ڕۆژە تەنها ڕۆژی ناونانی ڕێگایەک نییە، بەڵکو ڕۆژی دووپاتکردنەوەی دۆستایەتییەکی مێژووییە.»

کاتێک سەرۆک بارزانی قسەی دەکرد، لە چاوی بەشداربووانەوە هەستکردن بە شانازی و سەربەرزی دەبیندرا. ئەو کەسێک نەبوو کە تەنها قسە بکات، بەڵکو کەسێکە کە بە درێژایی تەمەنی، شایەتی خەبات و ئازایەتی پێشمەرگە بووە.

**دوانزە هەزار شەهید و بریندار: قوربانی پێشمەرگە بۆ مافی مرۆڤ**

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، سەرۆک بارزانی باسی ئەو ئامارە دڵتەزێنەی کرد کە هەمیشە لە هزری مرۆڤی کورد دەمێنێتەوە. «پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش ١٢ هەزار قوربانی لە شەهید و بریندار داوە.»

ئەم ژمارەیە تەنها ئامارێک نییە، بەڵکو هەر یەکەیان چیرۆکی خێزانێکە، چیرۆکی دایک و باوک و منداڵێکە. هەر

> سەرۆك مسعود بارزانی: فەڕەنسا بە درێژایی مێژوو هەمیشە هەڵوێستی مرۆڤایەتی و دۆستایەتی بەرانبەر بە گەلی کوردستان هەبووە. ئەم ڕۆژە تەنها ڕۆژی ناونانی ڕێگایەك نییە، بەڵکو ڕۆژی دووپاتکردنەوەی دۆستایەتییەکی مێژووییە.

یەکەیان ئارەزووی گەشیان هەبووە، خەونیان هەبووە، بەڵام لە پێناو ئازادیی گەلەکەیان گیانیان فیدا کردووە.

«پێشمەرگە نەک تەنها هێزێکی سەربازی بووە، بەڵکو کەسایەتی و مۆڕاڵی گەلێک بووە. ئەوان بەرگرییان لە مافی مرۆڤ کردووە، ژنان و منداڵانیان پاراستووە و کەرامەتی مرۆڤایەتیان هێشتووەتەوە».




**مێژوویەکی پڕ لە هاوکاری و لێکتێگەیشتن**

پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و کوردستان مێژوویەکی درێژ و پڕ لە وەفادارییی هەیە. سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەم مێژووە گەشاوەیە کرد: «فەرەنسا یەکەم وڵات بوو ڕێگەی داوە ئەنستیتۆی کوردستانی لە پاریس بکرێتەوە. ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە فەرەنسا باوەڕی بە مافی گەلی کورد هەیە، ساڵی ١٩٩٢ سەرۆک میتران یەکەمین سەرۆکی ئەورووپی بوو کە سیاسییەکی کورد ببینێت. ئەمە هەنگاوێکی مێژوویی بوو کە ڕێگای بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتی کردەوە.»

«باسی لەوەش کرد کە مادام میتران یەکەم کەسی ئەورووپی بوو لە ساڵی ١٩٨٩ فرمێسک بۆ قوربانییانی کوردستان بڕێژێت. ئەو فرمێسکانە نیشانەی بەزەیی و هاوخەمی بوون.

**مەدالیا بۆ قارەمانی شەڕی دژی تیرۆر**

یەکێک لە سۆزداریترین ساتەکانی ڕێورەسمەکە ئەو کاتە بوو کە سەرۆک بارزانی مەدالیای ڕێزلێنانی دا بە برینداریکی شەڕی دژی داعش. ئەمە گەورەتر بوو لەوەی پاداشتێک بێت، بەڵکو دانپێدانان بوو بە قوربانی و ئازایەتی کۆی بریندارانی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە تیرۆر .

> ”
>
> **خاتوو ئان هیدالگۆ:**
> **هێزەکانی پێشمەرگە نەک تەنها بۆ خاکی خۆیان، بەڵکو بۆ ئازادی و کەرامەتی هەموو مرۆڤایەتی شەڕیان کرد. ئەوان فریادڕەسی جیهان بوون، لە کاتێکدا تیرۆر هەڕەشەی لە هەمووان دەکرد.**
>
> “

**پێشانگا و هونەر: گەشتێک بە ناو مێژووی پێشمەرگایەتیدا**

پێشانگایەک کە تایبەت بۆ ئەم ڕۆژە ئامادەکرابوو، پانۆرامای مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتی نمایشکرد. لە سەردەمی شۆڕشەوە تاوەکو ئێستا، هەموو قۆناخەکانی خەباتی گەلی کورد بە وێنە و بەڵگە نمایش کرابوو.

وێنەکان کۆمەڵە چیرۆکێک بوون لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا شەڕی دژی داعش، هەموو قۆناخەکانی خەبات لەوێ بوون. هەر وێنەیەک ژیانی پێشمەرگەیەک و




hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

چیرۆکی قارەمانەتییەک بوو.

شیڤان پەروەر، گۆرانیبێژی ناسراوی کورد بە پێشکەشکردنی چەند گۆرانییەک دڵی بەشداربووانی پڕسۆزکرد. کاتێک گۆرانی «هەڵەبجە»، هەمووان وەستان و بە چاوانێکی پڕ لە فرمێسک گوێیان گرت. ئەو گۆرانییانە تەنها مۆسیقا نەبوون، بەڵکو سکاڵای گەلێکی ستەمدیدە بوون.

## لە ڕێزگرتنەوە تا بەهێزکردنی پەیوەندییەکان

ئەم ڕێوڕەسمە مێژووییە چەندین ئامانجی قووڵی هەبوو. یەکەمیان، ڕێزگرتن بوو لە قوربانییەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش. ئەوان بۆ ئازادی گیانیان بەختکرد و شایانی ڕێزگرتنن.

دووەمیان، نیشاندانی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان و پێشمەرگە بوو. جیهان دەبێت بزانێت کە کوردستان تەنها نییە، هاوپەیمانی هەیە.

سێیەمیان، بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسی و کلتوورییەکانی نێوان فەڕەنسا و هەرێمی کوردستان بوو. دۆستایەتیش پێویستی بە نوێکردنەوەی هەیە.

چوارەمیان، نمایشکردنی ڕۆڵی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریزم بوو. کوردستان نەک تەنها قوربانی تیرۆر بووە، بەڵکو بەرەنگاری تیرۆریش بووەتەوە.

## پەیامێکی سیاسی ڕوون بۆ جیهان

کردنەوەی ڕێگای پێشمەرگە لە پاریس پەیامێکی زۆر ڕوون و بەهێزی بۆ جیهان نارد. یەکەمیان ئەوە بوو کە پێشمەرگە وەک هێزێکی شەرعی و یاسایی بەرگری، لە سەرانسەری عێراق دەناسرێت. ئیدی کەس ناتوانێت پرسیار لەسەر دەستوریی بوونی پێشمەرگە بکات.

دووەمیان ئەوە بوو کە کوردستان بە بەشداربووی سەرەکیی لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریزم دادەنرێت. ئەمە دانپێدانانی بەرفراوانی پێگەی کوردستانە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

سێیەمیان ئەوە بوو کە دۆستایەتی مێژوویی فەڕەنسا و کوردستان بەردەوام و پتەوە. ئەم دۆستایەتییە تەنها لەسەر کاغەزدا نییە، بەڵکو لە واقیعدا جێبەجێ دەکرێت.

## ئایندەیەکی ڕوون و هیوابەخش

ئەم ڕووداوە مێژووییە پەیامی زۆر ڕوون و هیوابەخشی بۆ ئایندە نارد. یەکەمیان ئەوە بوو کە پێشمەرگە بەردەوام دەبێت لەسەر ڕۆڵی خۆی وەک پارێزەری مافی مرۆڤ و بەرگری لە بەهاکانی دیموکراسی. ئەم ڕۆڵە تەنها ئێستا نییە، بەڵکو بۆ ئایندەش بەردەوام دەبێت.

دووەمیان ئەوە بوو کە کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان و دابینکەری ئاسایش و ئارامی، ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات.

سێیەمیان، دۆستایەتی نێوان گەلان دەتوانێت سنوورەکان تێپەڕێنێت و لە دڵەکاندا جێگیربێت. دۆستایەتی نێوان کوردستان و فەڕەنسا نموونەیەکی جوانی پەیوەندیی نێوان گەلانە.

ڕۆژی ٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٥ بۆ هەمیشە لە مێژووی کوردستاندا دەمێنێتەوە وەک ڕۆژی کردنەوەی ڕێگای پێشمەرگە لە پاریس، وەک ڕۆژی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە قارەمانەتی پێشمەرگە.

> وێنەکان کۆمەڵە چیرۆکێك بوون لە شۆڕشی ئەیلوولەوە تا شەڕی دژی داعش، هەموو قۆناخەکانی خەبات لەوێ بوون. هەر وێنەیەك ژیانی پێشمەرگەیەك و چیرۆکی قارەمانەتییەك بوو.





# وەزارەتی پێشمەرگە و خاچی سوور

## یاداشتنامەی پاراستنی یاسای مرۆیی واژۆ دەکەن

● ئامادەکردنی: سەرباز محەمەد

**٨ی ئایاری ٢٠٢٥ لە هەنگاوێکی گرنگدا بۆ چەسپاندنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاداشتنامەیەکی هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە عێراق واژۆکرد کە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و لێقەوماوانی جەنگ ناوەڕۆکی بەرنامەی کارەکانییەتی.**

شۆرش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە لە ڕێورەسمێکدا کە فەریق روکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکان و ئەفسەرانی باڵای وەزارەت تێیدا ئامادەبوون، پێشوازی لە کێلنۆر پانگلونگ جێگری بەرپرسی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە عێراق و تیمی یاوەری کرد و یاداشتنامەکەیان واژۆکرد.

### ئامانجەکانی ڕێکەوتن

وەزیری پێشمەرگە لەبارەی ئەم یاداشتنامەیەوە ڕایگەیاند «ئەم یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنە، بۆ لێک نزیکبوونەوە و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان و گەیاندنی پەیامی پاراستنی یاساکانی نێودەوڵەتییەکانە لە کاتی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا.»

ئەم یاداشتنامەیە کە بۆ ماوەی سێ ساڵ (٢٠٢٥-٢٠٢٨) دەخایەنێت، ئامانجی سەرەکی، پاراستنی ژیان و کەرامەتی لێقەوماوانی جەنگ و باردۆخە ناهەموارەکان و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکانە.

### جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان

یاداشتنامەکە چەندین بەرنامەی جدی لەخۆدەگرێت کە لەلایەن خاچی سوورەوە جێبەجێ دەکرێن. لەوانە تێکەڵکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لەنێو سیستەم و بەرنامەی ڕاهێنانی سەربازی، هزر و بیروباوەڕ، پلان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان. هەروەها خاچی سوور لەڕێگەی خولی هۆشیاری، سازدانی کۆڕ، ڕاهێنان و ناردنی ڕاهێنەرانی پێشمەرگە بۆ خوێندن، ئامانجەکانی یاداشتەکە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

> کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لەساڵی ١٩٩١ەوە لەهەرێمی کوردستان کاردەکات و لەماوەی ساڵانی کارکردنیان بەدەیان خولی هۆشیاری جۆراوجۆریان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کردووەتەوە

جێبەجێ دەکات.

کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لەساڵی ١٩٩١ەوە لەهەرێمی کوردستان کاردەکات و لەماوەی ساڵانی کارکردنی، بەدەیان خولی هۆشیاری جۆراوجۆری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کردووەتەوە. بەگوێرەی ئامارێک کە دەست گۆڤاری پێشمەرگە کەوتووە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٢ بۆ ٢٠٢٤ خاچی سوور بە هەماهەنگی وەزارەتی پێشمەرگە ١٩ سمیناری تایبەت لەبارەی یاسای ناکۆکیی چەکداری بەسەرپەرشتی کەسانی بەئەزموون و شارەزا لەیاساکان ڕێکخستووە.

فەرماندەی لیواکان، فەرماندەی میحوەرکان، پێشمەرگە و ئەفسەرانی لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەم سمینارانەدا سودیان بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەرەتای ئەمساڵدا کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور خولێکی تایبەتی لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی سێکسی و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییەکان بۆ ژمارەیەک ئەفسەر و پێشمەرگەی یەکەی جێندەری وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری مەشق و ڕاهێنان بەڕێوەبردووە.

## پشتگیری نێودەوڵەتی

کێلنۆر پانگلونگ جێگری بەرپرسی کۆمیتەی خاچی سوور دڵخۆشی خۆی و پاڵپشتی ڕێکخراوی خاچی سووری بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دووپاتکردەوە و ڕایگەیاند: «لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوام دەبین لە کاری پێکەوەیی و پاراستنی یاساکانی جەنگ، دڵنیاین هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاستی بەرپرسیارێتی باڵادایە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.»

ئەم یاداشتنامەیە زیاتر پەیوەندییەکانی نێوان لایەنەکان بەرەوپێش دەبات و ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ پابەندبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بە ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.

## کۆمیتەی خاچی سوور: ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی

کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەربەخۆیە کە ئەرکەکەی تەواو مرۆییە. ئەم ڕێکخراوە، پارێزگاری لە لێقەوماوانی ناکۆکییە چەکدارییەکان و پاراستنی ژیان و کەرامەتی هاووڵاتیانی سڤیل لە بارودۆخە ناهەموارەکان و دوورخستنەوەیان لە توندوتیژییەکان دەکات. کۆمیتەکە لە ساڵی ١٨٦٣دا دامەزرێنراوە و سێ جار خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەدەستهێناوە (١٩١٧، ١٩٤٤، ١٩٦٣).

## بنەما سەرەکییەکانی کارکردن

کۆمیتەی خاچی سوور لەسەر حەوت بنەمای بنەڕەتی کاردەکات کە لە ساڵی ١٩٦٥دا لە کۆنفرانسی ٢٠ەمی نێودەوڵەتی لە ڤیەنا پەسەند کراون:

**١. مرۆیی (Humanity):** ئامانجی ئەم بنەمایە کەمکردنەوەی ئازارە مرۆییەکان و پاراستنی ژیان و کەرامەتی مرۆڤە لە هەموو شوێنێک. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە تەنانەت لە سەختترین بارودۆخەکانی جەنگ و قەیراندا، دەبێت گرنگی بە کەرامەتی مرۆڤ بدرێت و ڕێگری لە ئازاردان و سکاڵابردن بکرێت. ئەم بنەمایە بنچینەی هەموو چالاکییەکانی خاچی سوورە.

**٢. بێلایەنی (Impartiality):** یارمەتیدان بەبێ هیچ جیاکارییەک لەسەر بنەمای نەتەوە، ڕەگەز، باوەڕی ئایینی، چینی کۆمەڵایەتی یان بیروباوەڕی سیاسی. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە یارمەتی تەنها لەسەر بنەمای پێویستی و ئاستی ئازار دابەش دەکرێت. کەسی برینداری دوژمن هەمان یارمەتی وەک کەسی برینداری هاوپەیمان وەردەگرێت.

**٣. بێلایەنی (Neutrality):** لایەن نەگرتن لە ناکۆکییەکاندا و بەشنەگرتن لە مشتومڕە سیاسی، ڕەگەزی، ئایینی یان ئایدیۆلۆجییەکاندا. ئەم بنەمایە ڕێگە بە خاچی سوور دەدات کە دەستڕاگەیشتنی هەبێت بۆ هەموو لایەنەکان و بتوانێت کارەکەی بکات. بێلایەنی بە مانای بێبەزەیی نییە، بەڵکو ڕێگریکردنە لە هەڵوێستی سیاسی بۆ ئەوەی بەردەوام بتوانێت یارمەتییەکانی پێشکەش بکات.

**٤. سەربەخۆیی (Independence):** کارکردن بە شێوەیەک کە هەمیشە بتوانرێت کارە مرۆییەکان جێبەجێ بکرێن. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە خاچی سوور دەبێت لە حکومەتەکان و هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی، ئابووری، سەربازی یان ئایدیۆلۆجی سەربەخۆ بێت. تەنها بەم



شێوەیە دەتوانێت ڕۆڵی بێلایەنی بگێڕێت.

**٥. خزمەتی خۆبەخشانە (Voluntary Service):** چالاکییەکی خۆبەخشانەیە کە هیچ قازانجێکی دارایی لە پشتەوە نییە. ئەم بنەمایە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کەسانی خۆبەخش و کارمەندانی خاچی سوور بە مەبەستی یارمەتیدان و خزمەتکردن کاردەکەن، نەک بۆ بەدەستهێنانی قازانج یان سوود. ئەگەرچی کارمەندان مووچە وەردەگرن، بەڵام ئامانجەکە مرۆییە نەک بازرگانی.

**٦. یەکیەتی (Unity):** تەنها یەک کۆمیتەی خاچی سوور یان مانگی سوور دەتوانێت لە هەر وڵاتێکدا هەبێت. ئەم بنەمایە ڕێگری لە دووپاتبوونەوە و ناکۆکی دەکات و دڵنیایی لەوە دەکات کە هەماهەنگی و کارایی زیاتر هەبێت. هەروەها ڕێگە بە گەلان دەدات کە بە ئاسانی ناسنامەی ڕاستەقینەی خاچی سوور بناسن.

**٧. گشتگیری (Universality):** بزاڤی نێودەوڵەتی خاچی سوور و مانگی سوور بزاڤێکی جیهانییە کە هەموو کۆمیتەکان یەکسانن. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە هەموو کۆمیتەکانی نیشتیمانی خاچی سوور و مانگی سوور هەمان ماف و هەمان ئەرکیشیان هەیە. ئەم بنەمایە کۆمەڵگەیەکی جیهانی لە یارمەتی و هاوکاری گەلاندا دروست دەکات.

## ئەرکە سەرەکییەکان

کۆمیتەکە چەندین ئەرکی سەرەکی جێبەجێ دەکات:

- سەردانی زیندانەکان و چاودێریکردنی مامەڵە لەگەڵ دیلەکانی جەنگ.
- گەڕانەوەی خێزانەکان و گەڕان بەدوای کەسە ونبووەکان.
- دابینکردنی یارمەتی مرۆیی وەک خۆراک، ئاو و چارەسەری تەندروستی.
- پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە کاتی جەنگ و قەیراندا.
- بەرهەمهێنانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و پەیڕەوکردنی یاساکانی جەنگ.

مۆڵەتە یاساییەکەی لە ڕێککەوتننامەی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆلەکانی پاشبەندی ساڵی ١٩٧٧ سەرچاوە دەگرێت کە ئەم ڕێکخراوەیە تایبەت دەکات بە پاراستن و یارمەتیدانی قوربانیانی جەنگ.

## بنەمای یاسایی

یاداشتنامەی هاوبەشی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆلەکانی پاشبەندی ساڵی ١٩٧٧دا هاوتەریبە. پێشمەرگەش وەک ئەرکی هەمیشەیی خۆی و کاریگەرتر، پارێزگاری لە پرەنسیپە مرۆییە جیهانییەکان دەکات.

وەزیری پێشمەرگە تەکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و بەرپرسیارێتی دایە و هەمیشە لە کاتی شەڕ و ئاشتیشدا پارێزگاری لە خەڵکی سڤیل و لێقەوماوانی جەنگ لە ناوچەکەدا کردووە.

## ئاکامە چاوەڕوانکراوەکان

ئەم یاداشتنامەیە چاوەڕوان دەکرێت ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هێزەکانی پێشمەرگە دەربارەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بگێڕێت. هەروەها دەبێتە هۆی چەسپاندنی کلتووری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لەنێو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا.

بە واژۆکردنی ئەم یاداشتنامەیە، وەزارەتی پێشمەرگە و کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور هەماهەنگییەکانی نێوانیان لە پێناو برەودان و چەسپاندنی بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی فراوانتر دەکەن. ئەمەش نیشاندەری پابەندبوونی هەرێمی کوردستانە بە پەیڕەوکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لە پرۆسەی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکاندا.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# سوپای ئەڵمانیا و پێشمەرگە:

## هاوکارییەکی ستراتیژیی بۆ بەهێزکردنی توانای بەرگریی کوردستان

● ئامادەکردنی: عەمید ستار عەبدولکەریم

کاتێک لە ساڵی ٢٠١٤ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی عێراق و ناوچەکە بوو، هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی لە ٣٢ وڵات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشەیە پێکهات. لە نێو هێزەکانی سەر زەوی کە ڕووبەڕووی داعش بوونەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک قەڵایەکی پۆڵایین ڕاوەستا و بووە سەنگەری یەکەمی بەرگری. ئەم ڕۆڵە قارەمانانەیە بووە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی پتەوی سەربازی لە نێوان پێشمەرگە و هاوپەیمانان، بە تایبەتی ئەڵمانیا کە یەکێک بووە لە پشتیوانە سەرەکییەکانی هێزەکانمان.

پەیوەندییەکانی نێوان سوپای ئەڵمانیا و وەزارەتی پێشمەرگە تەنها هاوکارییەکی کاتی نەبووە، بەڵکو بۆ هاوبەشییەکی ستراتیژیی درێژخایەن گەشەی کردووە. ئەڵمانیا لە ڕێگەی ڕاوێژکارە سەربازییەکانیان لە هەرێمی کوردستان، باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکانیان، هەروەها فەرماندە و سەربازەکانیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، بە بەردەوامی پشتگیری لە پێشمەرگە دەکات.

### ساڵی ٢٠٢٣: سەرەتایەکی نوێ بۆ مۆدێرنکردنی پێشمەرگە

ساڵی ٢٠٢٣ وەرچەرخانێکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوولایەن بوو. حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا بڕیاری دا گرنگییەکی تایبەت بە کەرتی تەندروستی سەربازی بدات، کە یەکێکە لە کەرتە هەستیارەکانی هەر سوپایەک. ناوەندی مەشقی تەندروستی سەربازیی سلێمانی، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری تەندروستیی وەزارەتی پێشمەرگەیە، بووە یەکەمین وێستگەی ئەم هاوکارییە فراوانە.

کەرەستە تەکنۆلۆژییەکانی وەک لاپتۆپ، پرۆجێکتەر، تەختەی سپی ئەلیکترۆنی و ئامێرەکانی پێشکەشکردن، ڕێگەیان بە مامۆستایانی ناوەندەکە دا کە ڕاهێنانی مۆدێرن پێشکەش بکەن. لە لایەکی ترەوە، کەرەستە پزیشکییەکانی وەک پەمپەکانی زەبروزەنگ، مۆدێلی بەشەکانی جەستەی دەستکرد بۆ ڕاهێنان لەسەر نەشتەرگەری نەومۆتۆراکس و مادە پزیشکییەکانی تر، لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕاهێنانی پاراپزیشکەکانمان یارمەتیدەر بوون.

بەڵام گرنگترین دەستکەوت لەم ساڵەدا، دابینکردنی دووربینی شەوانەی پێشکەوتوو بوو. ئەم تەکنۆلۆژیایە کە لەگەڵ تیمێکی ڕاهێنەری پسپۆڕی ئەڵمانی هات، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە توانای ئۆپەراسیۆنی شەوانەی یەکەکانمان دروستکرد. دووربینی شەوانەی سەرکلاو کە بە ڕێژەیەکی باش دابینکرا، توانای بینینی شەوانەی پێشمەرگەی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزکردەوە، کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر لاوازکردنی جموجۆڵی گرووپە تیرۆریستییەکان هەبوو.



فۆتۆ : ڕێکەوت



> ئەم پشتگیرییە نەك تەنها یارمەتی پێشمەرگە دەدات بۆ پاراستنی خاك و خەڵکی کوردستان، بەڵکو پەیامێکی ڕوونیشە بۆ هەموو جیهان کە کوردستان هاوبەشێکی متمانەپێکراوە لە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەکە و لە شەڕی دژ بە تیرۆر و توندوتیژی.

## ساڵی ٢٠٢٤: فراوانبوونی بوارەکانی هاوکاری

ئەگەر ساڵی ٢٠٢٣ تەرکیز لەسەر تەندروستی و تەکنۆلۆژیای سەربازی بوو، ئەوا ساڵی ٢٠٢٤ شایەدی فراوانبوونێکی بێوێنە لە بوارەکانی هاوکاری بوو. لەم ساڵەدا، سوپای ئەڵمانیا دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پرۆگرامێکی هەمەلایەن کە زۆربەی یەکە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی گرتەوە.

یەکێک لە گرنگترین هاوکارییەکان، دابینکردنی ژمارەیەکی زۆری کۆڵەپشتی پڕکراوی تەندروستی بوو. ئەم کۆڵەپشتانە کە بە پێداویستییە پزیشکییەکانی فریاکەوتنی تاکتیکی پڕکرابوون، بە شێوەیەک دیزاین کرابوون کە پێشمەرگە بتوانێت لە مەیدانی شەڕدا خزمەتگوزاریی پزیشکیی خێرا پێشکەش بکات. ئەمە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فریاکەوتنی پزیشکی لەسەر ئاستی تاک و یەکە، جێگرەوەیەکی گرنگ بوو.

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نیشتیمانی، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگە و گەیاندنی دەنگی قارەمانێتییەکانیان بە جیهان هەیە، بەشێکی سەرەکیی لەم پرۆگرامە بوو. کەرەستەکانی وەک کامێرای پرۆفیشناڵ، درۆنی تۆمارکردن، لاپتۆپی بەهێز، بەرنامەی Adobe Photoshop، سکانەر و هارددیسکی دەرەکی، توانای بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی بە کوالیتی بەرزیان پێبەخشی.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، تیمێکی ڕاهێنەری ئەڵمانی بۆ ماوەی چوار هەفتە لە کوردستان مانەوە و خولێکی چڕوپڕی ڕاهێنانیان بۆ کارمەندانی ڕاگەیاندنی هەردوو فرقەی یەک و دوو، هەموو لیواکانی سەربەوان، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە ئەنجامدا. ئەم ڕاهێنانە تەکنیکەکانی بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵ و بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی کاریگەری، فێری بەشداربووان کرد.

لە بواری لۆجستیکدا، چاککردنەوە و چاودێریکردنی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان یەکێک بوو لە گرنگترین پێداویستییەکان. ئۆتۆمبێلەکانی وەک جیپی ئەڵمانی، دینگۆ، نیمۆگ ٢، بارهەڵگری سەربازی و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن، پێویستییان بە چاودێریی بەردەوام و پارچەی یەدەک هەیە. سوپای ئەڵمانیا پاکێجێکی تەواوی جێگرەوە و کەرەستەی چاککردنەوەی دابینکرد، لەگەڵ تیمێکی شارەزا کە بۆ ماوەی چوار هەفتە ڕاهێنانیان بە تەکنیسیەنەکانی پێشمەرگەیان ئەنجامدا.

پرۆژەیەکی تری گرنگ، نوێکردنەوەی سیستەمی کۆگاکان بوو. کۆگای CLV لە هەردوو بنکەی دهۆک و سلێمانی بە سیستەمی ڕەفەی مۆدێرن، سیستەمی بەرزکردنەوەی ئۆتۆمبێل، پێوەری کەشوهەوا و کۆنترۆڵی شێ تەیارکران. ئەم سیستەمە نوێیە نەک تەنها پاراستنی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کەرەستەکانی باشترکرد، بەڵکو کارایی دابەشکردن و بەڕێوەبردنی میرەشی بەرزکردەوە. هەروەها چاککردنەوەی تانکەر بۆ هەردوو بنکەکە ئەنجامدرا کە گرنگییەکی تایبەتی بۆ دابینکردنی سووتەمەنی هەیە.

لە بواری ڕاهێنانی سەربازیدا، بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا سوودی لە چەندین پرۆگرامی ڕاهێنان وەرگرتووە. خولەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی، مەشقی بنەڕەتی سەربازی، ڕاهێنانی فەرماندەیی لەسەر ئاستی فەوج و سریە، هەموویان کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر بەرزکردنەوەی توانای فەرماندەکانمان هەبووە.

جگە لەمە، ئەڵمانیا دەرفەتی خوێندنی دەرەکی لە کۆلێژی سەربازی، کۆلێژی ئەرکان، ئەندازیاریی سەربازی و بەڕێوەبردنی لۆجستیکی بۆ ئەفسەرانی پێشمەرگە دابینکردووە. ئەم دەرفەتانە ڕێگەیان داوە ئەفسەرەکانمان شارەزایی پێشکەوتوو لە بوارەکانی تایبەتمەندی خۆیان بەدەستبهێنن و ئەزموونی نێودەوڵەتی کۆبکەنەوە. لە ئەمساڵیشدا خولی تانک و زرێپۆش لە پێشنیازدایە کە دەتوانێت توانای زرێپۆشی پێشمەرگە بەهێزتر بکات.

## نەخۆشخانەی پێشمەرگە: دیارییەکی بێوێنە

کاتێک باس لە هاوکارییەکانی ئەڵمانیا دەکەین، ناکرێت ئاماژە بە نەخۆشخانەی پێشمەرگە نەکەین کە بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی حکومەتی ئەڵمانیا دروستکراوە. ئەم نەخۆشخانەیە کە ئێستا بە چەندین پسپۆڕییەتەوە خزمەت دەکات و ڕۆژانە نەشتەرگەری تێدا ئەنجامدەدرێت، بووەتە شانازییەک بۆ وەزارەتی پێشمەرگە.

لە کاتی قەیرانی کۆرۆنادا، ئەم نەخۆشخانەیە ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە پاراستنی ژیانی پێشمەرگە و هاووڵاتیان گێڕا. ئێستاش لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان و قوربانیان بەردەوامە. کارامەیی پزیشکە سەربازییەکان و ئاستی خزمەتگوزارییەکان، ئەم نەخۆشخانەیەیان کردووە بە یەکێک لە باشترین ناوەندە تەندروستییەکانی ناوچەکە.

بۆ ساڵی ٢٠٢٥، حکومەتی ئەڵمانیا پلانی دروستکردنی بینای کافتریای نەخۆشخانەی داناوە و بۆ جێبەجێکردنی دەستبەکار بووە. ئەم پرۆژەیە نەک تەنها شوێنێکی گونجاو بۆ پشوودان و خواردن دابیندەکات، بەڵکو دەبێتە نیشانەیەکی تر بۆ پابەندبوونی درێژخایەنی ئەڵمانیا بە پشتیوانیکردنی پێشمەرگە.

## کاریگەری و دەرەنجام

کاتێک سەیری کاریگەری ئەم هاوکارییانە دەکەین، دەبینین کە جگە لە لایەنی مادی، کاریگەریی مەعنەوی و ستراتیژیشیان هەیە. بوونی ڕاوێژکار و تیمە ڕاهێنەرییەکانی ئەڵمانیا لە کوردستان، هەستی هاوبەشی و پشتیوانی نێودەوڵەتی لای پێشمەرگە بەهێز دەکات. ئەمە پەیامێکی ڕوونە بۆ هەموو لایەک کە پێشمەرگە تەنیا نییە و جیهانی ئازاد پشتیوانی دەکات.

لەڕووی ستراتیژییەوە، ئەم هاوکارییانە توانای ئۆپەراسیۆنی پێشمەرگەیان بەرزکردووەتەوە. دووربینی شەوانە توانای شەڕی شەوانەی زیادکردووە، کۆڵەپشتە تەندروستییەکان ژمارەی قوربانیان کەمکردووەتەوە، سیستەمە نوێیەکانی کۆگا بەهێزیی لۆجستیکیان زیادکردووە و ڕاهێنانەکان ئاستی پیشەیی فەرماندە و پێشمەرگەکانیان بەرزکردووەتەوە.

پەیوەندیی نێوان سوپای ئەڵمانیا و وەزارەتی پێشمەرگە نموونەیەکی گەش بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی سەرکەوتووە. ئەم پەیوەندییە کە لە سەنگەری شەڕ دژ بە داعش دەستیپێکرد، ئێستا بۆ هاوبەشییەکی ستراتیژی فرەلایەن گەشەی کردووە کە بەردەوام بەپێی پێداویستییەکانی قۆناغ خۆی نوێدەکاتەوە.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین، هاوکارییەکانی سوپای ئەڵمانیا نیشاندانی پشتگیریی بەردەوامە بۆ هێزی پێشمەرگە. ئەم پشتگیرییە نەک تەنها یارمەتی پێشمەرگە دەدات بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان، بەڵکو پەیامێکی ڕوونیشە بۆ هەموو جیهان کە کوردستان هاوبەشێکی متمانەپێکراوە لە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەکە و لە شەڕی دژ بە تیرۆر و توندوتیژی.



فۆتۆ : کاروان



فۆتۆ : کۆسرەت

# پەرەپێدانی توانای هێزی پێشمەرگە

## لە بواری ئاسایشی نەتەوەیی و ئۆپەراسیۆنی زانیاری

● ئامادەکردنی: فەوزی گۆران

**سەردەمی تەکنەلۆژیا و کاریگەریی هێزە نوێکارییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، پێمان دەڵێن، هاوتەریب بوون لەگەڵ پێشکەوتنەکان و پەرەپێدانی توانایی هێزە ئاسایشییەکان وەک رەوتی گۆڕانکارییەکان، زیاتر لە هەر کاتێک پێویستە. لەم بارەیەوە، وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگی بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک لە خولی پیشەیی تایبەت بە پەرەپێدانی توانای هێزەکانی لە بواری ئاسایشی نەتەوەیی و ئۆپەراسیۆنی زانیاری هەڵگرت.**

### هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ بەهێزکردنی توانای پێشمەرگە

لە چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و هۆشیاریی نیشتیمانی وەزارەتی پێشمەرگە و تیمی راوێژکارانی هێزەکانی هاوپەیمانان، ئەم دەستپێشخەرییە تایبەتە ئەنجام درا. مەبەستی سەرەکی ئەم بەرنامەیە، بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانی پێشمەرگە و ئەفسەران لە دوو بواری گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا بوو.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە ستراتیژییە، بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاریی نیشتیمانی وەزارەتی پێشمەرگە بە هاوکاری لەگەڵ تیمی راوێژکارانی میدیایی هاوپەیمانان و شارەزایانی بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی و سیکیورتی، چەندین خولی تایبەتیان بۆ هێزی پێشمەرگە ڕێکخست.

### خولی یەکەم: سەرەتایەکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەیی

لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٥دا، یەکەمین قۆناغی ئەم بەرنامە گرنگە بە ناونیشانی «ئۆپەراسیۆن و زانیاریی سیکیورتی» دەستی پێکرد. ئەم خولە دوو ڕۆژەیە بەشێوەیەکی هاوبەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاریی نیشتیمانی و تیمی شارەزای راهێنەرانی میدیایی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە ڕێوڕەسمی کراوەی ئەم خولەدا، بەرپرسانی پایەبەرزی وەزارەتی پێشمەرگە و نوێنەرانی هاوپەیمانان ئامادەبوون. لیوا عوسمان محەممەد مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن و هۆشیاریی نیشتیمانی، عەمید شوان مەحمود، جێگری بەڕێوەبەری گشتی، هەروەها کۆلۆنێل نیلس ڤێرهۆف، بەرپرسی تیمی راوێژکارانی هاوپەیمانان

> **لیوا عوسمان محەممەد: هەماهەنگیکردن و ڕێکخستنی ئەم جۆرە خولانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێشخستن و بەرزکردنەوەی توانستی هۆشیاریی هێزی پێشمەرگەدا دەبێت.**

لە هەرێمی کوردستان، ئامادەی مەراسیمی کۆتاییهاتنی خولەکە بوون.

## ناوەڕۆکێکی فراوان و پێشکەوتوو

خولەکە چەند میحوەرێکی گرنگی تری لە خۆگرتبوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە پێداویستییەکانی هاوچەرخی هێزەکانی ئاسایش بوو. لەوانە، بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا لەسەر زانیاریی سیکیورتی، ئاسایشی زانیاری و ئاسایشی ئەلیکترۆنی، هەروەها زانیاریی هەستیار و ڕێوشوێنەکانی بەرپەرچدانەوە لە دژی پروپاگەندە و هەواڵی چەواشە.

گرنگیی ئەم خولە تەنها لە وانە تیۆرییەکان نەبوو، بەڵکو بەشداربووان دەرفەتیان هەبوو پرسیار و سەرنجەکانیان بخەنەڕوو و گفتوگۆی زانستی و بایەخداریان لەگەڵ وانەبێژە شارەزاکان ئەنجام بدەن. ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی کاریگەریی خولەکە و باشترکردنی ئاستی فێربوونی بەشداربووان.

## خولی دووەم: قووڵکردنەوەی زانین و شارەزایی

لە ٦ی ئابی ٢٠٢٥دا، قۆناغی دووەمی ئەم بەرنامە پێشکەوتووە تەواو بوو. ئەم جارە خولەکە چوار ڕۆژی خایاند و بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ پۆلێک لە ئەفسەرانی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی وەزارەتی پێشمەرگە تەرخان کرابوو.

## میکانیزمی فێربوون و پراکتیکی کرداری

ئەم خولە چوار ڕۆژیە بەرنامەیەکی دروستکراو و فراوانی هەبوو. ئەفسەرانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاریی نیشتیمانی و ڕاگەیاندن لە ماوەی ئەم چوار ڕۆژەدا بە وانە تیۆرییەکانی ئۆپەراسیۆنی زانیاری، پراکتیکی کرداری لە بوارەکانی میدیا و میدیای کۆمەڵایەتی، شیکردنەوەی وردی ڕەهەندەکانی کارکردن لە پرۆسەکانی ئەم بوارەدا ئاشنا بوون، هەروەها تاقیکردنەوەی کرداریش، تەواوکاری خولەکە بوو.

لێرەدا دوو کاپتن لە تیمی ڕاوێژکارانی میدیایی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئەرکی وانەگوتنەوە و ڕاهێنانەکانیان گرتەئەستۆ. ئەمەش بۆ گواستنەوەی شارەزایی و ئەزموونی نێودەوڵەتی بۆ لای هێزەکانی پێشمەرگە دەرفەتێکی گرنگ بوو.

## هەڵسەنگاندن و دەرئەنجامەکان

لیوا عوسمان محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، لە وتەیەکی تایبەتدا، سوپاسی ڕاهێنەران و ستافی مامۆستایان و وانەبێژانی هاوپەیمانانی کرد. ئاماژەی بەوەدا کە هەماهەنگیکردن و ڕێکخستنی ئەم جۆرە خولانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێشخستن و بەرزکردنەوەی توانستی هۆشیاریی هێزی پێشمەرگەدا دەبێت.

هەروەها گرنگیی زیادکردنی ئاشنایی



هێزەکان بە زانیارییە پێشکەوتووەکانی ئۆپەراسیۆن و زانیاریی سیکیورتی و پاراستنی ئۆپەراسیۆنەکانی، بە لایەنێکی زۆر گرنگ بۆ سەرکەوتن لێکدایەوە. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم چالاکیانە لەگەڵ ستراتیژیەتی گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە هاوتەریبن.

لە بەشێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکەیدا، لیوا عوسمان بەناوی وەزارەتی پێشمەرگەوە سوپاس و پێزانینی ئاراستەی هاوپەیمانان کرد و ئەم هەماهەنگی و چالاکییە هاوبەشانەی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانانی لە بواری هۆشیاری و میدیادا، وەک هەنگاوێکی بایەخدار وەسفکرد.

## ستایشکردنی ئاست و خواستی بەردەوامی

کۆلۆنێل نیلس ڤێرهۆف، بەرپرسی تیمی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان، لە لایەکەوە ستایشی ئاستی بەرزی ئەفسەرانی بەشداربووی کرد و لە لایەکی ترەوە پاڵپشتی تەواوی تیمی ڕاوێژکارانی بۆ بەردەوامبوون بەم جۆرە خولانە ڕاگەیاند. جەختی لەسەر گرنگیی سوودمەندبوونی زیاتری پێشمەرگە لە سەرجەم ئاستەکان کردەوە و ئەم جۆرە خولانەی وەک پێویستییەکی سەردەم ناساند.

عەمید محەممەد سەدیق، بەڕێوەبەری هۆشیاریی نیشتیمانی، لە وتەیەکدا ڕوونیکردەوە: ئەم بەرنامە و خولانە نموونەیەکی باش و کاریگەریان بۆ هەماهەنگی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەلیکترۆنیدا پێشکەش کردووە. بەردەوامبوونی ئەم جۆرە خولانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانایی پێشمەرگە و ئامادەکردنیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چالاکییە نوێیەکانی ئاسایش لە سەردەمی دیجیتاڵیدا.

لە کۆتایی هەردوو خولەکەدا، بڕوانامەی دەرچوون بە بەشداربووان بەخشرا و دیاری ڕێزلێنان پێشکەش بە وانەبێژان کرا. ئەمەش وەک ئەماژەیەک بۆ ڕێزگرتن و پێزانین بەرامبەر بە ئەم هەوڵە بەنرخەی ڕاوێژکارانی میدیایی هاوپەیمانان دەیدەن و بەردەوامن.

لە کۆتاییشدا، هەموو بەشداربووان و بەڕێوەبەرانی ئەم بەرنامەیە، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی ئەم جۆرە خول و چالاکیانەی تایبەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان بۆ داهاتوو خواست. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانە وەک بەشێک لە ستراتیژیەتی درێژخایەنی پەرەپێدانی توانایی ئۆپەراسیۆنی زانیاریی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەبەرچاو دەگیرێن.

> **”کۆلۆنێل نیلس ڤێرهۆف ستایشی ئاستی بەرزی ئەفسەرانی بەشداربووی کرد و پاڵپشتی تەواوی تیمی ڕاوێژکارانی بۆ بەردەوامبوون بەم جۆرە خولانە ڕاگەیاند.“**


فۆتۆ : کۆسرەت

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# وۆرکشۆپی «ژن، ئاشتی و ئاسایش»

## لە وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەچوو

● ئامادەکاران: موقەدەم زەینب نزار
ڕائد لاوێن نەقشبەندی

لە چوارچێوەی بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان لە بوارە ئەمنی و سەربازییەکاندا، ڕۆژی ١ی ئەیلولی ٢٠٢٥ وۆرکشۆپێکی تایبەت بە بڕیاری ١٣٢٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەچوو.

ئەم وۆرکشۆپە بە پاڵپشتیی، شۆرش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمینداریەتی گشتیی وەزارەت، هەروەها لەسەر داوای کۆلۆنێل لیندا کاپێلا، ڕاوێژکاری سەربازیی هێزەکانی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان و بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەی یەکسانی لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجامدرا.

### بەشداربووان و ئامانجەکان

لەم وۆرکشۆپەدا ٢٦ لە ئەفسەرانی ژن لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە جیاوازەکان، هەروەها نوێنەرانی سەرجەم یەکەکان و فیرقەکانی سەربە وەزارەت بەشداریان کرد.

ئامانجەکانی وۆرکشۆپەکە بریتی بوون لە:

- هۆشیارکردنەوەی ژنان و ئافرەتان دەربارەی جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی کە لە دژیان ئەنجامدەدرێت.
- بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری ڕەگەزی لە شوێنی کاردا.
- دڵنیاکردنەوە لە یەکسانی لە ئەرک و مافەکاندا.
- جەختکردنەوە لە گرنگی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی بڕیارداندا.
- پارێزگاریکردن لە مافی ژنان بۆ بەشداریکردن لە بوارە سەربازی و ئەمنییەکاندا.

### بڕیاری ١٣٢٥و «ژن، ئاشتی و ئاسایش»
### مێژووی دەرکردنی بڕیارەکە

بڕیاری ١٣٢٥ لە ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ناوی «ژن، ئاشتی و ئاسایش» دەرکرا. ئەمە یەکەم بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بوو لەبارەی ژنانەوە کە پاش دەرکەوتنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی جەنگەکان لەسەر دۆخی ژنان دەرچوو.

بڕیارەکە پاش کۆنفرانسی جیهانی تایبەت بە ژنان بوو کە لە ساڵی ١٩٩٥ لە شاری پەکین ئەنجامدرا. لەم کۆنفرانسەدا ژنانی زۆرینەی وڵاتانی جیهان بەشداریان کرد و باسی کاریگەرییە نەرێنییەکانی جەنگ لەسەرئافرەتان و ژنان و بەربڵاوی توندوتیژییە سێکسییەکان بۆ سەریان لەسەر ئاستی جیهان کرا، بەتایبەت لە بۆسنیا و وڵاتانی ئەفریقا.

### ئامانجە سەرەکییەکانی بڕیارەکە

بڕیاری ١٣٢٥ سێ ئامانجی سەرەکیی هەبوو:

١. زیادکردنی بەشداریی ئافرەتان: زیادکردنی بەشداریی ئافرەتان لە پایەکانی بڕیاردان و پرۆسەی بنیاتنانەوەی ئاشتی دوای وێرانکارییەکانی جەنگ و پێکدادان.

٢. کۆتاییهێنان بە جەنگ: کۆتاییهێنان بە جەنگ و دابینکردنی ئاشتی لە

ڕوانگەی یەکسانی ڕەگەزی، نەک لە ڕوانگەی پیاوسالارییەوە، ئەمەش بە بەشداریی ڕاستەقینەی ژنان.

٣. هۆشیارکردنەوە: هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی دەربارەی مافی ئافرەتان و پاراستنیان لە ئاکامەکانی جەنگ.

## هەنگاوەکانی جێبەجێکردن

بڕیارەکە پێنج هەنگاوی سەرەکیی دیاریکردووە:

١. ڕەچاوکردنی ڕۆڵی ئافرەت: ڕەچاوکردنی ڕۆڵی ئافرەت وەک کارەکتەرێکی گرنگ لە چەسپاندنی ئاشتی لەو ناوچانەی کە ڕووبەڕووی شەڕ و جەنگ بوونەتەوە، بەتایبەت پاراستنی ژیانی ئافرەتان لە هەموو ئەو ناوچانەی کە جەنگ ڕووی تێدەکات.

٢. ئاگاداریی هێزە ئاشتی پارێزەکان: ئاگاداردارکردنەوەی هێزە ئاشتی پارێزەکان بە پاراستنی ئافرەتان لە کاتی هەر ناکۆکییەک و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیدا، بەتایبەت دەبێت بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە ئافرەتان بکرێت لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، چونکە زۆرکات لە کاتی جەنگدا ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی دەبنەوە.

٣. دابینکردنی پێداویستییەکان: دابینکردنی هەموو پێداویستییەکی خێرا بۆ ئافرەتان لە کاتی جەنگ و نائارامیدا، وەک خزمەتگوزاریی دەروونی و چارەسەری پزیشکی و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی.

٤. هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداری: هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە هێزەکانی ئاشتیپارێز و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و گرنگیپێدانیان لەم بوارەدا، بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان و پێشخستنی توانایانەوە.

٥. گوێگرتن لە قوربانیان: پێویستە لە کاتی چارەسەری کێشە و ئاڵۆزییەکاندا، گوێ لەو ئافرەتانە بگیرێت کە قوربانیی شەڕ و جەنگ کاریگەریی زۆری لەسەر دروستکردوون، بەجۆرێک دەبێت ئافرەتان لەناو پرۆسەی بڕیاردان ڕۆڵیان هەبێت.

## جێبەجێکردنی بڕیارەکە

بڕیاری ١٨٨٩

بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥، لە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن سکرتاریەتی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بڕیاری ١٨٨٩ دەرکرا کە پێکهاتووە لە چوار بنەمای سەرەکی:

ڕێگریکردن: جەخت لە ڕێگریکردن لەلایەن هێزەکانی ئاشتیپارێزەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی سێکسی و جێندەری دەکاتەوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی چەوسانەوەی سێکسی.

پاراستن: پاراستنی مافەکانی ژنان و باشکردنی ژیانیان لەڕووی تەندروستی جەستەیی و دەروونی، یاسایی، ئاسایشی ئابووری و سەرجەم سێکتەرەکان.

بەشداریکردن: بەشداریکردن و زیادکردنی ژنانە لە ناوەندەکانی بڕیارداندا لە پرۆسەی ئاشتی و دامەزراوەکاندا، هەروەها زیادکردنی ژنان لە پۆستە باڵاکانی ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

دەستپێکردنەوە: دووبارە هاوکاریکردنی ژنان و دابەشکردنی یارمەتی بە یەکسانی بەسەر هەموو ژناندا تا دووبارە دەست بە ژیان بکەنەوە.

## ئاماری جێبەجێکردن

لە کۆی ١٩٢ دەوڵەت، تەنها ١٢ دەوڵەتی ئەندام ئەم هەنگاوانەیان جێبەجێ و کاریان لەسەر بڕگەکانی ئەم بڕیارە کردووە. لە کاتێکدا دەکرا زیاتر کار لەسەر ئەم بڕیارە بکرێت، بەڵام وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە.

## وڵاتانی بەشدار

ئەو وڵاتانەی بەڵێنی جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥یان داوە بریتین لە ٢٦ وڵات لە ئەفریقا، ٩ وڵات لە ئەمریکا، ١٣ وڵات لە ئاسیا و زەریایی هێمن، ٣٥ وڵات لە ئەورووپا، هەروەها ٩ وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەوقاز. عێراق یەکەم وڵاتە لە ناوچەکە کە بەشداری ئەم بڕیارنامەییەی کردووە.

## گرنگی وۆرکشۆپەکە

ئەم وۆرکشۆپە وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ پێشخستنی یەکسانی ڕەگەزی لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە دادەنرێت. هەروەها ڕۆڵی بەرچاو و کارای ژنان لە بوارەکانی ئاشتی و ئاسایشدا پێناسە دەکات.

وەزارەتی پێشمەرگە ڕۆڵی خۆی بۆ بەردەوامبوون لەم جۆرە چالاکیانەدا نیشان دەدات کە مەبەستیان بەرزکردنەوەی ئاست و پێگەی ئافرەت لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندایە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# بەڕێوەبەرایەتیی ئیدارەی کارمەندان ..

## ڕۆڵ و ئەرکە سەرەکییەکان

● ئامادەکردن: هیوا فاتیح
فۆتۆ: کاروان ڕەزا

بەڕێوەبەرایەتیی ئیدارەی کارمەندان، یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کە لە چوارچێوەی ئەرکە ئیداری و کارگێڕییەکاندا کار دەکات، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ساڵی ٢٠١٠ بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری کارمەندانی هێزەکانی پێشمەرگە لە یەکە و لیواکانی سەر بە وەزارەت دامەزراوە. ئەرکەکانی لە جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی کارە یاساییەکان، پلەبەرزکردنەوە، دروستکردنی دۆسیەی کەسی و ناسنامەی سەربازی، هەروەها ڕێکخستنی میلاکات و گواستنەوەی کارمەندان بەپێی فەرمان و ڕێنماییەکانی وەزارەت خۆی دەبینێتەوە.

گۆڤاری «پێشمەرگە» لەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەدا، لەڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوەبەر و ئەفسەرانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، هەوڵ دەدات خوێنەر بە شێوازی کارکردن و میکانیزمی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان ئاشنا بکات.

### ڕۆڵ و ئەرکە سەرەکییەکان

عەمیدی مافپەروەر، عاسف سەبری ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئیدارەی کارمەندان، بۆ گۆڤاری «پێشمەرگە» گوتی «بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ماوەی ١٥ ساڵە دامەزراوە و لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە: بەشی خۆیەتی، میلاکات و گواستنەوە، لەگەڵ ئامار و ئێستا بەهۆی زیادبوونی میلاکی دیوانی وەزارەت و فیرقە و لیواکان، بەشەکانمان گەورەتر و فراوانتر بوون.»

بە ئامانجی زیاتر خزمەتکردن و ڕاییکردنی کاروباری کارمەندانی هێزەکانی پێشمەرگە، بەشەکانیان ڕۆژانە لە یەکشەممەوە تا پێنجشەممە دەوامی فەرمی ئەنجام دەدەن، زۆرجار زیاتر لە کاتی دیاریکراو دەمێننەوە بۆ ئەوەی بتوانن باشتر ئەرک و کارەکانیان جێبەجێ بکەن.

### گواستنەوە و دامەزراندنی کارمەندان

بەڕێوەبەری کارمەندان زیاتر لەسەر کاروباری تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان دوا و ڕوونی کردەوە «لەسەرەتادا هەر کارمەندێکی هێزی پێشمەرگە کە لە یەکەکانی (٧٠) و (٨٠)ەوە بە بڕیار دەگوازرێتەوە سەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ یەکەیەکی جیاواز، دەبێت فەرمانی دامەزراندن، دواپلە و فەرمانی دواموچەی لەناو دۆسیەکەیدا هەبێت. ئێمەش لای خۆمانەوە دۆسیەی تایبەتی بۆ دەکەینەوە و بەشێوازێکی ڕێکخراو ناوی تۆمار و هەموو ڕێکارە ئیدارییەکانی بۆ جێبەجێ دەکەین.»

### پلەبەرزکردنەوەی کارمەندان

دەربارەی بەرزکردنەوەی پلەی کارمەندان، عەمید عاسف ڕایگەیاند «پلەی کارمەندان بە دوو خشتەی جیاواز بەرزدەکرێتەوە، ئەوانیش خشتەکانی نەورۆز لە مانگی ٣ و ئەیلوول لە مانگی ٩ی هەموو ساڵێک. بەپێی شایستەیی ساڵانی خزمەت، لەڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە پلەی کارمەندان لە پلەی سەرباز (جندی) تاوەکو پلەی جێگری ئەفسەر (ن.ض.د/م) دیاری دەکرێت.» گوتیشی:

دواتر تەواوی مامەڵەکانیان بە مەبەستی دەرچوونی فەرمانی پلەبەرزکردنەوەیان بۆ سەرووی خۆمان بەرزدەکەینەوە. دوای دەرچوونی فەرمانی وەزاری، بە شێوەی سی دی و ئەلیکترۆنی گشتاندنیان بۆ دەکرێت. لەگەڵ بەردەوامیی پڕۆسەی چاکسازی لەناو وەزارەتی پێشمەرگە، بەڕێوەبەرایەتیی



موقەدەم / ئیسماعیل محەممەد

ئێمەش لەڕووی کارگێڕی و ئیدارییەوە، بۆ زیاتر بەرەوپێشچوون و بە مۆدێرنکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، لە هەوڵی بەردەوامدایە.

## هاوکاریی هاوپەیمانان و ژمارەی دۆسییەکان

سەبارەت بە هاوکاری و هەماهەنگیی هاوپەیمانان، بەڕێوەبەری ئیدارەی کارمەندان ئاماژەی دا «هێزەکانی هاوپەیمانان، بەتایبەت سوپای ئەڵمانیا، لەڕێگەی نوێنەران و ڕاوێژکارەکانیانەوە سەردانمان دەکەن و زیاتر جەخت لەسەر میکانیزمی ڕێکخستنی میلاکات و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی مامەڵەی پلەبەندی کارمەندان دەکەنەوە.»

عەمیدی مافپەروەر عاسف ئاماژەی بەوەش کرد کە ئێستا زیاتر لە ٨٠ هەزار دۆسیەی کارمەند لایان پارێزراوە کە پێکدێن لە دۆسیەی شەهید، بریندار و خانەنشینکراوان.

## خانەنشینیی پێشمەرگە

بەڕێوەبەری کارمەندان جەختی کردەوە کە کار بە یاسای ژمارە (٣)ی تایبەت بە ڕێکارەکانی خانەنشینکردنی عێراق دەکرێت، لەبری یاسای ژمارە (٣٩)ی هەرێمی کوردستان. کارمەندانی هێزەکانی پێشمەرگە بەپێی تەمەن و تەواوکردنی خزمەتی دیاریکراو خانەنشین دەبن.

هەروەها ئاماژەی بەوەش دا «لە ئێستادا داواکردن بۆ خانەنشینیی ئارەزوومەندانە، بە بڕیاری سەرووی خۆمان بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگیراوە و کاری لەسەر ناکرێت.»

## ڕێکخستنی دۆسیەی کارمەندان

موقەدەم ئیسماعیل محەممەد ڕەسووڵ، جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی کارمەندان، تایبەت بە کار و ئەرکەکانی خۆی گوتی «وەک جێگری بەڕێوەبەر، کار و ئەرکەکانمان ڕۆژانە و زۆر بەباشی و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەردا ڕایی دەکەین. لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەر، من ئەرکەکانی دەگرمە ئەستۆ.»

ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد کە بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی کارەکانیان و بە ئامانجی خستنەڕووی بیرۆکەی باشتر بۆ زیاتر خزمەتکردن، هەفتانە کۆبوونەوە دەکەن. گوتیشی «دەتوانم بڵێم دۆسیەی کارمەندانمان زۆر بەباشی ڕێکخستووە و کەم وەزارەت هەیە وەک ئێمە بەو شێوە ڕێکوپێکە کاری لەسەر دۆسیەی کارمەندانی کردبێت.»

جێگری بەڕێوەبەر لەڕێگەی گۆڤاری «پێشمەرگە»وە داوا دەکات کە بینای بەڕێوەبەرایەتییەکە گەورەتر بکرێت و دەڵێت: «لەبەرئەوەی پەیکەری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان فراوانتر و ئەرکی بەشەکانمان قورستر بووە، پێویستمان بە شوێنێکی گونجاوتر بۆ هەڵگرتن و ئەرشیفکردنی مامەڵەی کارمەندان. شوێنی ئێستامان زۆر بچووکە و ئاستەنگ بۆ کارەکانمان دروست دەکات.»

## میلاکات و گواستنەوە

دەربارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی میلاک و گواستنەوەی کارمەندان، عەقید ڕێکار خەسرۆ، بەڕێوەبەری بەشی پلان و میلاکات، ئەماژەی بە گرنگی و ڕۆڵی بەشەکەیان دا و باسی لەوە کرد کە لەم بەشەدا کارمەندانی هێزەکانی پێشمەرگە لە پلەی سەرباز تاوەکو پلەی جێگری ئەفسەر (ن.ض د/م ) بەپێی پسپۆڕی و ڕشتە لە میلاک و پەیکەری ڕێکخستنی یەکەکان جێ دەکرێنەوە.

## پرۆسەی گواستنەوە

عەقید ڕێکار لە کاتی گواستنەوەی هەر پێشمەرگەیەک لە یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی تر، ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە بەپێی میلاک یاخود بە شێوەی ئاڵوگۆڕ گواستنەوەی ئەنجام بدرێت.



عەمید / عاسف صەبری

هاوکات، پێویستی بە ڕەزامەندیی یەکەکەی خۆی و لاری نەبوونی ئەو یەکەیە هەیە کە بۆی دەچێت، بەپێی فەرمان و ڕێنمایی دەرکراوە، ٣ جار لە ساڵێکدا گواستنەوە ئەنجام دەدرێت، بە خشتەیەکی دیاریکراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و ڕێکخستنی میلاکات دەکرێت، لەبەرئەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەرپەرشتی تەواوی میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات.

## پلانی ساڵانەی ڕێکخستن میلاکات

بەڕێوەبەری بەشی میلاکات و گواستنەوە ڕاشیگەیاند «پلانی ساڵانەی ڕێکخستنی پەیکەری یەکە و لیواکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و ڕێکخستنی میلاکات دادەڕێژرێت و دەنێررێت بۆمان، ئێمەش کار لەسەر ئەو میلاکە دەکەین. لای خۆمانەوە بەسیستەم ڕێکی دەخەین و داخڵی کۆمپیوتەر دەکەین.»

## جێکردنەوە بەپێی پسپۆڕی

عەقید ڕێکار ڕوونی کردووە کە جیا لەوەی هەموومان پێشمەرگەی خاک و گەلی کوردستانین، بەڵام هەوڵی جددیمان داوە کە هەر پێشمەرگەیەک، لە هەر بوارێک شارەزایی و پسپۆڕیەتی هەبێت، لەو یەکانە و بەپێی ڕشتە تایبەتمەند لە یەکەکان دابنرێت. بە نموونە وەک (ڕشتەی کۆمپیوتەر و نووسەری، شۆفێر هتد).

## پلەبەرزکردنەوە و سەرەمووچە

لەسەر شێواز و چۆنیەتی پلەبەرزکردنەوە و سەرەمووچەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



عەقید / ڕێکار خەسرۆ

کارمەندان، موقەدەمی مافپەروەر عامر هاشم ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی پلەبەرزکردنەوەی کارمەندان دەڵێت: کارمەندان بە دوو شێواز پلەیان بەرزدەکرێتەوە: یەکەم بەشێوازی ڕێنمایی بۆ ئەو پێشمەرگە و کارمەندانەیە کە پێشتر پلەیان بەرزکراوەتەوە لە وەزارەتی پێشمەرگە بەلیست و سی دی دێت بۆمان لە یەکە و لیواکان."

## دوو خشتەی پلەبەرزکردنەوە

بە دوو خشتەی جیاواز لە ساڵێکدا پلەبەرزکردنەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەوانیش خشتەی نەورۆز و ئەیلوول و هەر کارمەند یاخود پێشمەرگەیەک بەپێی ئەم دوو خشتەیە بە ساڵانی خزمەت پلەی بەرزدەکرێتەوە، ئەگەر شایستەی پلەبەرزکردنەوە بوو، ئەوە بە لیستێک ناوی بەرزدەکرێتەوە بۆ دەرچوونی فەرمانی وەزاری.

ئاماژەی بەوەش کرد کە پلە بەرزکردنەوە بۆ خاوەن بڕوانامە بەپێی جۆر و پلەبەندی بڕوانامەی شارستانی، پلەی سەربازی بۆ دیاری دەکرێت وەك: بڕوانامەی ناوەندی، پلە نائیب عەریف، بڕوانامەی ئامادەیی، پلەی عەریف و بڕوانامەی دبلۆم، پلەی ڕەئیس عورەفا و بڕوانامەی بەکالۆریۆس، پلە ن.ض د ٨ پێدەبەخشرێت لەسەرەتایی دامەزراندنی کارمەند.

## شێوازی یەکجارە

موقەدەمی مافپەروەر، عامر هاشم ئەحمەد لەبەرەی شێوازی یەکجارە ڕوونی کردەوە «شێوازی دووەم لە پلەبەرزکردنەوە بەشێوازی یەکجارە بۆ ئەو کارمەندانەیە کە لە یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ دەگوازرێنەوە بۆ سەر میلاکی لیوا و یەکەکانی سەربە وەزارەتی پێشمەرگە. پێویستە فەرمانی دامەزراندن و دواپلە و فەرمانی گواستنەوە و دواموچەی هەبێت بۆ ئەوەی دۆسیەی کەسی و کۆدی ناسنامەی بۆ دروست بکرێت و داخڵی خشتەی پلەبەرزکردنەوە بکرێت.»

## سەرەمووچەی ساڵانە

دەربارەی سەرەمووچەی ساڵانە، بەڕێوەبەری بەشی پلەبەرزکردنەوە ئەوەی خستەڕوو: هەر ساڵێک پلە بەرزنەکرێتەوە، ئەوا سەرەمووچە بەپێی پلەبەندی تاوەکو (ن.ض د/م) دەبێتە فەرمان و دەگەڕێتەوە، بەڵام جێگری ئەفسەری نمرە نایاب لەبەرە ئەوەی پلەکەی بەرزناکرێتەوە، ساڵانە سەرەمووچەی زیاددەکریت، دەخرێتە سەر مووچەی بنەڕەتییەکەی. جیاواز لەمانەیش، دۆسیەی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی مەدەنی سەربە وەزارەتمان لایە و مامەڵەی پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێ دەکرێت.

## دۆسیە و ناسنامەی سەربازی

موقەدەم عومەر حەمە ساڵح، بەڕێوەبەری بەشی ئامار ڕایگەیاند «بەشەکەمان پێکهاتووە لە هۆبەی ناسنامە و دۆسیەی کارمەندان و نووسینگە. ئەرکی ئێمە بریتییە لە تۆمارکردن، ڕێکخستن و دروستکردنی دۆسیە و ناسنامەی کارمەندانی هێزەکانی پێشمەرگە.»

باسی کەوەش کرد کە تەواوی دۆسیەی کارمەندانی یەکە و لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە لای ئێمە تۆمار کراون و بە شێوەی کۆدی ناسنامە ژمارەیان پێدراوە. هەڵگرتن و پاراستنیان لە ئەستۆی ئێمەیە و بەشێوازێکی تۆکمە لەڕێگەی کارمەندی دڵسۆز و کامێرای چاودێرییەوە دەپارێزرێن.

سەبارەت بە دروستکردنی ناسنامەی سەربازی، موقەدەم عومەر گوتی «ناسنامەی سەربازی بە کوالێتییەکی بەرز و پرۆفیشناڵ دروست دەکرێت کە ساختەکردنی ئەستەمە. بۆ دروستکردنی، پێویستە دۆسیەی کارمەندەکە تەواو بێت و هیچ کەموکورتییەکی تێدا نەبێت، وەک (نووسراوی یەکەکەی، وێنەی سەربازی، فەرمانی دامەزراندن و فەرمانی دواپلە). دوای دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و دروستیی بەڵگەنامەکان، ناسنامەکە دروست دەکرێت. لەکاتی ونبوونی ناسنامەشدا، ڕێکاری یاسایی لەگەڵ خاوەنەکەی دەگیرێتەبەر و دواتر بە فەرمانی دادوەر، دووبارە ناسنامەی بۆ دروست دەکرێتەوە.»



موقەدەم / عامر هاشم

## ژینگەیەکی گەورەتری کارکردن

بەڕێوەبەرایەتیی ئیدارەی کارمەندان لە وەزارەتی پێشمەرگە وەک بناغەیەکی سیستەمی ئیداریی وەزارەت، ڕۆڵێکی بەرچاو و ستراتیژی دەگێڕێت. سەرەڕای ئەو چالاکی و بەرەوپێشچوونانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا تۆماریان کردووە، گرنگە هەموو لایەنەکان هاوکاریی ئەم هەوڵانە بن بۆ ئەوەی بتوانرێت سیستەمێکی کاراتر و خزمەتگوزارییەکی باشتری لێ بکەوێتەوە کە لە خزمەتی سەرجەم کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگەدا بێت.



موقەدەم / عومەر حەمەد

پێشـــمەرگە
گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

# بەڕێوبەرایەتی پشکنینی وەزارەتی پێشمەرگە:

## چاودێرێکی سیستمیانەی یەکە سەربازی و کارگێڕییەکان

● ئامادەکردن: کاروان فاتح



بەڕێوبەرایەتی پشکنینی گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکان و ڕۆڵێکی بنەڕەتی و چەندلایەنە لە دڵنیابوونەوە لە پەیڕەوکردنی یاسا و کارایی بەڕێوەبردن لە نێو یەکەکانی هێزی پێشمەرگەدا دەگێڕێت.

ئەم بەڕێوبەرایەتییە وەک یەکێک لە بەڕێوبەرایەتییە بنەڕەتییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراوە و ئامانجی سەرەکی، پاراستنی یاساکان و بەرزکردنەوەی ئاستی شەفافییەت و بەهێزکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنە. ئەم دەزگایە بە شێوەیەکی تەواو پرۆفێشناڵ و فەرمی کارەکانی بەڕێوەدەبات و هەموو بوارەکانی دارایی، ئیداری، فەرماندەیی و کارگێڕی لەبەرچاو دەگرێت. بەپێی بەڵگە فەرمییەکان، ئەم بەڕێوبەرایەتییە نەک تەنها ڕێگری لە هەڵە و کەموکوڕییەکان دەکات، بەڵکو ڕۆڵی یارمەتیدەر لە بەرەوپێشبردنی سیستەمی بەڕێوەبردندا دەبینێت، هەروەها چارەسەری پێویست بۆ یەکە کارگێڕییەکان دیاریدەکات و بەرپرسیاریتی بۆ هەموو ئاستەکان دەگێڕێتەوە. ئەرکی پشکنین هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخەیە کە هەیە، ئەم دەزگایە هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمی بەڕێوەبردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیاریتی لە یەکەکاندا دەدات.

### سیستەمی چوار ئاستەی پشکنین

سیستەمی پشکنین لە چوار بەشی سەرەکی و تایبەت پێکدێت کە هەریەکەیان ئامانج و پرۆسەی خۆی هەیە. یەکەم ئاست، پشکنینی فێرکارییە کە وەک بنەڕەتیترین قۆناغی پشکنین دادەنرێت. لەم قۆناغەدا تیمی شارەزای پشکنەران سەردانی یەکەکان دەکەن و بەپێی بنەما سەربازییەکان و تۆمارە سەربازییە دیاریکراوەکان کە وەزارەتی پێشمەرگە بە سودوەرگرتن لە وەزارەتی بەرگریی عێراق، بنەماکانی پشکنینی داڕشتووە و کاری لەسەر دەکات. هەر بەشێک و یەکەیەک وەک ئیدارە، گەیاندن، ئۆپراسیۆن، هەواڵگری، تەندروستی و پێشمەرگە بنەمای تایبەتی خۆی هەیە کە پشکنەران بەپێی تۆمارەکان، شێوازی پڕکردنەوەی تۆمارەکان و بەپێی ئەرکی هەر ئەفسەرێک، فێرکاریی و ڕێنماییەکان پێشکەش دەکەن.

بۆ ساڵی ٢٠٢٥ پشکنینی فێرکاری بە شێوەی تەواو بۆ پێنج یەکەی گرنگ ئەنجام دراوە کە بریتین لە: فرقەی چواری پیادە لە مانگی نیسان فێرکردنی بنەماکانی ڕێکخستنی سەربازی، تۆماری کارمەندان و سیستەمی راپۆرتی گرتووەتەوە، بەسەرکردنەوەی کاروباری ئیداری سلێمانی لە مانگی نیسان تایبەت بووە بە کاروباری ئیداری، دارایی، مووچە و دەسەڵات. فرقەی سێیەمی پیادە لە مانگی ئاب کە پشکنینی تەواوی ڕێکخستنی فرقە و یەکە پێکهاتووەکانی گرتووەتەوە. بنکەی کاروباری ئیداری دهۆک لە مانگی ئاب بە تایبەتی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنی کارگێڕی و ئیداری و بنکەی مەشقی دهۆک لە هەمان مانگ کە تایبەت بە ڕاهێنان، هەڵسەنگاندن و بەرنامەی فێرکاریی سەربازی بووە.

دووەم ئاست پشکنینی تاقیکارییە کە لەم قۆناغە گرنگەدا، پشکنەران بۆ جاری دووەم و دوای پشکنینی فێرکاری، سەردانی ئەو یەکانە دەکەنەوە کە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



پێشتر ڕێنمایی و فێرکردنیان بۆ کراوە. مەبەست لەمە، تاقیکردنەوەی ئەوەیە کە ئایا ئەو ڕێنماییانەی پێشتر پێیان دراوە هەموویان وەک خۆی و بەپێی ستاندارەدەکان جێبەجێ کراون یان نا. ئەمە پرۆسەیەکی وردبینانە و تەکنیکیانەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی کارایی و دڵنیابوونە لە گواستنەوەی زانیاری و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان. بۆ ساڵی ٢٠٢٥ ئەم جۆرە پشکنینە بۆ سێ یەکە ئەنجام دراوە کە بریتین لە، لیوای شەشی پیادە لە مانگی حوزەیران بۆ تاقیکردنەوەی جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانەیە کە پێشتر فێرکراون. بنکەی مەشقی سلێمانی لە مانگی ئایار بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامەی ڕاهێنان و کارایی کارکردنیان. بنکەی مەشقی کەرکووک لە مانگی ئایار بەسەرکراوەتەوە بۆ پشکنینی سیستەمی هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنی بەرنامەی مەشقی سەربازی.

سێیەم ئاست پشکنینی بەدواداچوونە کە لە قۆناغی سێیەم و کۆتاییدا پشکنەران بۆ جاری سێیەم دەچنەوە یەکەکان. لەم قۆناغەدا نە فێرکردن دەکەن و نە تاقیکردنەوە، بەڵکو بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی کۆتایی دەکەن و نمرە لەسەر کارەکانیان دادەنرێت لەوەی تا چەند لە جێبەجێکردنی بنەماکانی پشکنین سەرکەوتوون و چەند پلەی کارایی و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانیان هەیە. بۆ ساڵی ٢٠٢٥ ئەم جۆرە پشکنینە بۆ چوار لیوا ئەنجام دراوە کە بریتین لە لیوای بیست و چواری پیادە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆتایی و دانانی نمرەی کارایی، لیوای بیست و هەشتی پیادە بۆ بەدواداچوونی هەموو بەشەکان، لیوای سی پیادە بۆ پشکنینی پیادەکردنی کۆی بەرنامەی کارەکانییان و لیوای بیست و شەشی پیادە بۆ هەڵسەنگاندنی گشتی و تۆمارەکانیان.

چوارەم ئاستی پشکنیین، پشکنینی لەناکاوە کە جۆرێکی تایبەتی پشکنینە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بێ ئاگاداری پێشوەختە ئەنجام دەدرێت. لەناکاو یەکەیەک دیاری دەکرێت جا فرقە بێت، لیوا یان فەوجێک کە پشکنینی تەواوی بۆ دەکرێت. هەرچەندە لەناکاو بێت، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە پێشتر ئاگادار دەکرێتەوە لە پشکنینی ئەو یەکەیە و پشکنەران هەموو لایەنەکان دڵنیا دەکەنەوە کە بریتییە لە ئامادەبوونی پێشمەرگە، تۆمارەکان، فەرمانەکانی بەشی یەک و دووی یەکەکە، تۆماری ئەفسەری ئێشگر، لیستی ئازووقە، چەک و ئامێر، بارگاکان و هەموو پێداویستییەکانی دیکە. بۆ ساڵی ٢٠٢٥ ئەم جۆرە پشکنینە بۆ دوو لیوا ئەنجام دراوە کە بریتین لە لیوای هەشتی پیادە و لیوای بیست و یەکی پیادە بۆ پشکنینی تەواوی لەناکاو و چاودێری بێ ئاگاداری، هەڵسەنگاندنی کاراییان بۆ کراوە.

## ئامانجە ستراتیژییەکان

بەڕێوبەرایەتی پشکنین پێنج ئامانجی سەرەکی و ستراتیژی لەبەرچاو دەگرێت کە یەکەمیان بەڕێوەبردنی دارایی و سەرچاوەکانە. ئەمەش بریتییە لە دڵنیابوون لە بەکارهێنانی ڕاست و بەپێی یاسا بۆ بەکارهێنانی سامان و سەرچاوە داراییەکان کە چاودێریی خەرجی، بەڕێوەبردنی بودجە، کڕین و فرۆشتن، مووچە و مافەکان، هاوردە و ناردن، بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازەکان دەگرێتەوە. دووەمیان پشکنینی سیستەم و ڕێکخستنەکانە کە بریتییە لە بەدواداچوونی کار و بەرنامەکانی بەڕێوەبردنی یەکەکان و فەرماندەییەکان بۆ پاراستنی پەیڕەوی کارکردن و وەدیهێنانی راستی و دروستی لە کار و ڕێکخستنەکان، جگە لەمەش، چاودێریکردنی ڕێکخستنی سەربازی، زنجیرەی فەرماندەیی، بەڕێوەبردنی کارگێڕی و سیستەمی راپۆرت دەگرێتەوە.

سێیەمیان ڕێگری لە هەڵە و گەندەڵییە کە ئامانجەکە ئەوەیە لە ڕێگەی پشکنین و هەڵسەنگاندنی بەردەوام، هەڵە و هەموو جۆرە گەندەڵی دارایی و ئیداری دەستنیشان بکرێن و چارەسەری گونجاو و کارگێڕی بۆیان پێشنیاز بکرێت. چوارەمیان بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیاریتییە کە بە پێشکەشکردنی راپۆرتی دروست، ورد و کاریگەر، بۆ



ئەوەی یەکە و بەرپرسان بە شێوەیەکی باش بۆ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریتی و ڕوونکردنەوەی کارەکانیان لەبەردەم ئاستە باڵاکانی وەزارەتدا ئامادەبن. پێنجەمیان پێشنیازکردنی چارەسەری کارگێڕییە کە بەڕێوبەرایەتی پشکنین تەنها کار بۆ دەستنیشانکردن و بەرزکردنەوەی کێشەکان ناکات، بەڵکو چارەسەری یاسایی، فەرمی و پرۆفێشناڵیش بۆ یەکەکان دابین و ڕێنمایی بۆ باشترکردنی کارایی کارکردنیان پێشکەش دەکات.

## بوارەکانی پشکنین

پشکنین هەموو بەشە گرنگەکانی وەزارەت و یەکەکانی دەگرێتەوە کە لە چەند بواری سەرەکی پێکدێت. لە بواری دارایی پشکنینی هەموو بەشە دارایی و تێچووی بۆنە و خەرجییەکان، چاودێریی بودجە و خەرجی دارایی، هەڵسەنگاندنی سیستەمی ژمێریاری و پشکنینی کڕین و دابەشکردن لەخۆدەگرێت. لە بواری کارگێڕی، هەڵسەنگاندنی دۆخی کارگێڕی و بەکارهێنانی کارمەندانی فەرمی، پشکنینی سیستەمی مووچە و مافەکان و چاودێریی ئامادەبوون و ئەرک جێبەجێکردن دەگرێتەوە. لە بواری یاساییش، پشکنینی یەکە و لیواکان بۆ دڵنیابوونە لە کاروباری کارگێڕی بە شێوەیەکی یاسایی و جێبەجێکردنی ڕێنمایی و بنەما یاساییەکانی وەزارەت لەخۆدەگرێت.

هەروەها لە بواری پەیوەندییەکان، دڵنیابوونە لە پەیوەندیی نێوان یەکەکان بە شێوەیەک کە تەندروست بەڕێوەدەچێت و چاودێریی زنجیرەی فەرماندەیی دەگرێتەوە، هەروەها ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی بەڕێوبەرایەتی پشکنین بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەم بارەیەوە بەرزدەکرێتەوە.

## گرنگی ستراتیژی و زنجیرەی ڕاپۆرتکردن

بەڕێوبەرایەتی پشکنین وەک یەکەیەکی بنەڕەتی و ستراتیژی بۆ پاراستنی شەفافییەت و دروستی لە پیادەکردنی سیستەمیانە لە تەواوی وەزارەتی پێشمەرگە کاردەکات و بە شێوەیەکی هەمەلایەنە ڕۆڵی ئەوەیە پارێزگاری لە یاساکان بکات و دڵنیاکەرەوەی دروست بەڕێوەبردنە لە دامەزراوەی سەربازیدا. ئەم بەڕێوبەرایەتییە نەک تەنها کار لە دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان دەکات، بەڵکو فەرماندە و بەرپرسانیش بە شێوەیەکی ڕوون و بەرپرسیارانە لەسەر کارەکانیان دەخاتە ژێر چاودێرییەوە. دوای پشکنینی یەکەکان، ڕاپۆرتەکان ڕاستەوخۆ بەرزدەکاتەوە بۆ نووسینگەی وەزیر، بریکاری وەزارەت، سەرۆکایەتی ئەرکان و ئەمینداریەتی گشتیی وەزارەت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم بەڕێوبەرایەتییە ڕۆڵێکی گرنگ و ستریتیژی لە وەزارەتی پێشمەرگەدا دەگێڕێت.

## نوێکاری تەکنەلۆژی و دیجیتاڵیکردن

یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەم بەڕێوبەرایەتییە، بەئەلیکترۆنیکردنی سیستەمی پشکنین و کاروباری کارگێڕییە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەموو کاروباری تۆمارەکان بە شێوەی دیجیتاڵ ڕادەپەڕێنرێن، ڕاپۆرتەکان بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی ئامادەدەکرێن و دەنێردرێن، سیستەمی چاودێری و بەدواداچوون بە تەکنەلۆژیای نوێ پشتگیری دەکرێت و هەموو داتاکانی پشکنین بە شێوەیەکی سیستماتیک هەڵدەگیرێن. ئەمە کارایی کارکردنی زیاتر کردووە، کات و وزەی کەمتری پێویستە، وردبینی زیاتر بۆ هەموو پرۆسەکان دابیندەکات کە کردوویەتی بە نموونەیەک بۆ دامەزراوە فەرمییەکانی دیکە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




# نەخۆشخانەی پێشمەرگە:

## ٢٢ هەزار نەخۆش لەسەرەتای ئەم ساڵەوە چارەسەریان بۆ کراوە

ئامادەکردن: گۆران ڕەشید
فۆتۆ: کاروان ڕەزا

نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە ماوەی دروستبوونیدا وەک یەکێک لە پێشەنگترین دەزگاکانی خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی لە کوردستان ناسراوە. ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بۆ پێشمەرگە و خێزانەکانیان بە بێ بەرامبەر، لەگەڵ ئەوەدا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەرفراوان خزمەتی گشتی نەخۆشان دەکات. ئەم نەخۆشخانەیە لە ماوەیەکی کورتدا توانیویەتی پێگەیەکی باوەڕپێکراوی فەرمی و زانستی بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات. ئەو خزمەتگوزارییانەی دەکرێن لە ناو نەخۆشخانەکەدا، تەنها چارەسەری نەخۆشییە ئاساییەکان نییە، بەڵکو سیستەمێکی تەواو بۆ پاراستنی ژیان و تەندروستی دابین دەکات.

### ئامارێکی بەرچاو لە ٩ مانگدا

لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا مانگی ئەیلول، بیست و دوو هەزار و چوار سەد و سی نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردووە. لەم ژمارەیە دە هەزار و حەوت سەد و بیست و حەوت نەخۆش کەسوکاری پێشمەرگە بوون و یانزە هەزار و حەوت سەد و چوار نەخۆش پێشمەرگە بوون.

### بەشە تایبەتەکان و خزمەتگوزارییەکان

نەخۆشخانەی پێشمەرگە بەشە تایبەتە جیاجیاکان دەگرێتەوە کە هەریەک بە ئامادەبوونی پزیشک و کادرە شارەزاکان بەردەوام خزمەت دەکەن. بەشی ڕاوێژکاری هەناوی ئەم نەخۆشخانەیە بەکارهێنانی ئامێری نوێ بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان لە خزمەت نەخۆشەکاندا دەبێت و لەم ماوەیەدا چوار هەزار و سێ سەد و نەود و شەش نەخۆش سەردانی ئەم بەشەیان کردووە.

بەشی ڕاوێژکاری دڵیش بە هەبوونی ئامێری نوێی تاقیکردنەوە توانای چارەسەری نەخۆشەکانی هەیە و دوو سەد و سی و چوار نەخۆش سەردانی ئەم بەشەیان کردووە. بەشی ڕاوێژکاری چاو و گوێ چارەسەری تایبەتی بۆ کێشەکانی بینین و بیستن دەکات، کە یەک هەزار و پێنج سەد و هەشتا و هەشت نەخۆش سەردانی ئەم بەشەیان کردووە و چارەسەریان وەرگرتووە. بەشی ڕاوێژکاری پێست لە سەرەتای ئەمساڵەوە حەوت سەد و سی و نۆ نەخۆشی پێشوازی لێکردووە. بەشی ددان بە هەبوونی ئامێری نوێ و پێشکەوتوو لە خزمەت نەخۆشەکاندایە و حەوت سەد و پەنجا و پێنج چارەخواز سەردانیان کردووە.



بەشی ڕاوێژکاری نەشتەرگەری گشتی نۆ سەد و پەنجا و هەشت نەخۆشی بینیوە، کەچی بەشی ڕاوێژکاری گورچیلە یەک هەزار و نۆ سەد و حەفتا و پێنج نەخۆشی وەرگرتووە. بەشی ڕاوێژکاری مێشک و دەماریش دوو سەد و بیست و شەش نەخۆش پێشوازی لێکراوە، بەشی ڕاوێژکاری ئافرەتان شەش سەد و نەود و چوار نەخۆش و بەشی ڕاوێژکاری منداڵان سەد و چل و پێنج نەخۆشی وەرگرتووە. لە بەشە قورسەکانی ئەم نەخۆشخانەیەدا بەشی ڕاوێژکاری ئێسک و شکان سێ هەزار و شەست و دوو نەخۆش و بەشی پزیشکی نیشتەجێی گشتیش حەوت هەزار و شەش سەد و پەنجا و هەشت نەخۆشی بینیوە.

## تاقیکردنەوەی پێشکەوتوو بە ئامێری نوێ

بەشی تاقیگە، تیشک و سۆناری نەخۆشخانەکە بە نوێترین ئامێرە زانستییەکانی بۆ دابین کراوە. ئەم بەشە توانایەکی بەرزی هەیە لە دیاریکردنی خێرا و ورد بۆ نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان، کە لە کۆتاییدا یارمەتیدەر دەبێت بۆ دیاریکردنی چارەسەری گونجاو. لەم ماوەیەدا پێنج هەزار و سێ سەد و حەفتا و هەشت نەخۆش سەردانی بەشی تاقیگەیان کردووە و پشکنینیان بۆ ئەنجام دراوە و پێنج سەد و بیست و یەک نەخۆشیش تیشک و سۆناریان بۆ ئەنجام دراوە.

## دابینکردنی دەرمان بۆ نەخۆشی درێژخایەن

لە سەرەتای ئەمساڵەوە پێنج هەزار و دوو سەد و پانزە نەخۆش سەردانی دەرمانخانەی نەخۆشخانەی پێشمەرگەیان کردووە و دەرمانی پێویستیان وەرگرتووە. هەروەها حەوت سەد و پەنجا نەخۆش دەفتەری چارەسەری مانگانەیان بۆ کراوەتەوە کە مانگانە دەرمان و پێداویستییەکان لە کاتی خۆیدا وەردەگرن. ئەمانیش بریتین لە پێشمەرگە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە.

## نەشتەرگەری و فریاکەوتنی ٢٤ کاتژمێری

لە نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە سەرەتای ئەمساڵدا سەد و نەود و چوار نەشتەرگەری سەرکەوتوو ئەنجام دراوە. هەروەها بەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانە بە بەردەوامی بەردەستە بۆ نەخۆشەکان. بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە کە بە شێوەی بیست و چوار کاتژمێری کراوەتەوە، لە سەرەتای ئەمساڵەوە پێشوازی لە هەزار و چوار سەد و بیست و شەش نەخۆش کردووە. هەروەها شەش ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بە بیست و چوار کاتژمێری لە ئامادەباشیدان بۆ هەر ڕووداوێکی نەخوازراو.

## پلانی داهاتوو بۆ چارەسەری سروشتی

بڕیارە نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە ماوەیەکی نزیکدا بەشی چارەسەری سروشتی بکاتەوە، کە یەکێک دەبێت لە بەشە گرنگەکانی نەخۆشخانەی پێشمەرگە. ئەم بەشە بە تایبەتی بۆ پێشمەرگە بریندارەکان کە لە شەڕدا تووشی پێکان دەبن پێویستییان بە چارەسەری سروشتی و چارەسەری تایبەتییە، بەمەش دەتوانن بە شێوەیەکی باشتر درێژە بە ژیان بدەن.

## لایەنی زانستی و توێژینەوەی تەندروستی

نەخۆشخانەکە تەنها شوێنێکی چارەسەری نەخۆش نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی فەرمی پشتی بە توێژینەوەی پزیشکی و چالاکیە زانستییەکان بەستووە. لەگەڵ ئەوە پەیوەندیەکی نزیکی هەیە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و نەخۆشخانە و زانکۆکانی تر بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانس و وەرگرتنی ئەزموونی نوێ. ئەمە هۆیەکە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و بەهێزکردنی کارە پزیشکییەکان. لەگەڵ خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان، نەخۆشخانەی پێشمەرگە بە شێوەیەکی چالاک دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هۆشیاری پێشمەرگە لەسەر گرنگی پاراستنی تەندروستی. بە هەوڵەکانی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بە بێ بەرامبەر بۆ پێشمەرگە و کەسوکاریان و بەکارهێنانی ئامێری نوێ، توانیویەتی یەکێک بێت لە شوێنە باوەڕپێکراوەکان بۆ خەڵک.

بەپێی ئەو پێکهاتانەی باسکران، نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە هەمان کاتدا شوێنێکی چارەسەری نەخۆش، بنکەیەکی توێژینەوەی زانستی و جێگرێکی بەهێز لە پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە. بەم هۆیەوە دەتوانرێت بڵێین نەخۆشخانەی پێشمەرگە تەنها نەخۆشخانەیەک نییە، بەڵکو بنکەیەکی ستراتیژیە بۆ خزمەت و پاراستنی ژیان.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## دەروازەیەك بۆ
## شرۆڤەی ڕووداوەکان



# دۆسیەی ژمارە

## بیری توندڕەوی

لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە دونیا گەواهی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بواری تەکنۆلۆژیا، ئابووری و کۆمەڵایەتیدایە، کۆمەڵگەکانمان ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی نوێ و مەترسیدار بوونەتەوە، بەرەوپێشچوونی بیری توندڕەوی و پەرەسەندنی ڕەفتارە شەڕانگێزانە، ئەم دیاردەیە کە پێشتر وەک دیاردەیەکی دزێو و دەگمەن دەردەکەوت، ئەمڕۆ بووەتە بەشێکی تراژیدی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤایەتیدا.

ئەوەی ئەم بابەتە تایبەت دەکات ئەوەیە کە توندڕەوی تەنها کردەوەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە،کە ڕەگی قووڵی لە سیستەمە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، لە خێزانەوە تا قوتابخانە، لە میدیاوە تا دامەزراوە ئایینییەکان، لە سیاسەتەوە تا ئابووری - هەموو بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر ئەم دیاردەیە هەیە و هەروەها کارلەیەکتردەکەن.

ئەوەی قەیرانەکە قووڵتر دەکاتەوە، ئەوەیە کە توندڕەوی وەک پەتایەکی کلتووری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، منداڵێک کە ئەمڕۆ لە ژینگەیەکی توندڕەوانە بێت، سبەینێ لەوانەیە خۆی بێتە جێبەجێکەری ئەو ڕەفتارە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی خولانەوەیەکی بێ کۆتایی لە ئازار و ململانێ.

ئەوەی هیوا بەخشە ئەوەیە کە بە شیکردنەوە و تێگەیشتنی زانستییانە لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە، دەتوانین ڕێگاکانی چارەسەری بدۆزینەوە، زانستی کۆمەڵناسی و دەروونزانی ئەمڕۆ توانیویانە ڕۆشنایی بخەنە سەر ئەو هۆکارە ئاڵۆزانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی بیری توندڕەوی، هەروەها ڕێگە گونجاوەکانی چارەسەریش لەم بارەوە پێشنیاز بکەن.

گۆڤاری پێشمەرگە لەم تەوەرەدا کۆمەڵێک دید و بۆچوون دەخاتە ڕوو بۆ ئاشناکردنی خوێنەرانی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی بیری توندڕەوی کاریگەریە نەرێنییەکانی لەسەر کۆمەڵگا و ئایندەی ژیانی نەوەکانمان .


بیری توندڕەویی لەڕوانگەی ئایینەوە هۆکار و چارەسەر

بیری توندڕەویی، ژینگەی گەشەکردن و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوە

لە هەڵگرتنی چەکەوە بۆ پەرەپێدانی فیکریی

# بیری توندڕەویی لەڕوانگەی ئایینەوە

## هۆکار و چارەسەر

● مەلا محەممەد بالیسانی



پێناسەی توندڕەویی لە تێڕاونینی (ابن مەنزور)دا واتە «نەمانی مرۆڤ لەسەر یەک هێڵی ئاسایی کە نەتوانرێت کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتەکانی بکرێ»، بەڵام (فەیومی) دەڵێت: هەڵسوکەوتێکە بەڕادەیەک توندوتیژە تا دەگاتە دەرچوون لە سنووری ڕاستی و مرۆڤبوون.

پێناسەی توندڕەویی لەڕووی زاراوەدا، بریتییە لەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری توند لە نێوان تاک یان دووگرووپی دژبەیەکدا. هەروەها خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لاَ تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلاَ تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيرًا وَضَلُّوا عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ [ المائدة: ٧٧]، واتا لە ئاییندا توندڕەوی و سنووربەزێنی مەکەن.

نموونەی توندڕەوی لە قورئاندا هاتووە. قورئانی پیرۆز چەندین نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە:

**چیرۆکی قابیل وهابیل:** کە یەکەمین کوشتنی مرۆڤە بە دەستی مرۆڤ کە ئەوەش دواقۆناغی توندڕەوییە. ﴿ وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الآخَرِ قَالَ لأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ﴾ مائدە ٢٧، یەکەمین تیرۆر و بیری توندڕەوی بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە قابیل هابیلی برای تیرۆرکرد.

**چیرۆکی فیرعەون و بیری توندڕەوی**

فیرعەونەکان لەڕوانگەی ئایینی و ئابووری و سیاسییەوە بە یەکەمین دیکتاتۆر دادەنرێن، چونکە جگە لە بیری توندڕەوی، کوشتن بە کۆیلە و بە سەبایەکردن پیشەی فیرعەون و ئالی فیرعەون بوونِ ﴿ إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلاَ فِي الأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِّنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ﴾ سورة القصص(٤)

**چیرۆکی یارانی چاڵە ئاگرینەکە**

ئەمەشیان بەشێکە لە تیرۆر و تۆقاندن و توندڕەوی (لە کۆندا پادشایەک هەبوو سیحربازێکی پیری هەبوو. سەحربازەکە منداڵێکی لە پادشا داوا کرد بۆ فێرکردنی سیحر. لە ڕێگادا منداڵەکە ڕاهیبێکی خواناسی بینی و لێی فێربوو. منداڵەکە تاقی کردەوە کە کامەیان باشترە - ڕاهیب یان سەحرباز. بەردێکی فڕێدا بە ئاژەڵێکی گەورە و بە ناوی خوا کوشتی. ڕاهیبەکە پێی گوت، ئێستا لە من باشتری و خوا توانای شیفادانی پێداوە.

یەکێک لە نزیکانی پادشا کە نابینا بوو چووە لای منداڵەکە. منداڵەکە پێی گوت کە خوا شیفا دەدات نەک ئەو. پیاوەکە باوەڕی هێنا و چاوەکانی چاک بوونەوە.

کاتێک پادشا زانی، سێ جار هەوڵی دا منداڵەکە بکوژێت (لە چیا و دەریا)، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. منداڵەکە بە پادشای گوت، تەنها یەک ڕێگا هەیە بۆ کوشتنی. بە تیر لێی بدات و بڵێت «بە ناوی پەروەردگاری ئەم منداڵە».

پادشا ئەمەی کرد، منداڵەکە مرد، بەڵام خەڵک هەمووی باوەڕیان بە خوا هێنا. پادشا تووڕە بوو و فەرمانی دا ئەوانەی باوەڕیان نەهێنن، بە ئاگر بسووتێنن. لە کۆتاییدا دایکێک و منداڵە ساواکەی کوژران، بەڵام پێداگریان لەسەر باوەڕی خۆیان کرد.) دواتر، نموونەی سەرهەڵدانی خەواریج و ئەو هەموو کۆمەڵکوژیانەی ڕویاندا بە ناوی ئایینەوە کە ئایین لێیان بێبەرییە، هەروەها کۆمەڵکوژی (٧٠) سەحابەی پیغەمبەر و ئیمام حسین ساڵی (٦٨١ز) نموونەی دیاری توندڕەوین.

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی

زانینی ڕەگ و ڕیشەی بیری توندڕەوی و هۆکارەکانی زۆر گرنگن بۆ ئەوەی موسڵمانان لەلایان ڕوونبێتەوە کە ئایین دژی بیری توندڕەوییە، حاکمییەت تەنها بۆ خوایە و لێپرسینەوەش تەنها لە ڕۆژی دواییە بە سزا و پاداشتەوە، هەروەها هۆکارەکانیش زۆرن بەشێکیان فیکرین یان سیاسی یان ئابوورین یان پەروەردەیین کە بنەمایە بۆ بنیادنانی ژیانی کۆمەڵگە.

بەشێک لە هۆکارەکان پەراوێزخستن وبەدەمەوە نەهاتنە. هەرلە دوای وەفاتی پێغەمبەر(د.خ) کێشە لە سەر خەلافەت هەبووە، ئایا کێ شایستەیە ببێ بە خەلیفە و یەکەمین جێنشینی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت. ئەم کێشەیە سەری هەڵدا و تەشەنەی سەند، تا کار گەیشتە کوشتن و تیرۆرکردن، بووە هۆی شەهید بوونی بەشێک لە خولەفای ڕاشیدین، لەلایەن کەسانی توندڕەو. دواترشەڕی نێوان یەزید و(ئیمام حسین)ی بەدواداهات.

### نەبوونی شورا و پرس و ڕا

خوای باڵادەست دەفەرموێت ﴿ وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلاَةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴾



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

سورة الشوری ٣، لەهەرکۆمەڵگایەک پرس و ڕا و دەنگدان وهەڵبژاردن نەبوو، ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو بیری توندڕەوی و تیرۆر دەچێت و تا لە لەبەریەکتر هەڵوەشانەوە و لەناوچوون دەڕوات.

## پەروەردەکردن

ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە خۆمان و ڕۆڵەکانمان بەشێوازێکی دروست لە سەر ڕێگای جوانی ئیسلام لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و زانست پەروەردە بکەین ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ سورة الزمر ٩

## بەرتەسککردنەوەی گفتوگۆ

بەرتەسککردنەوەی گفتوگۆ و سەرسەختی، هۆکارێکی ئاشکرایە بۆ توندڕەوی و داخستنی دەرگای دیالۆگ. ئەوەی خوای گەورە پێمان دەڵێت پێچەوانەی ئەوەیە کە لەژیانی موسڵمانانی ئەمڕۆدا دەگوزەرێت، وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

﴿ ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ۖ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾
سورة النحل ١٢٥

## هۆکاری ئابووری:

بیری توندڕەوی لەو کاتەشدا سەرهەڵدەدا کە بێکاری و برسیکردن زۆربێت، چونکە ئاسایشی خێزان تێکدەچێت، خەڵکی بەناوی ئایینەوە یان هەرشتێکی دیکە، بۆ وەدەستهێنانی بژێوی، هەموو کارێک دەکەن، بۆیە ئیسلام دژی برسیکردنە، لەزۆربەی شوێنەکان لەقورئانی پیرۆزدا بۆ کەفارەتی بەشێک لە تاوانەکان خۆراکدان بە خەڵکی کراوەتە کەفارەتی لێخۆشبوون و پاکبوونەوە.

## چارەسەر

بۆ چارەسەرکردنی بیری توندڕەوی و ژیانێکی بێ ترس و دڵەڕاوکێ پێوستمان بەچەند شتێکە کە لە قورئاندا باس کراون.

* مرۆڤ ئامۆژگاری لەسەرە و بەس نەوەک بە زۆرسەپاندن (ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم) غاشیە٢٦.

* ڕێگریکردن لەدووبەرەکی و دابەشبوون بەسەرچەند گرووپ و تاقمێک ﴿ اعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ۚ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ [ آل عمران: ١٠٣].

* لە هەرکۆمەڵگەیەک دادپەروەری هەبوو، بیری توندوتیژی و ترس و تۆقاندن کەمترە، چونکە دادپەروەری باشترین ڕێگایە بۆپێکەوە ژیان، بەڵام ئەو وڵاتانەی بیری توندڕەویان لەناودا بڵاوە، دادپەروەریان نییە یان زۆرکەمە، خوای باڵادەست فەرمانی کردووە لە هەموو شتێکدا دادپەروەربین لەژیاندا.

*پێش نوێژو وتارخوێن لەمزگەوتی دایکی ئیهانداران لە ناحیەی حاجی ئاوا، خوێندکاری ماستەر لە فیقهی ئیسلام.





# بیری توندڕەویی

## ژینگەی گەشەکردن و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوە

● ئامادەکردنی: عەقید ئەحمەد مەلاشێخ

گۆڤاری پێشمەرگە بە گرنگی زانی، تەوەرێک لە بارەی بیری توندڕەوی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە بخاتە بەرباس، لەم بارەیەوە چەند پسپۆڕێکی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی دواندووە، لەناویاندا دکتۆر سەعد بەرزنجی، دکتۆرە نەزیرە ئیبراهیم، دکتۆرە ڕوخسار محەممەد، مامۆستا بەسیدە حەیدەر ئەنوەر لە زانکۆکانی کوردستان ئەو بابەتمان بۆ شیدەکەنەوە.

### هۆکارەکانی بیری توندڕەوی

جەدەلی سروشتی مرۆڤ: ئایا مرۆڤ بە سروشت توندڕەوە؟

پێش باسکردنی هۆکارەکان، دکتۆر سەعد بەرزنجی، مامۆستای زانکۆی لوبنانی فەرەنسی لە هەولێر، پرسیارێکی جەوهەری دەخاتەڕوو «ئایا مرۆڤ لە بنەڕەتدا کائینێکی شەڕانگێز یان توندڕەوە ؟»

بەپێی ڕوونکردنەوەی دکتۆر سەعد، زانایان بۆ ئەم پرسە بەسەر سێ بۆچوونی جیا دابەش بوون:

- بەشێک پێیان وایە کە مرۆڤ لە ئەزەلەوە بوونەوەرێکی توندوتیژە.
- بەشێکی تر وای دەبینن کە مرۆڤ لە بنەڕەتەوە بوونەوەرێکی ئاشتیخواز و گونجاوە.
- بەشی سێیەمیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مرۆڤ لە بنەڕەتەوە وەکو پەڕەیەکی سپی وایە، بەڵکو ئەو کۆمەڵگەیە نەخش و دیدگای خۆی لەسەر دەنەخشێنێت.

لێرەوە دکتۆرە نەزیرە ئیبراهیم، پسپۆڕی کۆمەڵناسی و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، وەڵامێکی زانستی دەداتەوە «بوونی ڕەفتاری توندڕەوی لە ناو کۆمەڵگەدا یەک هۆکاری نییە، بەڵکو دەرئەنجامی کارلێکی کۆمەڵێک هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتییە.»

### هۆکارە دەروونییەکان: کە لە ناوەوەی تاکەکانن

دکتۆرە نەزیرە هۆکارە دەروونییەکان بە دوو تیۆری سەرەکی پۆلین دەکات:

تیۆری بێزاری و شەڕانگێزی

«ئەم تیۆرە یەکێکە لە دیارترین ڕوونکردنەوە دەروونییەکان. ئەوە پیشان دەدات کە بێزاری هەستێکە کاتێک سەرهەڵدەدات کە تاکێک ڕێگری لێدەکرێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانی یان تێرکردنی پێداویستییەکانی و دەبێتە هۆی ڕەفتاری توندوتیژ وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ئەم بێزارییە.»

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی

دەروونناس ئەلبێرت باندورا پێی وایە «ڕەفتاری توندڕەوی لەڕێگەی چاودێری و تێبینی و لاساییکردنەوە فێردەکرێت. تاکەکان بە چاودێریکردنی نموونە توندوتیژەکان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا فێری توندڕەوی دەبن.»

ئەو ڕوونیدەکاتەوە: «هەندێک جاریش بە هۆی هەستکردن بە کەموکوڕی و کەمی متمانە بەخۆبوون، لەوانەیە پەنا بۆ توندڕەوی ببەن وەک ئامرازێک بۆ دووپاتکردنەوەی خۆیان.»

شیکاری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ژینگە و کلتوور
لێرەدا هەموو پسپۆڕەکان لەسەر گرنگی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەکەون. دکتۆرە ڕوخسار محەممەد، پسپۆڕی کۆمەڵناسی لە زانکۆی ڕاپەڕین، ڕوونی دەکاتەوە «توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا لە یەک هۆکارەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە ئەنجامی تێکەڵەیەکە لە هۆکارە کۆمەڵایەتی، ئابووری، کلتووری و دەروونییەکان.»

## کێشە خێزانییەکان

لەبارەی کیشە خێزانییەکان، دکتۆرە ڕوخسار پێی وایە، خراپی مامەڵەکردنی خێزان، خراپی پەروەردەکردن، پشتگوێخستن، یان بەرکەوتن بە توندڕەوی لە ماڵەوە دەتوانێ هۆکارێکی گرنگی پەرەئەستاندنی توندڕەوی بێت. هاوکات، دکتۆرە نەزیرە دەڵێت کە ژینگەی خێزان فاکتەری بنەڕەتییە بۆ دارشتنی کەسایەتی تاک. ئەگەر منداڵ لە ژینگەیەکی خێزانی توندوتیژدا گەورە بێت، توندڕەوی دەبێتە ڕەفتارێکی ئاسایی.
هەر لەو بارەوە، مامۆستا بەسیدە حەیدەر ئەنوەر، مامۆستای زانکۆی کۆیە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەبوونی ئاڵۆزی و ئاژاوە لە نێو خێزانەکان بەتایبەتی ئەو خێزانانەی کە پەروەردەی منداڵەکانیان بە ڕێگای بەکارهێنانی توند و تیژییە، هانی منداڵ دەدات، بەرەو بیری توندڕەوی بڕوات.

## کلتووری چەقبەستوو

دکتۆر سەعد سەبارەت بەو بابەتە ڕوونی دەکاتەوە «دووەم هۆکار کلتووری چەقبەستووە. هەندێک کلتوور لە کۆمەڵگەدا، خۆی لە خۆیدا توندوتیژە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، وادەکات تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە توندڕەوبن.»
هەروەها دکتۆرە ڕوخسار گوتی «هەندێک کۆمەڵگە بەرگەی ڕەفتاری توندڕەوی دەگرن، بۆ نموونە، توندڕەوی لەسەر بنەمای شەرەف و سزای جەستەیی. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەندێک کلتوور بیرۆکەی بەکارهێنانی هێز وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان دەبینن.»
مامۆستا بەسیدە ئاماژەی بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش کرد و ڕایگەیاند «نەریتی بوونی کۆمەڵگەکان بە جۆرێک، کە ڕەگەزی نێر ئاساییە ئەگەر توندو زەبر و زەنگ بەرامبەر ڕەگەزی مێ و منداڵەکان بەکار بێنێت، دەبێتە هۆی لاساییکردنەوەی منداڵەکان و هەنگاونان بەرەو بیری توندڕەوی.»
فشاری هاوڕێ و ژینگەی کۆمەڵایەتی
دکتۆرە ڕوخسار پێی وایە، هەبوونی هاوڕێی خراپ و ئەندامبوون لە ڕێکخراو و بەشداریی ئەو کۆبوونەوانەی کە هەڵگری بیری توندڕەوین، دەتوانێت هۆکارێکی گرنگی هەنگاونان بەرەو توندڕەوی بێت.
دکتۆرە نەزیرە لەو بارەوە ئاماژەی بەوە دا کە نەبوونی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەرهەوێشتەی خراپی دەبێت، چونکە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕەفتاری تاکەکان ڕێکدەخرێن، وەک خێزان، قوتابخانە، ئایین، یان یاساکان. بۆیە پێویستە کۆنترۆڵ بکرێن.

## هۆکارە ئابوورییەکان: هەژاری وەك بنەمای توندڕەوی

هەموو پسپۆڕەکان لەسەر ڕۆڵی بەرچاوی هۆکارە ئابوورییەکان هاوڕان. مامۆستا بەسیدە پێی وایە «بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکان، پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆ لە نێوان هەژاری و بێکاری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و توندڕەویدا هەیە. کەمبوونەوەی دەرفەتە ئابوورییەکان کاریگەری لە سەر کەمبوونەوەی داهات دەبێت و فشاری ئابووری دروست دەکات.»
دکتۆرە ڕوخسار لەو بارەوە ڕایگەیاند «هەژاری و بێکاری، فشاری دارایی دەکرێ ببێتە هۆی بێزاری، خەمۆکی درێژخایەن و دزی. بێکاری دەبێتە هۆی دروستکردنی کەسایەتییەکی شەڕانگێز و دژە کۆمەڵگە.»
دکتۆرە نەزیرەش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەژاری و بێکاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەتوانن ئاستی بێزاری و فشاری دەروونی زیاد بکەن، ئەمەش ئەگەری پەنابردن بۆ توندڕەوی، بۆ دەربڕینی تووڕەیی یان نائومێدی زیاد دەکات.
دکتۆرە ڕوخسار ئاماژەی بەو خاڵەش دا کە بوونی کەلێن و جیاوازیی زۆر لەنێوان چینەکان بە تایبەتی چینی دەوڵەمەند و هەژار، دەبێتە هۆی نارەزایی و سەرهەڵدانی تاوان.

## هۆکارە سیاسی و یاساییەکان: شکستی یاسا، شکستی دادپەروەرییە

لەو بارەوە مامۆستا بەسیدە ڕوونیکردەوە کە نەبوونی دادپەروەری و سەروەریی یاسا وا دەکات خەڵک باوەڕیان بە سیستەمی دادوەری و یاسا نەمێنێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا ببەنە بەر چارەسەرکردن بە ڕێگای دیکە، کە ئەمەش زۆر جار توندڕەوی لێ دەکەوێتەوە.
هاوکات دکتۆرە ڕوخسار گوتی «ئەگەر سیستەمی دادوەری شکستی هێنا، ڕەنگە خەڵک پەنا بۆ توندڕەوی ببەن. ململانێ و شەڕە چەکدارییەکان و ناسەقامگیریی سیاسی، توندڕەوی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات.»

## هۆکارە ژینگەیی و جوگرافییەکان

دکتۆر سەعد لەسەر ئەو خاڵە ڕایگەیاند «هۆکاری سێیەم بریتییە لە ژینگە و سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافی. بۆ نموونە، بیابانشینەکان توندوتیژترن لەوانەی لە دارستانەکان دەژین، بەهۆی گرانی ژیان و دەستکەوتنی خۆراک لە بیابان ئەستەمترە وەک لە دارستانەکان.»
دکتۆرە نەزیرەش گوتی کە هۆکارەکانی دیکە بریتین لە هۆکارەکانی کەشوهەوا، وەک بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی. لە کەشوهەوای گەرمدا مرۆڤەکان هەست بە نارەحەتی دەکەن و فشاری دەروونییان زیاتر دەبێت.

## کاریگەریی میدیا و تەکنەلۆژیا: ئامرازی فێرکردنی توندڕەوین

دکتۆرە نەزیرە لەو بوارەدا ئاماژەی بەوە دا کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیا

هۆکاری گرنگن بۆ دەرکەوتنی ڕەفتاری توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا، وەک فیلم و یاری ڤیدیۆیی و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان. بەرکەوتنی بەردەوامی تاکەکان بە ناوەڕۆکی توندڕەوی دەتوانێت وابکات توندڕەوی ئاسایی دەرکەوێت.

هەر لەو بارەوە، دکتۆرە ڕوخسار باسی لەوە کرد کە میدیا و ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی دیار لە گەشەکردنی توندڕەوی لە نێوان هەرزەکاراندا دەگێڕن. بەرنامەکانی ڕاگەیاندن و هەندێک لە بەرنامە و ڤیدیۆیە بڵاوکراوەکانی سۆشیاڵ میدیا نموونەیەک لە ڕەفتاری هەڵە پەخش دەکەن کە هەڵگری بیرۆکە و ڕەفتاری توندڕەوییە.

ئەو زیاتر ڕوونی دەکاتەوە: «هەرزەکار کە ڕەنگە تەنها بۆ کات بەسەربردن و ورووژاندن سەیریان بکات، ئەم کات بەسەربردنە ڕەنگە لە کۆتاییدا بگۆڕێت بۆ واقیعێکی پڕ لە ئازار. لەکاتێکدا هەرزەکاران توانای لاساییکردنەوەی ئەو شتانەیان هەیە کە لە سۆشیاڵ میدیا دەیبینن، هەروەها دیمەنە توندوتیژەکان سەرنجی ڕادەکێشن.»

## کاریگەریی توندڕەوی لەسەر کۆمەڵگە

تیۆری بنیاتی وەزیفی: کۆمەڵگە وەک لاشەی مرۆڤ

دکتۆر سەعد بە پێی تیۆری بنیاتی وەزیفی ڕوونی دەکاتەوە «بێگومان توندڕەوی هۆکاری شێواندنی کۆمەڵگەیە. زانای کۆمەڵناسی دۆرکایم لە تیۆرەکەیدا، کۆمەڵگەی وەک لاشەی مرۆڤ داناوە کە هەر شوێنێکی نەخۆشکەوێت، کاریگەری لەسەر بەشەکانی تری جەستە دەبێت.»

ئەوەشی خستەڕوو کە هەرکاتێک کۆمەڵگە توندڕەوی تێدا بەرجەستە بوو، ئەوا دەبێتە هۆکاری پەشێوی و تێکچوونی یەکڕیزیی کۆمەڵگە بەگشتی و لاوازیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و ئایینی.

مامۆستا بەسیدە لەو بارەوە ڕایگەیاند «بە دڵنیاییەوە بنیادی کۆمەڵایەتی کاریگەریی خراپی لە سەر کۆمەڵگەدا دەبێت و تەنانەت هەندێک جار ئەگەر ئاستی توندڕەوییەکە زۆر بەرزبێت، ئەوا دەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی کۆمەڵگە، بەڵام ئەم حاڵەتە زیاتر لەو دۆخە ڕوودەدات کە بیر و ئایدۆلۆژیاییەکی توندڕەوانە بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵ ببێت.»

## ستراتیژەکانی ڕووبەڕووبوونەوە

ڕۆڵی پەروەردە و هۆشیاری

لەسەر ڕێگەکانی چارەسەرکردنی توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا، دکتۆرە نەزیرە پێی وایە کە پێویستە پرۆگرام و بەرنامەی پەروەردەیی لەسەر فێرکردنی نەوەکان بێت کە ڕێز لە جیاوازییە کلتووری و ئایینی و نەتەوەییەکان بگرن. هاوکات، هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان سەبارەت بە شێوازە جێگرەوەکانی توندڕەوی بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، کاری لەسەر بکرێت.

دکتۆرە ڕوخسار لەو بارەوە ڕایگەیاند «بەهێزکردنی پەروەردە بە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی پەروەردەی هەمەلایەنە و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان لە مەترسییەکانی توندڕەوی، دەکرێت لە ڕێگەی گفتوگۆ وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بگرینەبەر.»

## چارەسەری ئابووری

دکتۆرە ڕوخسار لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وەبەرهێنان لە هەلی کار و بەهێزکردنی پرۆگرامی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە ڕێگەچارەیەکی گونجاوە. هاوکات دکتۆرە نەزیرە گوتی «گرنگیدان بە گەنجان زۆر پێویستە، چونکە کاتێک تاکەکان هەست دەکەن ڕۆڵێکی کارایان لە کۆمەڵگەکەیاندا هەیە، کەمتر بەرەو بیرۆکە توندڕەوەکان ڕادەکێشرێن. ئەمەش بە کەمکردنەوەی بێکاری و ڕەخساندنی هەلی کاری گونجاو بەدەست دێت.»

بەهێزکردنی دادپەروەری

دکتۆرە نەزیرە لەسەر ئەو خاڵە گوتی «زۆر گرنگە بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بە شێوەیەکی دادپەروەر و ڕاشکاوانە بەبێ جیاوازی لە نێوان کەسەکاندا کاربکرێت بۆ چارەسەرکردنی ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکانی توندڕەوی، وەک هەژاری و پەراوێزخستن و نایەکسانی.»


بەسیدە حەیدەر

لەو بارەوە دکتۆرە ڕوخسار ڕوونیکردەوە کە یاسادانان و جێبەجێکردنی یاسا، دەرکردنی یاسای توند بۆ بەرەنگاربوونەوەی جۆرە جیاوازەکانی توندڕەوی و بەهێزکردنی جێبەجێکردنیان بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی تاک و کۆمەڵگە زۆر پێویستە.

دکتۆرە ڕوخسار ئەوەشی خستەڕوو کە دابینکردنی خزمەتگوزاریی پاڵپشتی دەروونی وەک دامەزراندن و کردنەوەی سەنتەری پاڵپشتی دەروونی بۆ ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی توندڕەوی بوونەتەوە و پێشکەشکردنی ڕاوێژی دەروونی بۆ خێزانەکانیان ئەرکێکی پێشینەیە.

## بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

دکتۆرە نەزیرە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زیادکردنی هەستی ئینتیمابوون لای ئەندامانی کۆمەڵگە زۆر گرنگە، چونکە کاتێک تاکەکان هەست بە تەنیایی یان پەراوێزخستن دەکەن، ئەوا ئامادەن بەرەو گروپە توندڕەوەکان ڕابکێشرێن، بۆیە گرنگە پەیوەندیی خێزان و کۆمەڵگە بەهێزتر بکرێت.

دکتۆرە ڕوخسار لەو بارەوە ڕایگەیاند «بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی، پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەستپێشخەرییە ناوخۆییەکان کە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک بۆ دوورکەوتنەوە لە توندڕەوی کاردەکەن، ئەرکێکی پێویستە و دەبێ گرنگیی زیاتریان پێ بدرێت.»

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



د. سەعد بەرزنجی



د. نەزیرە ئیبراهیم



د. روخسار محەمەد

## ڕۆڵی میدیا لە چارەسەری

دکتۆرە نەزیرە پێی وایە «میدیا و دامەزراوە ئایینییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لە داڕشتنی بیروڕای گشتیدا هەیە، بۆیە پێویستە بە سانسۆرکردنی فیلم و دراما تەلەفزیۆنییەکان پابەندبن، بە تایبەت بە قەدەغەکردنی ناوەڕۆکێک کە هاندەری ڕەفتاری شەڕانگێزی بێت، هەروەها تیشک بخەنە سەر چیرۆکی سەرکەوتنەکان کە لێبوردەیی و پێکەوەژیان بەرەوپێش دەبەن.»

دکتۆرە ڕوخسار لەو بارەوە گوتی « میدیای ئامانجدار دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی لە ڕێگریکردن لە ڕەفتاری توندڕەوی بگێڕێت، ئەویش بە پەخشکردنی بەرنامە و چالاکییە ئامانجدارەکان بۆ بەهێزکردنی بەها ئایینییەکان، وەکو خۆبەخشی و میهرەبانی و هاوکاری.»

## تێڕوانینێکی پسپۆڕانە لە ڕۆڵی دوولایەنەی ئایینەکان

پرسیارێک کە بەردەوام جێگەی گفتوگۆیە:ئایا ئایین دەتوانێت هەم هۆکاری ئاشتی و هەم هۆکاری توندوتیژی بێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هاوتێڕوانینێک لەسەر سروشتی دوولایەنەی ئایین هەیە.

بناغەی ئاشتیخوازیی ئایینەکان

دکتۆرە نەزیرە ئیبراهیم جەخت لەسەر بناغەی ئاشتیخوازانەی ئیسلام دەکاتەوە. بەڕای ئەو، «ئایینی ئیسلام لە بنەڕەتدا داوای ڕەحم و دادپەروەری و لێبووردەیی دەکات.» ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر تەکید لەسەر میهرەبانی، یارمەتیدانی هەژاران و مامەڵەکردنی چاک لەگەڵ دراوسێکان دەکەنەوە.

ئەم بۆچوونە، پشتگیری لە ئایەتی قورئانی پیرۆزەوە وەردەگرێت: «ولو كنت فظا غليظ القلب لانفضوا من حولك» کە تیایدا تەکید دەکرێتەوە، ئەگەر پێغەمبەر توندوتیژ بووایە، کەس لە دەوری کۆنەدەبووەوە.

تێگەیشتنی هەڵە وەک ڕیشەی توندڕەوی

دکتۆر سەعد تیشک دەخاتە سەر سروشتی دوولایەنەی ئایین. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە «پەیامی سەرەکیی ئایینەکان بە گشتی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە بۆ ژیانێکی ئارام.» بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە هەندێک کەس «دەقەکان بەلارێدا دەبەن و بۆ مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری دەهێنن.»

بەبۆچوونی دکتۆر سەعد، ئایین بووەتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، چونکە «پەیوەستە بە عەقیدە و بیروباوەڕی تاکەکان کە زۆربەی جار پەیوەندیی بە بەهەشت و دۆزەخەوە هەیە.» ئەو ئاماژە بە نموونەکانی مێژوو دەکات وەکو خاچپەرستەکان، عوسمانییەکان و هیندۆسەکانی کەشمیر.

## چارەسەری پێشنیازکراو

دکتۆرە ڕوخسار محەممەد سەرنج لە چارەسەری زانستیانە دەدات. ئەو پێیوایە «پێویستە بە ڕێگەی زانستیانە چارەسەری ئەو هۆکارانە بکەین کە دەبنە هۆی توندوتیژی.» ئەو ڕۆڵی ئیمان وەک «ڕێکخەری ناوخۆیی» دەبینێت کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەیە.

بەڕای دکتۆرە ڕوخسار، ئایین لە ڕێگەی چەند ئامرازێکەوە دەتوانێت ڕێگە لە توندوتیژی بگرێت. لەوانە:

عیبادەت و پەرستش: کە کاریگەریی خێرای لەسەر پاککردنەوەی دڵ و دەروون هەیە.

فەرمان بەچاکە: کە ڕۆحی حەیا و ڕێزگرتن لە کۆمەڵگەدا پەرەپێدەدات.

ڕۆڵی مزگەوتەکان: وەک شوێنی پەروەردەکردنی ئەخلاقی.

هاوکاریی کۆمەڵایەتی: کە هەم لایەنی مەعنەوی و هەم لایەنی ماددی هەیە.

## دەرئەنجام

هەر سێ پسپۆڕەکە ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کە ئایین لە بنەڕەتدا بە ئاشتیخوازی و میهرەبانی ناسراوە. گرفتەکە لە تێگەیشتن و جێبەجێکردنی هەڵەی دەقە ئایینییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە واتای ئەوە نییە کە ئایین خۆی هۆکاری توندوتیژییە، بەڵکو بەکارهێنانی سیاسی و هەڵەی ئایین، لەلایەن هەندێک کەسەوە دەتوانێت ئەنجامی پێچەوانە بەدوای خۆیدا بهێنێت.

ڕێگەی چارەسەر بە بۆچوونی پسپۆڕەکان بەو شێوەیە: گەڕانەوە بۆ ڕاستی پەیامی ئایینی، پەروەردەی زانستیانە، بەرەوپێشبردنی تێگەیشتنی دروست لە دەقە ئایینییەکان و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەسەر بنەمای هاوکاری و بەزەییدا بنیات نراوە.



# لە هەڵگرتنی چەکەوە بۆ پەرەپێدانی فیکریی

## ئەرکە نوێیەکانی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەویی

● ڕەنج جەعفەر

لە ساڵانی ڕابردوودا، دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) یەکێک لە گەورەترین هەڕەشەکانی ئاسایشی جیهانی بوو. ئەگەرچی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە لەڕووی سەربازییەوە شکستی هێناوە و چیتر خاوەنی هیچ ناوچەیەکی گرنگ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵام مەترسییەکەی لەسەر ئاستی جیهاندا بەردەوامە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤دا، دەوڵەتی ئیسلامی هێشتا دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستیی جیهان بوو، ئەمەش پێویستی ستراتیژیەتی نوێ دەخاتەڕوو کە تەنها پشت بەهێزی سەربازی نابەستێت، بەڵکو بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی گرنگی خۆی هەیە.

شیکردنەوەی بیری توندڕەوی وەک یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە سەدەی بیست و یەکەمدا سەریهەڵداوە. ئەم بابەتە تیشک دەخاتە سەر بارودۆخی ئێستای داعش، پێویستییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، نموونە جیهانییەکان و چارەسەرە پێشنیازکراوەکان بۆ ئەم کێشەیە.

### بارودۆخی ئێستای داعش لە ساڵی ٢٠٢٥دا

چالاکی و ڕێکخستن

سەرەڕای ئەوەی داعش ناوچەکانی هەژموونی لەدەستداوە، بەڵام ڕێکخراوەکە توانیویەتی خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێت و چالاکییەکانی بە شێوەیەکی نوێ بەرەو پێش ببات. ئامارەکانی ساڵی ٢٠٢٤ ئاشکرای دەکەن کە ژمارەی هێرشەکان لە سووریا بە شێوەیەک زیادی کرد، گەیشتە نزیکەی ٧٠٠ هێرش. ئەم ئامارە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ کە تەنها نزیکەی ٢٣٠ هێرش تۆمارکراوە، زیادبوونێکی سێ هێندەی نیشان دەدات.

ئەم زیادبوونە لە چالاکیدا تەنها نیشانەی توانای بەرگریی ڕێکخراوەکە نییە، بەڵکو دەریدەخات کە داعش توانیویەتی سوود لە لاوازی و ناجێگیری حکومەتەکانی ناوچەکە وەربگرێت. رووخانی حکومەتی ئەسەد لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ و ناجێگیری و ڕووداوەکانی دواتری سووریا، بەتایبەتی لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات (رۆژئاڤا)، دەرفەتێکی زێڕینی بۆ گەڕانەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشکەش بە داعش کردووە.

لە عێراقیشدا، ئەگەرچی ئاستی چالاکی کەمترە، بەڵام داعش هێشتا توانای ئەنجامدانی هێرشە تاکەکەسییەکان و تەقینەوەکانی هەیە. ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، وەک کەرکووک

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

و دیالە، هێشتا وەک پەناگەیەک بۆ چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەن.

بەپێی نوێترین ڕاپۆرتە ئەمنییەکان، ژمارەی چەکدارەکانی داعش لە ساڵی ٢٠٢٥دا بەم شێوەیە دابەشکراوە: لە ئەفغانستان، لقی خوراسانی داعش کە بە بەهێزترین لقی ڕێکخراوەکە دادەنرێت، نزیکەی ٦٠٠٠ چەکداری چالاکی هەیە. ئەم لقە نەک هەر لە ناوخۆی ئەفغانستان چالاکە، بەڵکو بەرپرسیارێتی ڕێکخستنی هێرشەکان لە ناوچەکانی دەوروبەریشی لەئەستۆ گرتووە.

لە عێراق و سووریا، کە بە ناوچەی ناوەندی دامەزراندنی داعش دادەنرێت، نزیکەی ٣٠٠٠ چەکدار چالاکی دەکەن. ئەم ژمارەیە لە هەردوو وڵات بەشکراوە، کە بەشی زۆریان لە سووریا چالاکن، بەتایبەتی لە چۆڵەوانییەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و هەندێک گوندی دووردەستدان.

لە ئەفریقا، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوای ئەفریقا، داعش توانیویەتی بە بەهێزترین شێوە بوونی خۆی پیشان بدات. لە وڵاتانی مالی، بورکینا فاسۆ و نایجەر، نزیکەی ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ چەکداری ئەم ڕێکخراوە چالاکن. ئەم ناوچەیە بووەتە نوێترین ناوچەی گەشەسەندنی داعش، کە سوودی لە ناجێگیری سیاسی و ئابووریی ئەم وڵاتانە وەرگرتووە.

## گۆڕانی ستراتیژی

دوای داڕووخانی خەلافەتی خوێناوی، داعش گۆڕانکاری بەرچاوی لە ستراتیژیی کارکردنی کردووە. لە جیاتی کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەک، ئێستا زیاتر پشت بە هێرشە تاکەکەسییەکان و هاندانی پشتیوانەکانی لە جیهاندا دەبەستێت. ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە ڕێگەیەکی نوێی بەرەنگاربوونەوە هەیە کە تەنها پشت بە هێزی سەربازی نابەستێت.

## بەرەنگارییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

حکومەتی عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵی بەردەوامی بۆ دابڕاندنی ڕەگ و ڕیشەکانی داعش لە کۆمەڵگە و ڕێگرتن لە گەڕانەوەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە داوە. لەم چوارچێوەیەدا، حکومەت ستراتیژیەتێکی فرەلایەنەی گرتووەتەبەر کە تەنها لەڕووی سەربازییەوە بەرەنگاری داعش نابێتەوە، بەڵکو تیشک دەخاتە سەر ڕیشەکانی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیی ئەم دیاردەیە.

یەکێک لە گرنگترین سەرەتاکانی کاری حکومەتی عێراق دابڕاندنی دەستەبژێرەکانی داعشە کە هێشتا لە هەندێک ناوچەی دووردەست چالاکن. ئەم دەستانە بە بەکارهێنانی تاکتیکەکانی شەڕی پارتیزانی و سوودوەرگرتن لە ناوچە کێشەلەسەرەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، توانیویانە بمێننەوە. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم چالاکییانە، حکومەتی عێراق پێویستی بە ڕێکخستنەوەی ستراتیژی ئاسایش هەیە کە تەنها لەسەر هێزی سەربازی ناوەستێت.

ئەوەی گرنگترە، حکومەتی عێراق دەرکی بەوە کردووە کە ئەگەر ئەو خێزانانەی پەیوەندیان بە ئەندامانی داعشەوە هەبووە، نەگەڕێنەوە کۆمەڵگە، ئەوا مەترسی گەڕانەوەی توندڕەوی هەمیشە لەسەر کۆمەڵگە دەمێنێتەوە، بۆیە، پرۆسەی گەڕانەوە و ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی بووەتە یەکێک لە سەرەتا سەرەکییەکانی حکومەت. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ڕێکخستنێکی ورد هەیە کە تێیدا دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی دەرفەتەکانی گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی بگرێتەوە.

حکومەتی عێراق هەروەها پێی وایە بەبێ چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی توندڕەوی، ناتوانرێت ئومێدی بە سەرکەوتنی درێژخایەن هەبێت. ئەم هۆکارانە بریتین لە بێدادی کۆمەڵایەتی، دابەشکردنی نایەکسانی سامان، کەمی خزمەتگوزاری لە هەندێک ناوچە و هەستی پەراوێزخستن لە پرۆسەی سیاسی، بۆیە، حکومەت هەوڵی داوە کە لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا، بناغەی کۆمەڵایەتی بۆ پەرەپێدانی توندڕەوی لاواز بکاتەوە.

سەرەڕای ئەم هەوڵانە، حکومەتی عێراق هێشتا لەبەردەم چەندین ئاستەنگدایە. یەکێکیان کەمی بودجە و سەرچاوەی تەرخانکراوە بۆ بەرنامەکانی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی. زۆرجار چارەسەرە سەربازییەکان پێشخراون، لە کاتێکدا چارەسەرە درێژخایەنەکان کەمتر سەرنج و وەبەرهێنانیان لەسەر کراوە. هەروەها، نەبوونی هەماهەنگی باش لە نێوان ئۆرگانە جیاوازەکانی حکومەت و لە هەندێک حاڵەتدا نێوانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم، کاریگەری ئەم هەوڵانەی کەمکردووەتەوە.

## هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان وەک یەکێک لە سەرەکیترین ناوچەکان کە لە شەڕی دژ بە داعشدا بەشداری کردووە، ئێستا ڕووبەڕووی چالاکی نوێ دەبێتەوە. پێویستی بە بەرنامەکانی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوییە کە بە شێوەیەکی تەواوکارانە کاری لەسەر بکرێت.

ئەم بەرنامەیە دەبێت ئەم بوارانە بگرێتەوە:

- خزمەتگوزارییەکانی پشتگیریی دەروونی بۆ قوربانیان و ئەوانەی کاریگەریان لەسەر بووە.
- بەرنامەکانی پەروەردە بۆ گۆڕینی تێڕوانینی نەرێنی.
- ڕاهێنانی پیشەیی بۆ دەرفەتەکانی کارکردن.
- دەستپێشخەرییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ یەکخستنەوەی کۆمەڵگە.

بەڵام ئەم پێداویستیانە، پێویستی بە وەبەرهێنانی بەرفراوان لەلایەن حکومەتی هەرێم و هاوکاریی نێودەوڵەتی لەلایەن ڕێکخراوەکان و وڵاتانی دۆست و هاوپەیمان لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و بیری توندڕەویدا هەیە.

## نموونەکانی جیهانیی سەرکەوتوو

نموونەی ئەڵمانیا: بەرنامەی Hayat

ئەڵمانیا وەک یەکێک لە پێشڕەوترین وڵاتان لە بواری شیکردنەوەی بیری توندڕەوی دادەنرێت و بەرنامەی Hayat یەکێکە لە گرنگترین و سەرکەوتووترین

**"دابینکردنی چارەسەری دەروونی بۆ قوربانیان و ئەوانەی کاریگەرییان لەسەر بووە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی سەرکەوتن."**

نموونەکانی ئەم بوارە لە ئەورووپادا. ئەم بەرنامەیە کە لە ساڵی ٢٠١١دا دامەزراوە، تایبەتمەندیی نایاسایی هەیە، بەو شێوەیەی کە زانیاری و شارەزایی وەرگیراو لە بەرنامەکانی تووشبوونەوەی نازییە نوێکان بۆ کارکردن لەبەرامبەر توندڕەوەکانی ئیسلامی بەکاردەهێنێت.

مێژووی دامەزراندنی ئەم بەرنامەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی بەرپرسانی ئەڵمانیا تێبینیان کرد، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی، بۆ پەیوەندیکردن بە داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە بەرەو سووریا و عێراق دەچن. پێش دامەزراندنی Hayat، ئەڵمانیا تەنها لەسەر چارەسەرە یاسایی و ئەمنییەکان کاری دەکرد، بەڵام زوو دەرکی بەوە کرد کە ئەم ڕێگایە بە تەنها بۆ ڕێگرتن لە توندڕەوی یان چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی پێشتر توندڕەو بوون، کاریگەر نییە.

فەلسەفەی بنەڕەتی بەرنامەکە لەسەر ئەم بیرۆکەیە دامەزراوە کە توندڕەوی پرۆسەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە کە دەتوانرێت پێچەوانە بکرێتەوە. ئەم بەرنامەیە پشت بە تێگەیشتنی زانستی دەروونناسی دەبەستێت کە دەریدەخات مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدا دەتوانێت بیرکردنەوە و باوەڕەکانی بگۆڕێت، بەمەرجێک ئەگەری گونجاو و پشتگیریی تێروانینی گونجاوی بۆ بڕەخسێندرێت.

شێوازی کارکردنی بەرنامەکە لەسەر چەند ئاستێک جێبەجێ دەکرێت. یەکەم، کار لەگەڵ خێزانەکان دەکرێت کە نیگەرانن لە ئەندامێکی خێزانیان یان ئەندامێکیان پێشتر پەیوەندی بە گرووپە توندڕەوەکانەوە هەبووە. دووەم، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسانە کاردەکرێت کە دەیانەوێت لە گرووپە توندڕەوەکان جیابنەوە یان پێشتر ئەندامی ئەم گرووپانە بوون. سێیەم، کار بۆ ڕاگەیاندن و خوێندنەوەی گشتی دەکرێت بۆ گەشەپێدانی هۆشیاریی کۆمەڵگە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە کە لەسەر بنەمای ئیرادی تاک کار دەکات. واتە هیچ کەسێک ناچار ناکرێت بۆ بەشداریکردن، بەڵکو تەنها ئەو کەسانە وەردەگیرێن کە خۆیان داوای یارمەتی دەکەن یان خێزانەکانیان داوایان لێدەکەن. ئەمە گرنگە، چونکە سەرکەوتنی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی بۆ گۆڕانکاری و ئاسایی بوونەوە، بە شێوەیەکی باش پشت بە ویستی تاک دەبەستێت.

لەڕووی کارایییەوە، بەرنامەی Hayat ئەنجامی ئەرێنی بەدەستهێناوە. ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە زیاتر لە ٧٠٪ی ئەو کەسانەی بەشداریان لە بەرنامەکەدا کردووە، بە سەرکەوتوویی لە گرووپە توندڕەوەکان جیابوونەتەوە و نەگەڕاونەتەوە بۆ چالاکی توندڕەوانە. هەروەها، بەرنامەکە توانیویەتی ڕۆڵی گرنگ لە ڕاگرتنی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە گەشتکردن بۆ ناوچەکانی جەنگ بگێڕێت.

## ڕێگەکان و ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی

بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە کە پێویستی بە بەکارهێنانی ئامرازە جۆراوجۆرەکان هەیە، هەریەکەیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی لایەنێکی دیاریکراوی کێشەکە دیزاین کراون. ئەزموونی جیهانی نیشانی دەدات کە هیچ تاکە ڕێگەیەک ناتوانێت بە تەنها ببێتە هۆی سەرکەوتنی تەواو، بەڵکو پێویستە تێکەڵەیەک لە ڕێگە جۆراوجۆرەکان بەکار بهێنرێت کە بە پێی دۆخی هەر تاکێک و هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی بە توندڕەوی دیاری بکرێت.

ڕاهێنانی پیشەیی یەکێکە لە بنەڕەتیترین ئامرازەکان لەم بوارەدا. زۆرێک لە ئەو کەسانەی بەرەو توندڕەوی دەچن، بەهۆی نەبوونی دەرفەتەکانی کارکردن و هەستکردن بە بێ ئومێدی ئابوورییەوە، ئەم ڕێگایە هەڵدەبژێرن. ڕاهێنانی پیشەیی نەک هەر دەرفەتی کارکردن دابین دەکات، بەڵکو هەستی خۆبەڕێوەبردن و هیوا لە ئایندەیەکی باشتر لە تاکدا دروست دەکات. بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی دەبێت لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کاردا بگونجێن و بڕوانامەی پەسندکراو پێشکەش بکەن کە دەرفەتی کارکردنی ڕاستەقینە بۆ بەشداربووان بڕەخسێنێت.

ڕاوێژکاری ئایینی ڕۆڵێکی بایەخدار لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی دەگێڕێت، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی توندڕەوی کە بە شێوەیەکی هەڵە، ئایین ڕوونکراوەتەوە. گرووپە توندڕەوەکان زۆرجار سوود لە نەزانی و ناهۆشیاریی ئایینی تاکەکان وەردەگرن و لێکدانەوەی هەڵەی دەقە پیرۆزەکان بۆ ڕازیکردنی ئەوان پێشکەش دەکەن. لەم پەیوەندییەدا، ڕاوێژکاری ئایینی کە لەلایەن زانایانی متمانەپێکراوەوە پێشکەش دەکرێت، دەتوانێت یارمەتی تاک بۆ تێگەیشتنی ڕاست لە ئایین و جیابوونەوە لە لێکدانەوەی توندڕەوان بدات. ئەم جۆرە ڕاوێژکارییە پێویستی بە زانایانی ئایینی هەیە کە نەک هەر زانیاریی قووڵیان لە ئایین هەبێت، بەڵکو تێگەیشتنیان لە شێوازەکانی ڕاکێشانی توندڕەوەکانیش هەبێت.

ڕاوێژکاری دەروونی لایەنێکی ترە کە گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە زۆرێک لە کەسانی توندڕەو کێشەی دەروونی دەیانگرێتەوە کە پێش یان دوای پەیوەندیکردنیان بە گرووپە توندڕەوەکانەوە تووشی بوون. ئەم کێشانە دەتوان بریتی بن لە شۆک، خەمۆکی، تووڕەیی، یان هەستکردن بە نامۆیی. ڕاوێژکاری دەروونی یارمەتی تاک دەدات بۆ ناساندن و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ئەمەش زەمینەی باشتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی دروست دەکات. ئەم جۆرە چارەسەرییە پێویستی بە پسپۆڕانی شارەزا هەیە کە ئەزموونیان لە چارەسەری دەروونی هەبێت.

## پرۆسەی کارکردن

پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی بیری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

توندڕەوی بە چەند قۆناغێک دابەش دەکرێت کە هەریەکەیان ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە. یەکەم قۆناغ، ناسینی هۆکار و مەبەستەکانی تاکە بۆ بەشداریکردن لە توندڕەوی. ئەم قۆناغە زۆر گرنگە، چونکە هەر کەسێک بە هۆکارێکی جیاواز بەرەو توندڕەوی دەچێت، جا ئەوە هۆکاری ئابووری بێت، کۆمەڵایەتی، دەروونی، یان ئایدۆلۆژی.

دووەم قۆناغ، دیاریکردنی پێداویستییەکانی تاکە. ئەمە پێویستی بە هەڵسەنگاندنی وردی حاڵەتی تاک لەڕووی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەروەردەییەوە هەیە. لەسەر بنەمای ئەم هەڵسەنگاندنە، پلانێکی تایبەتمەند دادەڕێژرێت کە ئامانج و هەنگاوەکانی بۆ هەر تاکێک دیاری دەکات.

سێیەم قۆناغ، دابینکردنی جێگرەوەی گونجاوە بۆ ئەو پێداویستی و خواستانەی کە کەسەکەی بەرەو توندڕەوی بردووە. ئەگەر تاک بەدوای هەستی گرنگی بەخۆدان بێت، دەتوانرێت لە ڕێگەی بەشداریکردن لە کاری خۆبەخشانە یان ڕۆڵپێدان لە پرۆژەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگە ئەم پێداویستییەی پڕبکرێتەوە. ئەگەر بەدوای ناسنامە یان هاوسۆزی بێت، دەتوانرێت بە پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئەرێنی ئەم ئامانجە بەدیبهێنرێت.

کۆتا قۆناغ بەدواداچوون و پشتگیری بەردەوامە. بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی پرۆسەیەکی درێژخایەن و ناکۆتایە، بە تەواوبوونی بەرنامە فەرمییەکە تەواونابێت. تاک پێویستی بە پشتگیریی بەردەوام هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ ئەوەی بۆ بیرکردنەوەی پێشووی نەگەڕێتەوە. ئەم پشتگیرییە دەتوانێت لە شێوەی چاوپێکەوتنی ماوە ماوە لەگەڵ گرووپەکانی پشتگیری، یان پەیوەندیی لەگەڵ ڕاوێژکاران بێت.

## چالاکییە تایبەتەکان، منداڵان و گەنجان

کێشەی «بەچکەکانی خەلیفەت» لە نێوان ناوچە کۆنترۆڵکراوەکانی داعشدا، منداڵانی سووری کە «بەچکەکانی خەلافەت» ناویان دەبرێن،



ڕووبەڕووی بیری توندڕەوی قووڵ بوونەتەوە و پێویستیان بە بەرنامەکانی ئاساییکردنەوە هەیە. ئەم منداڵانە لە بچووکییەوە بە بیری توندڕەوی ڕاهێنراون و پەروەردە و فێرکردنێکی هەڵەیان هەبووە.

پێداویستییەکانی تایبەت

پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی بۆ منداڵان پێویستی بەوانە هەیە:

- گۆڕینی تێڕوانین و بیرکردنەوە.
- بەرەوپێشبردنی پەروەردە لە جیاتی جەنگ.
- سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی دیکەی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی.
- ڕیشەکێشکردنی ئایدۆلۆژیای داعش بە شێوەیەکی وردبینانە.

## ئاستەنگەکان

سەرەکیترین ئاستەنگەکان کە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی ڕێگر دەبن، کەمیی سەرچاوەی دارایی و تەکنیکییە، بەو پێیەی، زۆرێک لە وڵاتان و ناوچەکان بودجەی تەواو گونجاویان بۆ ئەم جۆرە بەرنامانە نییە.

نەبوونی پیاوانی شارەزا: کەمی پسپۆڕ لە بواری دەروونناسی، کۆمەڵناسی و فێرکردنەوە کە شارەزایی تایبەتیان لە کارکردن لەگەڵ کەسانی توندڕەودا هەبێت.

جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی: کۆمەڵگە زۆرجار بۆ وەرگرتنەوەی ئەو کەسانەی پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە، ئامادەیی نییە.

کەمی هەماهەنگی: نەبوونی هەماهەنگی باش نێوان دامەزراوە جۆراوجۆرەکان کە پێویستە لەم کارەدا بەشداریی بکەن.

## چارەسەرە پێشنیازکراوەکان

یەکەم: وەبەرهێنان لە بەرنامەکانی

**سەرەکیترین ئاستەنگەکان کە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی ڕێگر دەبن، کەمیی سەرچاوەی دارایی و تەکنیکییە، بەو پێیەی، زۆرێک لە وڵاتان و ناوچەکان بودجەی تەواو گونجاویان بۆ ئەم جۆرە بەرنامانە نییە.**

بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی یەکەم و گرنگترین هەنگاو وەبەرهێنانی بەرفراوانە لەم بوارەدا. ئەم وەبەرهێنانە نابێت وەک خەرجییەکی زیادە سەیر بکرێت، بەڵکو پێویستە وەک وەبەرهێنانێکی ستراتیژی لە ئاسایشی درێژخایەندا هەبێت. ئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتوو نیشانی دەدات کە تێچوونی بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی کەمترە لە تێچوونی چاودێری بەردەوام یان زیندانکردنی درێژخایەن.

لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم وەبەرهێنانە دەبێت ئەم بوارانە بگرێتەوە:

- دامەزراندنی ناوەندەکانی تایبەتمەند لە شارە سەرەکییەکان.
- ڕاهێنانی پسپۆڕان لە بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا.
- دابینکردنی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکانی پێویست بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندن.
- کارکردن بۆ بەدواداچوونی ئەنجامەکان.
- حکومەتی هەرێم دەبێت ڕێژەیەکی تایبەت لە بودجەی ئاسایش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات، کە پێشنیازدەکرێت لانیکەم ٥٪ی بودجەی گشتیی ئاسایش بێت.

دووەم: هەماهەنگی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی

هەماهەنگی سەرکەوتوو دوو ئاست دەگرێتەوە: ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. لە ئاستی ناوخۆییدا، پێویستە هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق بەهێز بکرێتەوە. ئەمە پێویستی بە دامەزراندنی کۆمیتەیەکی هاوبەش هەیە کە ئەندامانی لە هەردوولایەن تێیدابن و بەڕێوەبردنی کاروباری بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی لەئەستۆ بگرن.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی ئەزموونداری ئەم بوارە گرنگە. پێشنیازدەکرێت هەرێمی کوردستان ڕێککەوتننامەی هاوکاری لەگەڵ ئەڵمانیا، کەنەدا و نۆرویج بۆ گواستنەوەی زانیاری و تەکنۆلۆژیا ببەستێت. هەروەها، بەشداریکردن لە کۆنفرانسە جیهانییەکان و هاوبەشکردنی ئەزموونەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەتوانێت سوودی زۆری هەبێت.

سێیەم: پەروەردە و ڕاهێنانی تایبەتمەند

ئەم بەرنامانە دەبێت لە سێ ئاستدا جێبەجێ بکرێن: قوتابخانەکان، زانکۆکان و دامەزراوە ئەمنیەتی و یاساییەکان. لە قوتابخانەکاندا، پێویستە مامۆستایان ڕاهێنانی پێویست بۆ ناساندنی نیشانەکانی سەرەتایی توندڕەوی لەناو قوتابیان وەربگرن. ئەمە پێویستی بە گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن هەیە بۆ ئەوەی بابەتەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دانیشتن لەسەر جیاوازیی بیروباوەڕ زیاد بکرێن.

لە زانکۆکاندا، پێویستە بەشێکی تایبەتمەند بۆ لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا دابمەزرێنرێت. ئەم بەشە دەتوانێت ماستەر و دکتۆرا لە بواری بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی پێشکەش بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی نەوەیەک لە پسپۆڕانی کورد لەم بوارەدا. هەروەها، لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر هۆکارەکانی توندڕەوی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەتوانێت ڕێنمایی باش بۆ دانانی ستراتیژیەتی گونجاو بێت.

لە دامەزراوە ئەمنیەتی و یاساییەکاندا، ئەفسەران و پارێزەران پێویستیان بە ڕاهێنانی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی فێری جیاوازیی نێوان بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی و سزادان بن. ئەم ڕاهێنانە دەبێت شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی گومانلێکراو لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە بگۆڕێت.

چوارەم: پشتگیری دەروونی و کۆمەڵایەتی

دابینکردنی چارەسەری دەروونی بۆ قوربانیان و ئەوانەی کاریگەرییان لەسەر بووە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی سەرکەوتن. ئەمە پێویستی بە دامەزراندنی تیمێکی پسپۆڕی تایبەتمەند هەیە کە ئەزموونیان لە مامەڵەی ئەم حاڵەتانەدا هەبێت. ئەم تیمە دەبێت پێکهاتبێت لە دەروونناس، کۆمەڵناس و ڕاوێژکارانی ئایینی کە هەموویان ڕاهێنانی تایبەتیان وەرگرتبێت.

هەروەها، پێویستە بەرنامەکانی پشتگیریی کۆمەڵایەتی دابین بکرێن بۆ خێزانەکانی ئەو کەسانەی بەشداری لە بەرنامەکانی بەرەنگاری بیری توندڕەوی دەکەن. ئەمە گرنگە، چونکە خێزان ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەدا دەگێڕێت. بەبێ پشتگیریی خێزان، ئەگەری سەرکەوتن زۆر کەم دەبێتەوە.

پێنجەم: دروستکردنی سیستەمی چاودێری و هەڵسەنگاندن

بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی بەرنامەکان، پێویستە سیستەمێکی وردی چاودێری و هەڵسەنگاندن دابمەزرێنرێت. ئەم سیستەمە دەبێت بتوانێت ئەم بابەتانە بخاتەڕوو: پێوانەی پێشکەوتنی تاکەکەسی، ڕێژەی گەڕانەوە بۆ چالاکی توندڕەوانە، ئاستی ڕەزامەندیی بەشداربووان و خێزانەکانیان و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی.

ئەم زانیارانە دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کۆبکرێنەوە و هەر شەش مانگ جارێک شیکاری بکرێن. ئەنجامەکان دەبێت بۆ باشترکردنی بەرنامەکان و گۆڕینی ڕێگەکان بەپێی پێویست بەکار بهێنرێن. هەروەها، دەبێت ڕاپۆرتی ساڵانە ئامادە بکرێت و لەبەردەم ئەنجوومەنی هەرێم پێشکەش بکرێت بۆ ئەوەی شەفافییەت و بەرپرسیارێتی دابین بکرێت.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

شەهیدی فەرماندە

# ئەسکەندەر زێباری

## نموونەیەك لە دڵسۆزی، ئەزموونێك بەرگری لە نیشتمان

ئامادەکردنی: عەقید ئیدریس ئەحمەد زبیر



زۆرن ئەو رۆڵە بە هەڵوێست و ئازایانەی کە ژیان و گیانی خۆیان پێشکەشی رێگەی ئازادی و سەرفرازیی خاک و نەتەوەکەیان کردووە و لە کاروانی شەهیداندا بوونەتە ئەستێرەی درەوشاوە لە ئاسمانی کوردایەتی و پێشمەرگایەتیدا.

ئەسکەندەر عەدۆ ئەسکەندەر نیعمەت، ناسراو بە ئەسکەندەر زێباری، یەکێکە لەو رۆڵە فیداکارانەی کە لە رێگەی بەرگریی لە کوردستان، گیانیشی بەخشی.

ئەسکەندەر زێباری لە رێکەوتی ١٩٦٩/١٠/٩ لە گوندی نەهێلی سەر بە قەزای ئاکرێ لەدایکبووە. لە منداڵیدا خێزانەکەیان گواستراوەتەوە بۆ گوندی کانیلان. خوێندنی سەرەتایی لە کانیلان تەواو کردووە و قۆناغی ناوەندی لە بەردەرەش خوێندووە.

**دەستپێکی چالاکی رێکخراوەیی**

لە ساڵی ١٩٨٤دا پەیوەندی بە رێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە لە رێکخراوی شەهید رەشید عەلی زێباری، کە لەو کاتەدا مەلا حەمزە شێرانەیی بەرپرسی رێکخراوی ناوبراو بووە.

لە ساڵی ١٩٩٥، بەهۆی ئاشکرابوونی وەک ئەندامی رێکخستن لە رێکخراوی ناوبراو، ناچار بوو مووسڵ بەجێ بهێڵێت و ئاوارەی دەوروبەری ئاکرێ بێت. لە گوندی گرگوران نیشتەجێ بووە. هەر لەو ساڵەدا لە پیرمام پەیوەندی کردووە بە (هێزی ٧٦ی زێبار)ی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

**پێگە و بەرپرسیارێتییەکان**

شەهید ئەسکەندەر، بەهۆی چالاکی و زیرەکییەکەی، چەندین پێگە و پلەی وەرگرتووە. بەرپرسی هەواڵگریی بەتالیۆن، بەرپرسی ئیدارەی بەتالیۆن لە هەمان هێز. لە ساڵی ٢٠٠٠ گواستراوەتەوە بۆ سوپای ١٧ی فەرماندەی دهۆک و بووە بە ئەندامی بەشی هەمان سوپا. لە ساڵی ٢٠٠١ بووە بەرپرسی ژمێریاریی هێزی یەکی سوپای ئاکرێ.

**بەشداریی لە شەڕەکاندا**

شەهید ئەسکەندەر بەشداری لە چەندین شەڕی بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستاندا کردووە. هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی شایەتی دڵسۆزی و زیرەکی و شارەزاییەکەی بوون. دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و دووبارە رێکخستنەوەی لەشکری کوردستان، شەهید ئەسکەندەر بووە بەرپرسی ئیدارەی بەتالیۆنی ٣ی هێزی دهۆکی پێشمەرگەی پاراستنی ژینگە. پاشان لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٣ بووە بەرپرسی هەواڵگریی هێزی ٢ی سوپای ٦ی ئاکرێ. لە ساڵی ٢٠١٢ بووە بەرپرسی بەشی هەواڵگریی سوپای ٦ی ئاکرێ.

**توێژینەوە و راهێنان**

شەهیدی فەرماندە بەشداریی لە چەندین خولی جۆراوجۆر کردووە و لە هەموویاندا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، بۆ نموونە، بەشداریی لە خولی ئەندازیاریی سەربازی کردووە لە سێمێل بە ناوی (ناسین و هەڵگرتنی مین)، لەسەرئاستی خولەکەدا یەکەم بووە.

ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەک لە فەرماندەیی دهۆک بە ناوی (رێککەوتننامە و پەیمانەکان لە بەرژەوەندی و دژی بەرژەوەندیی گەلی کورد لە مێژوودا)، کە لێکۆڵینەوەکەی پلەی یەکەمی وەرگرتووە.

**شەهیدبوون**

لە ساڵی ٢٠١٤، لە دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش، شەهید ئەسکەندەر رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و دانانی پلانی بەرگری هەبوو.

شەهید فەرماندە هەمیشە دەیگوت: ئارەزووم ئەوەیە لە بەرگریکردن و پاراستنی خاکی کوردستان و گەلی کورد شەهید ببم و ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەسەر لاشەکەمدا بدەن و بمنێژن.

شەهید لە ٢٠١٤/١٠/١ لە پرۆسەی رزگارکردنی رەبیعە بە دەستی تیرۆریستانی داعش شەهید بوو و لە گۆڕستانی گوندی گرگوران بە خاک سپێردرا.

سڵاو لە روحی پاکی و درود بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان.

شەهیدی زیندوو

# کەمئەندامی سەنگەر عەمید دلێر فەتاح قادر،

## ٢٢ ساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی، شەش جار بریندار بوون لە پێناو نیشتماندا

● ئامادەکردنی: حسن شێخ وەسانی

بەسەرهاتی ئەمجارەمان لە بناری پێبازی نزیک مەزاری بابەعلییەوە دەستپێدەکات، لە دەشتە کاکی بەکاکە پرپیت و بەرەکەتەکانی بازیان، ڕێک لە گوندە جوانەکەی زەرگەزێنەوە.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە ناو تەمومژی دووکەڵی قڕکردن و تەعریب و سڕینەوەی نەتەوەیەک لەلایەن دوژمنانی کوردستانەوە، منداڵێکی چاوگەش لە خێزانێکی جوتیاری گوندی زەرگەزێن لەدایک بوو. بەدەم ئێش و ئازار و چەوسانەوەی گەلەکەی گەورە دەبێت و هەمووی دەبێتە گیانی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزیی بۆ کوردستان و ڕقئەستووری بەرامبەر داگیرکەرانی نیشتیمان. بۆ خۆراگری و چاونەترسی خێزانەکەی ناوی دەنێن دلێر و بە ژەکی نیشتمانپەروەرییەوە گەورە دەکرێت. دلێرانە و شێلگیرانە شان دەداتە بەر خەبات و قوربانیدانی ئازایانە. تا لە پەلوپۆ دەکەوێت، بەردەوام بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی نیشتیمان، لە سەنگەری قوربانیدان دەبێت.

### سەرەتای ژیان و خوێندن

عەمید دلێر فەتاح قادر لە یەکی تەمموزی ساڵی ١٩٧٢ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و تا پۆلی دووەمی ناوەندی لە قوتابخانەی بازیان تەواو کردووە، بەڵام بەهۆی هەژاری و سەختی باری ژیانی خێزانەکەیەوە، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.

### ڕێگای پێشمەرگایەتی

لە ١٩٩٢/٦/٣ لە لیوای تایبەتی هێزی دووی کەرکوکی ئەوکات دەبێتە پێشمەرگە و بەم شێوەیە ڕێگای سەخت و دژواری خزمەتی نیشتمان دەستپێدەکات. دواتر گوێزراوەتەوە ئاسایشی چەمچەماڵ، دواتر چووەتە بەتالیۆنی شەشی بازیان، لەوێشەوە بۆ قاتعی دووی سلێمانی و سکرتاریەتی دوو.

لە ساڵی ١٩٩٩ کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوڵان تەواودەکات و پلەی ملازمی دوو وەردەگرێت. وەک ئەفسەرێک لە سەرۆکایەتی ئەرکان دەستبەکاردەبێت، پاشان دەگوازرێتەوە هێزەکانی پشتیوانی دوو لە یەکەی ٧٧٧ی تانکشکێن.

### ساڵانی قوربانیدان

لە ماوەی خزمەتی پێشمەرگایەتیدا، عەمید دلێر شەش جار بریندار دەبێت، هەر جارێکیان لە بەرگری لە خاکی نیشتمان و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، بەڵام دواجار لە شەشی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤، لە شارۆچکەی گوڵاڵە، کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش بوون، بۆمبی چێنراوی پێدا تەقییەوە و زۆر بە سەختی بریندار بوو.

چەندین مانگ لە نەخۆشخانەکانی کوردستان لە ژێر چاودێریی پزیشکی و چارەسەردا دەبێت. بەهۆی سەختی برینەکانی و نەبوونی چارەسەری پێویست لە کوردستان، چەند جارێک ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت. لە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ بۆ چارەسەر دەچێتە ئێران، دواتر لە ساڵی ٢٠١٧ ڕەوانەی تورکیا دەکرێت، و دواجار لەسەر ئەرکی هێزەکانی پشتیوانی دوو ڕەوانەی ئەڵمانیا دەکرێت. تا ئێستاش بە بەردەوامی لە ژێر چارەسەر و چاودێریی پزیشکیدایە.

### باری تەندروستی و کەمئەندام بوون

بەهۆی سەختی و زۆری برینەکانی، جەستەی عەمید دلێر برستی لێ براوە و بووەتە کەمئەندام. چاوی ڕاستی بە تەواوی لەدەست داوە، هەردوو گوێچەی بیستنی بە ڕێژەی لە سەدا حەفتا لەدەستداوە، باری هاوسەنگی جەستەی تێکچووە بە شێوەیەک بە دارشەق نەبێت ناتوانێ بە پێوە بوەستێت و ڕێ بکات. ڕوخساری شێواوە و گوێی لای چەپیشی بە تەواوی لەدەست داوە.



### ژیانی خێزانی

عەمید دلێر لە ساڵی ١٩٩٠ ژیانی خێزانی لەگەڵ خاتوو ئەمیرە پێکهێناوە و خاوەنی پێنج منداڵە بە ناوەکانی: هاوەمەند، هاوژین، هاوناز، هاوسەر و هاوڕاز. هەرچەندە خێزانێکی خۆشەویست و یەکگرتوون، بەڵام بەهۆی نەخۆشی و ناجێگیریی تەندروستی عەمید دلێرەوە، بە پەرێشانی دەگوزەرێنن.

ئێستا لە شارۆچکەی بەکرەجۆی سلێمانی دەژین و چاوەڕوانی باشتربوونەوەی تەندروستی عەمید دلێر و ژیانێکی ئاسوودەترن.

چیرۆکی عەمید دلێر فەتاح قادر نموونەیەکی ڕوونی ئەو قوربانی و فیداکارییە کە پێشمەرگەکانی کوردستان لە پێناوی پاراستنی نیشتیمان و گەلەکەیاندا کردوویانە. ئەو وەک ئەو هەزاران پێشمەرگە برینداری کە ئێستا لە ژێر چاودێریی پزیشکیدان، شەهیدە زیندووەکانی نەتەوەکەمانن کە نابێت لەبیر بکرێن و پێویستە کۆمەڵگە و حکومەت لەگەڵیان بوەستن و پشتیوانییان لێبکەن.

بە هیوای باشتربوونەوەی تەندروستی عەمید دلێر و ژیانێکی بەختەوەرتر بۆ ئەو و خێزانە بەڕێزەکەی و بە هیوای ئەوەی کە هیچ کاتێک ئەو قوربانییە گەورانەی پێشمەرگەکانمان لەبیر نەکەین.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## چیرۆکی سەرکەوتووەکان

# لە کەرکوکەوە بۆ واشنتۆن



## گەشتی سەرکەوتنەکان لە شارێکی ستەمدیدەوە بۆ خوێندن لە ناوەندی دەسەڵاتی جیهان

● ئامادەکردنی: محەمەد یاسین

عەقیدی ئەندازیار موراد تاریق حەسەن، یەکێک لە ئەفسەرانی بەتوانای وەزارەتی پێشمەرگە، لە مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵەدا بە سەرکەوتوویی لە زانکۆی بەرگریی نیشتیمانی ئەمریکا دەرچووە و بڕوانامەی ماستەری لە بواری دراسەتی ستراتیژیی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە.

### دەستپێکی ژیان و خوێندن

عەقید موراد لە ساڵی ١٩٨١دا لە شاری کەرکووک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی هەر لەو شارە تەواو کردووە. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە سەرکەوتوویی لە زانکۆی تەکنەلۆجی بەغدا، بەشی ئەندازیاریی شارستانی دەرچووە.

### خزمەت لە وەزارەتی پێشمەرگە

دوای تەواوکردنی خوێندن گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٦دا، عەقید موراد لە وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠٠٩دا کۆلێژی سەربازی قەڵاچۆلانی تەواو کردووە و پلەی ملازمی پێ بەخشراوە. لە ماوەی خزمەتکردنیدا، چەندین پۆستی گرنگی وەرگرتووە، وەک سەرۆک بەشی ڕێگابانی لە بەڕێوەبەرایەتی ئەشغاڵی سەربازی، جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان (٢٠١٩) و فەرماندەی کەتیبەی ئەشغاڵ و ئەندازەی سەربازی.

### خوێندنی نێودەوڵەتی

لە چوارچێوەی پەرەپێدانی زانستی و پیشەییدا، عەقید موراد چەندین بڕوانامەی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە، لەوانە لە ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی دیپلۆمی زمان لە ئوسترالیا بەدەست هێناوە، لە ساڵی ٢٠١٨ بڕوانامەی ماستەر لە بواری بەڕێوەبردنی ئەندازیاری لە مالیزیا وەرگرتووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٤ بڕوانامەی ماستەر لە لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی بەرگریی نیشتیمانی ئەمریکا بەدەستهێناوە.

### زانکۆی بەرگریی نیشتیمانی ئەمریکا

ئەم زانکۆیەی کە لە ناوەڕاستی واشنتۆن، پایتەختی ئەمریکا داڕاوە، یەکێکە لە گرنگترین ناوەندە ستراتیژییەکانی جیهان. زانکۆکە چوار بەشی سەرەکی لەخۆدەگرێت: کۆلێژی جەنگی نیشتیمانی، کۆلێژی کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی، کۆلێژی ئایزنهاور و کۆلێژی ئاسایشی ئەلیکترۆنی.

مەرجەکانی وەرگرتن لەم زانکۆیە زۆر ورد و سەختن. ئەفسەران دەبێت پلەیان لە عەقید بەرزتر بێت و نمرەیان لە تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزیدا لە ٨٠ کەمتر نەبێت. هەروەها پێویستە نمرەی زیاتر لە ٨٥ بۆ وەرگرتنی بڕوانامە بەدەست بهێنن. ساڵانە ئەفسەرانی زیاتر لە حەفتا وڵات لەگەڵ ئەفسەرانی پلە باڵای ئەمریکا لەم زانکۆیەدا دەخوێنن.






## نوێنەرایەتیکردنی دۆزی کورد

یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی عەقید موراد لەم قۆناغەدا، بەکارهێنانی ئەم دەرفەتە بووە بۆ ناساندنی کورد و کوردستان بە کاربەدەستانی ئەمریکا و ئەفسەرانی نێودەوڵەتی.

لە ڕوونکردنەوەیەکدا عەقید موراد باسی ئەوەی کرد کە «زۆرجار هەڵە تێگەیشتن هەبووە لە دۆزی کورد لەلایەن ئەفسەرانی بەشدار لە خول و خوێندنەکان لە ئەمریکا. بۆ نموونە، ئەفسەرێکی سوپای سەڵتەنەتی عومان وای دەزانی کورد هەر بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، بەڵام تەنها شێوە زاری جیاوازە.»

لە ماوەی یەک ساڵی مانەوەی لەم زانکۆیەدا، عەقید موراد لەگەڵ نوێنەرانی ٧٥ وڵات پەیوەندیی دۆستانەی دروست کردووە و توانیویەتی وێنەیەکی ڕاست و دروستی کورد و کوردستان پیشان بدات و بۆ هاوڕێکانی خوێندنی ڕوونکاتەوە کە کورد خاوەنی مێژوویەکە لە تێکۆشانی ڕزگاریی نیشتمانی بە تایبەتی خۆی کوڕی شارێکی کوردستانی ستەمدیدەی داگیرکەرانی کوردستانە.

## میواندارییی بەرپرسانی باڵا

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم زانکۆیە ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێکی چوارشەممە بەرپرسێکی باڵای ئەمریکا یان وڵاتانی گەورە میوان دەبێت و وتارێکی ستراتیژی پێشکەش دەکات. دواتر فێرخوازان دەتوانن پرسیاری لێ بکەن یان پەیامیان بگەیەنن.

عەقید موراد لە هەموو ئەم بۆنانەدا بەشداری کردووە و پەیامی پێشمەرگە و کوردستانی گەیاندووە بە زۆربەی ئەو بەرپرسانە، لە ناویاندا سەرۆکی وڵات، وەزیری بەرگری، سەرۆکی ئەرکانی سوپا و بەرپرسانی دیپلۆماسی.

## دەستکەوتێک بۆ ئایندەی کورد

ئێستا کە موراد گەڕاوەتەوە کوردستان و بڕوانامەی ماستەری سەربازی لەم زانکۆیە مێژووییە بەدەستهێناوە، دەستکەوتەکانی زۆرن. «دۆستی ٧٥ وڵاتمان بۆ کورد پەیدا کردووە، ئێستا ئەو ئەفسەرانە دەزانن کورد کێیە، کوردستان چییە، پێشمەرگە چ هێزێکە.»

بەڵام موراد هیواداره ئەمە تەنها دەستپێکێک بێت. پێشنیازی سەرەکی ئەو بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەیە کە ساڵانە لانیکەم یەک ئەفسەری بەتوانا و زمانزان بۆ ئەم کۆرسە بنێردرێت. ڕایگەیەند «کاتێک نوێنەرایەتی نەتەوەیەک دەکەیت، کەسایەتیت ڕەنگدانەوەی لەسەر وێنەی کورد دەبێت».

ئێستا موراد لە بەشی گەشەپێدان و لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە کاردەکات، بەڵام ئەزموون و ئەو پەیوەندییدیانەی کە لە واشنتۆن پەیدای کردوون، دەبنە سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ خزمەتی کورد و کوردستان لە ئایندەدا.

چیرۆکی موراد تاریق حەسەن وانەیەکە بۆ پێشمەرگە، لەوەی کە کورد دەتوانێت لە هەموو شوێنێک سەربەرز بێت، تەنها پێویستی بە ئیرادە و ئامادەکاری هەیە. لە کەرکووکەوە تا واشنتۆن، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە پێگەی کورد و هەوڵ و تێکۆشانی ئەفسەرانی پێشمەرگە لە توانایدایە سوود لە ناوەندەکانی ئەکادیمی سەربازی وەرگرێت و هەنگاو لە دوای هەنگاو بەهێزتر بێت.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## تەوەری ژمارە

# ژیری دەستکرد.. چەکی سەردەم

## پێشمەرگە و ئەرکی نوێی هۆشیاری و بەرگری

● ئا : عقید قارەمان مەهدی

ژیری دەستکرد (AI)، وەک بوارێکی تەکنەلۆژیای نوێ بووەتە راستییەک، کە کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان داناوە، بەتایبەتی لە بواری سەربازیدا بوەتە چەکێکی کاریگەر لە هەردوو رووی هێرش و بەرگریدا، بۆ هێزێکی وەک پێشمەرگە، کە زیاتر پشتی بە ئازایەتی و ورەی بەرزو ئیرادەی پۆڵایینی تاکەکانی بەستووەو هاوکات لەرووی توانا سەربازییەکانیەوە هەنگاوی مێژووی و گرنگی ناوە، پێویستە ژیری دەستکردیش وەک بەشێکی تازە لە ئەرکە سەربازییەکان بەشێوەی فەرمی و دیسپلینکراو، ئاوێتەی ئەرکەکانی بکات، لەهەمان کاتدا زانیاری لەسەر ئەم تەکنەلۆژیایە هەبێت و هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. لە کاتێکدا چاوەڕواندەکرێت لە داهاتوودا ژیری دەستکرد کاریگەریی قووڵتری لەسەر بوارەکانی ژیان و بەتایبەتی بواری سەربازی هەبێت. واتە ژیری دەستکرد بابەتێکی ئاسایی و لاوەکی نییە، بەڵکو بوەتە بەشێک و هۆکارێک بۆ بەهێزترکردنی تواناکان و دانەبڕان لە پێشکەوتنەکان.

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە:

١. ژیری دەستکرد چ رۆڵ و کاریگەرییەکی لەناو هێزی سەربازی هەیە و، چۆن بەکاردەهێنرێت؟.

٢. پێشمەرگە تا چەند زانیاری زاستی و تەکنیکیانەی لەسەر ئەم تەکنەلۆژیایە هەیە؟ لە کاتێکدا لەناو موبایلی زیرەک، کە هەمووان لەبەردەستمانە، بە جۆرەها شێوە ژیری دەستکرد ئامادەیەو دەتوانرێت بەکاربهێنرێت؟.

٣. ئایا پێشمەرگە لەلایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ژیری دەستکرد خاوەن زانیاری و فێربوون و مامەڵەی پێویست و تەندروستە؟.

٤. پێویستە پێشمەرگە چی بکات بۆ ئەوەی سوود لەم تەکنەلۆژیایە وەربگرێت و هاوکات هۆشیارییەکی وای هەبێت، کە لە زیانەکانی ئاگادار بێت و بتوانێت خاوەن توانای بەرگری ئەلیکترۆنی بێت و لە هێرشی خراپەکاریانەی ژیری دەستکردی دوژمن و نەیارەکان خۆی و یەکەکەی بپارێزێت؟.

٥. پێشمەرگە دەبێت هۆشیارانە ئەو راستیە بزانێت، کە ژیری دەستکرد لە بواری سەربازیدا چەکێکی دوو سەرەیە، بۆیە ئێمەی پێشمەرگەی کوردستان دەبێت خۆمان بکەین بە خاوەنی هۆشیارییەکی کاراو بەهێزکردنی تواناکانمان و، لە ئەرکەکانی بەگریماندا شارەزاییانە و ئازایانە سوودی لێوەربگرین.

# رۆڵی سەرباز لە سەردەمی ژیری دەستکرد دا

## کاریگەریەکان و خۆپارێزی

لەگەڵ پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیای ژیری دەستکرد (AI)، شێوازی شەڕکردنیش بە خێرایی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تاکی سەرباز لەم سەردەمەدا پێویستە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بگونجێنێت و تواناکانی ژیری دەستکرد بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاربهێنێت، هاوکاتیش خۆی لە مەترسییەکان بپارێزێت.



### مەترسییەکانی مۆبایلی زیرەك لە ژینگەی سەربازیدا

ئەندامانی هێزە سەربازییەکان، بەهۆی بەکارهێنەرانی مۆبایلی زیرەک لە کاتی ئاشتی و بەتایبەتی لە کاتی شەڕدا، ڕووبەڕووی چەندین جۆری مەترسی دەبنەوە. ئەم مەترسییانە تەنها لەو کاتەدا دروست نابن کە سوپاکە بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو مۆبایل بۆ پەیوەندی و کاروباری میدیایی بەکاردەهێنێت؛ بەڵکو مەترسیی ڕاستەقینەکە لە بەکارهێنانی کەسیدایە کە بێ ئاگایانە ، یان نابەرپرسانەو گوێنەدان بە ڕێنماییەکان بەکاریبهێنێت.

١. پێشکەشکردنی دیاری بۆ دوژمن: شارەزایانی بواری ئاسایش دووپاتی دەکەنەوە، کە ئەو سەربازانەی مۆبایلی زیرەک هەڵدەگرن، دەکرێت ببنە دیاری یان ئامانجێکی ئاسان بۆ دوژمن. هەر پەیوەندییەک، نامەیەکی کورت، وێنە یان ڤیدیۆیەک کە لە پێگەیەکی سۆشیال میدیادا بڵاودەکرێتەوە، دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەک بۆ هەواڵگری دوژمن.

٢. لاوازیی ئەمنیی مۆبایل و کۆکردنەوەی داتا: مۆبایلە زیرەکەکان تا ڕادەیەکی زۆر سەلامەت نین، جا بۆ بەکارهێنانی مەدەنی بێت یان سەربازی. ئەوان هۆکارێکن بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوەی داتای بەکارهێنەر بەتایبەتی بۆ هاککەرەکان و دەزگا سیخوڕییەکانی وڵاتان.

- دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە تایبەتییەکان: چاودێر و هێرشە سیخوڕییەکان دەتوانن نامەی کورت بخوێننەوە، بەدواداچوون بۆ پەیوەندییەکان بکەن، وشەی نهێنی کۆبکەنەوە، شوێنپێی مۆبایلەکە هەڵبگرن، دەستیان بگات بە مایکرۆفۆن و کامێراکەی، و زانیاری لە ئەپڵیکەیشنەکان دەربهێنن.
- سیستەمێکی ئۆتۆماتیکیی چاودێری: سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنیکی ئینتەرنێت مۆبایلی زیرەکی گۆڕیوە بۆ سیستەمێکی ئۆتۆماتیکی کە بە بەردەوامی لەگەڵ خاوەنەکەیدا کارلێک دەکات، شوێنی دیاری دەکات، گوێی لە قسەکانی دەبێت، وێنەی دەگرێت. ئەمەش هەڕەشەیەکی بەردەوامە بۆ سەر ئاسایشی تاک و هێزە سەربازییەکان.

٣. فراوانبوونی مەترسییەکان : شارەزایانی ئاسایش و بەرگری ئاماژە بەوە دەکەن کە هەڕەشەکانی مۆبایل تەنها لە بەرەکانی شەڕدا سنووردار نین، بەڵکو لە سەربازگە و بارەگاکانیشدا پێویستە بە هۆشیاری و سنووردارییەوە بەکاربهێنرێت، چونکە زانیاری کۆکردنەوە و هەواڵگری دوژمن بە بەردەوامی چالاکە.

٤. مۆبایل وەک جگەرە نوێیەکەی سەنگەر: فەرماندەیەکی سەربازی مەترسییەکانی مۆبایل بەراورد دەکات بە مەترسییەکانی جگەرەکێشان لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، کاتێک پریشکی کبریت یان درەوشانەوەی جگەرەیەک دەیتوانی یارمەتی قەناس بەدەستەکان بدات بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی دوژمن. ئێستا، سیگناڵی مۆبایل و داتاکانی وەک (جگەرە نوێیەکە)ی ناو سەنگەرەکانن و دەتوانن ببنە هۆی مەترسی.

### ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن لە مەترسییەکانی ژیری دەستکرد

بۆ پاراستنی ئاسایش و زانیارییە سەربازییەکان، پێویستە پلانی تۆکمە دابڕێژرێت و ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر، بۆ نمونە:

١. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک لە ناوچە هەستیارەکان: لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، نزیک بەرەکانی جەنگ، و لە خاڵە ستراتیژییە هەستیارەکاندا، پێویستە تەنها مۆبایلی سادە (بێ ئینتەرنێت و GPS) بەکاربهێنرێت، یان بە تەواوی هیچ مۆبایلێک بەکارنەهێنرێت تەنها

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەلایەن کس و تیمی تایبەتەوە نەبێت. ئەم ڕێکارە دەبێت لە کاتی ئاساییدا لە بارەگا و سەربازگەکانیشدا جێبەجێ بکرێت و لە کاتی شەڕدا دوو هێندە توندتر بێت.

٢. کوژاندنەوەی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندی و دیاریکردنی شوێن: خزمەتگوزارییەکانی (Wi-Fi ،GPS، بلوتوس) دەبێت هەمیشە لە ناو مۆبایل، کۆمپیوتەر، و ئایپاددا کوژابنەوە. بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزارییانە تەنها لە کاتی زۆر پێویستدا و بۆ ئەو ئەفسەر و پێشمەرگانە بێت کە ئەرکی تایبەتیان پێسپێردراوە و بەم ئامێرانە جێبەجێی دەکەن، بە مەرجێک بە سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی باڵا بێت.

٣. جیاکردنەوەی ئامێرەکان (کەسی و سەربازی): پێویستە مۆبایل و کۆمپیوتەری کاری سەربازی بە تەواوی لە ئامێرە کەسییەکان جیا بکرێنەوە. نابێت هەمان ئامێر بۆ کاری ڕۆژانە و ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەکاربهێنرێت.

٤. بەکارهێنانی بەرنامەی پارێزگاری و ئەمنی بەهێز: بەکارهێنانی (VPN) و ئەنتی ڤایرۆسی بەهێز لەسەر گشت ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بۆ پاراستنیان لە هێرش و دزەپێکردنی ئەلیکترۆنی زۆر گرنگە. هەروەها، بەکارهێنانی کۆدی قورس و گۆڕینی بەردەوامی وشەی نهێنی.

٥. هۆشیاری بەرامبەر بە سۆشیال میدیا و زانیارییە هەستیارەکان: پێشمەرگە نابێت هیچ زانیارییەکی هەستیار (وەک وێنە، ڤیدیۆ، شوێنی جوگرافی، ناوی هاوسەنگەران، ژمارەی پێشمەرگەکانی یەکەکەی، سەنگەرەکەی، جۆر و ڕێژەی چەک و تەقەمەنی) لە سۆشیال میدیا یان هەر پلاتفۆرمێکی گشتیدا بڵاوبکاتەوە. هەروەها ڕاهێنانی بەردەوام لەسەر مەترسییەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناکۆنترۆڵکراو.

٦. پەروەردە و ڕاهێنانی بەردەوام: پێویستە پێشمەرگەکان بە بەردەوامی ڕابهێنرێن لەسەر مەترسییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و چۆنییەتی خۆپاراستن لە هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکانی دوژمن.

مۆبایلی زیرەک، وەک شۆڕشێک لە شێوازی تۆمارکردنی ڕووداوەکان و شەڕەکاندا، دەرفەتی گەورەی ڕەخساندووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانێت ببێتە تەڵەیەکی کوشندە بۆ ئەو سەربازانەی کە بێ ئاگا هەڵیانگرتووە و بەکاریدەهێنن. بۆیە لەم سەردەمەی جەنگی دیجیتاڵیدا، هۆشیاریی پێشمەرگە و پابەندبوونی بە ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن، بنەماو هۆکارێکی پێویستە بۆ پاراستنی ئاسایشی تاک و یەکە سەربازییەکان، و مسۆگەرکردنی سەرکەوتن لە ئۆپەراسیۆن و بەرەکانی بەرگریدا.

## چۆن سەرباز لەگەڵ ژیری دەستکرد مامەڵە بکات؟

مامەڵەی سەرباز لەگەڵ سیستەمەکانی ژیری دەستکرد پێویستی بە گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوە و گەشەپێدانی کارامەیی نوێ هەیە:

١. ڕاهێنانی بەردەوام و تێگەیشتنی تەواو:

سەرباز دەبێت ڕابهێنرێت لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامێر و سیستەمانەی کە ژیری دەستکردیان تێدایە (وەک درۆنی زیرەک، سیستەمەکانی شیکردنەوەی داتا، یان ئامێرەکانی یارمەتیدەری بڕیار). تێگەیشتن لە تواناکان و سنوورەکانی ئەم سیستەمانە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بزانێت کەی و چۆن پشتیان پێ ببەستێت.

٢. متمانە بەڵام پشتڕاستکردنەوە :

نابێت سەرباز بە شێوەیەکی کوێرانە متمانە بە پێشنیارەکانی سیستەمێکی ژیری دەستکرد بکات. پێویستە هەمیشە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی هەبێت و زانیارییەکان لەگەڵ واقیعی مەیدانی و ئەزموونی خۆیدا بەراورد بکات. ژیری دەستکرد یارمەتیدەرە، بەڵام بڕیاری کۆتایی لە ئەستۆی مرۆڤدایە.

٣. تێگەیشتن لە بنەماکانی کارکردن:

پێویست ناکات سەرباز ببێتە پسپۆڕی ژیری دەستکرد، بەڵام دەبێت



تێگەیشتنێکی بنەڕەتی هەبێت لەوەی کە سیستەمەکە چۆن کاردەکات و چۆن داتا شیدەکاتەوە. ئەم تێگەیشتنە یارمەتی دەدات بزانێت کەی ئەگەری هەیە سیستەمەکە هەڵە بکات یان لە دۆخێکی دیاریکراودا بە باشی کارنەکات.

٤. گونجاندن لەگەڵ تەکنیک و ئۆپەراسیۆنی نوێ:

ژیری دەستکرد دەتوانێت تاکتیکە سەربازییەکان بگۆڕێت.

## خۆپاراستنی سەرباز لە ژیری دەستکردی دوژمن

بە هەمان شێوەی سوپاکەی خۆمان، دوژمنیش تەکنەلۆژیای ژیری دەستکرد بەکاردەهێنێت، بۆیە خۆپاراستن لەم هەڕەشانە زۆر گرنگە. تاکی سەرباز دەتوانێت ئەم ڕێکارانە بگرێتەبەر:

١. وریایی لە زانیارییە چەواشەکارەکان :

دوژمن دەتوانێت ژیری دەستکرد بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی هەواڵی ساختە، ڤیدیۆی چەواشەکارانە، پڕوپاگەندەی کاریگەر بۆ تێکدانی ورەی سەربازان و گومان دروستکردن. سەرباز دەبێت ڕابهێنرێت لەسەر ناسینەوەی ئەم جۆرە هەڕەشانە و تەنها پشت بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو ببەستێت.

٢. تەکنیک و جلوبەرگی نوێی خۆشاردنەوە:

سیستەمەکانی ناسینەوەی وێنە (Image Recognition) کە لەسەر بنەمای ژیری دەستکرد کاردەکەن، زۆر زیرەکن و دەتوانن بە ئاسانی ئامانجەکان بدۆزنەوە. سەربازان پێویستیان بە جلوبەرگ و تەکنیکی خۆشاردنەوەی نوێ هەیە (وەک شاردنەوە لە دژی سپێکتری ئینفرەسوور، یان تەکنیکەکانی هەڵخەڵەتاندنی ژیری دەستکرد) کە بتوانێت توانا و بینابیەکانی ژیری دەستکرد هەڵبخەڵەتێنێت.

٣. کەمکردنەوەی شوێنپێی دیجیتاڵی:

دوژمن دەتوانێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتای مۆبایل، سۆشیال میدیا، ئامێرە زیرەکەکان، و پەیوەندییەکانەوە شوێنی سەربازان و یەکەکان بدۆزێتەوە. بۆیە دەبێت سەربازەکان زۆر وریا بن لە بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی کەسی لە ناوچە ئۆپەراسیۆنییەکاندا و پابەندبن بە ڕێنماییە ئەمنییەکان.

٤. ئامادەبوون بۆ شەڕی ئەلیکترۆنی و بەرگری سایبری:

دوژمن لەوانەیە هەوڵی تێکدانی سیگناڵی GPS، پەیوەندییەکان، یان تەنانەت کۆنترۆڵکردنی درۆنەکان و سیستەمەکانی تر بدات. سەرباز دەبێت ڕاهێنانی لەسەر کارکردن بەبێ پشت بەستن بەم تەکنەلۆژیایانە کردبێت (بۆ نموونە، بەکارهێنانی نەخشە، قیبلەنما، و شێوازی پەیوەندیی کۆن) و توانای بەرگریکردنی هەبێت لە هێرشە سایبرییە سادەکان.

٥. پاراستنی کارامەییە بنەڕەتییەکان و توانای مانەوەی سەربازی:

گەورەترین مەترسی، پشت بەستنی تەواوەتییە بە تەکنەلۆژیا. سەرباز دەبێت هەمیشە کارامەییە بنەڕەتییەکانی وەک نیشانەشکێنی، جوگرافیای سەربازی، مانۆڕی تاکتیکی، مانەوە لە دۆخە سەختەکاندا، و سەرکردایەتیکردنی کەمەندکیش بە بەهێزی بهێڵێتەوە. ئەم کارامەییانە گرنگن چونکە لەوانەیە ڕۆژێک بێت تەکنەلۆژیا لەکاربکەوێت یان لەلایەن دوژمنەوە کۆنترۆڵ بکرێت، یان ببێتە ئامانج.

سەردەمی ژیری دەستکرد دەرفەتی گەورە بۆ پێشکەوتنی توانای سەربازی دەڕەخسێنێت، بەڵام هاوکاتیش مەترسی نوێی لەگەڵدایە. تاکی سەرباز، وەک



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بناغەی هەر سوپایەک، پێویستە بەردەوامی خۆی بگونجێنێت و پەرە بە تواناکانی بدات. ئامادەکردنی سەربازان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژیری دەستکرد و خۆپاراستن لە هەڕەشەکانی، کلیلە بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن لە شەڕی داهاتوودا.

## ژیریی دەستکرد کەرەستەیەکی جەنگی سایبەری

لەگەڵ پەرەسەندنی جەنگی سایبەری لە نێوان وڵاتان و گروپ و قەوارەکاندا، ژیری دەستکرد وەک توخمێکی سەرەکی دەردەکەوێت.

ژیری دەستکرد ڕۆڵی بەسوودیشی هەیە کە هەڕەشەکان ئاشکرا دەکات و کەلێنەکان دیاری دەکات بۆ چارەسەرکردنیان، و بژاردەکانی وەڵامدانەوە پێشنیار دەکات؛ بەم شێوەیە کارێکی بەرگری ئەنجام دەدات کە پاڵپشتیی تیمە مرۆییەکانی تایبەت بە بەهێزکردنی پاراستنی ئەلیکترۆنی دەکات.

لەبەرانبەردا ڕۆڵێکی هێرشبەرانەشی هەیە؛ لە سیخوڕی، چەواشەکاریی میدیایی، و دروستکردنی ناوەڕۆکی ساختەدا.. هەموو ئەمانە دەکەونە چوارچێوەی جەنگی سایبەرییەوە کە تیایدا ژیری دەستکرد بەکاردەهێنرێت. لە هەمان کاتدا، وەک وتمان سیستەمەکانی ژیری دەستکرد دەتوانن ڕووبەڕووی هێرشی وەهمی ببنەوە بۆ شیاکرکردن ، چارەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

پێشبڕکێی پەرەپێدانی تەکنەلۆجیای سەربازیی لەسەر ژیری دەستکرد بە شێوەیەکی بەرچاو هێرشە سایبەرییەکان زیاد دەکات و ڕوونی دەکاتەوە، کە تێکەڵکردنی ئامێرەکانی جەنگی سایبەری و تەکنەلۆژیای ژیری دەستکرد لەوانەیە ببێتە هۆی پەرەپێدانی جۆرە نوێیەکانی نەرمەکاڵای زیانبەخش.

ڕووداوەکان دەریدەخەن، کە جەنگی سایبەری چیتر بابەتێکی تەکنیکیی پەراوێزخراو نییە، بەڵکو بووەتە بەشێکی سەرەکی لە بیروباوەڕەکانی ڕێگری و هێرشی وڵاتان و گرووپەکان بە هەمان شێوە. لەگەڵ هاتنەکایەی ژیری دەستکرد، شێوازەکانی برین، پەکخستن و یاریکردن بە زانیارییەکان خێراتر و ئاڵۆزتر دەبن. گرەوی ئەمڕۆ لەسەر دروستکردنی بەرگریی دیجیتاڵییە لە ڕێگەی نوێکردنەوەی یاساکان، نیشتیمانیکردنی شارەزاییەکان، دەستپێکردنی هاوبەشیی کاریگەر لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت، و پەیڕەوکردنی ڕاهێنانی شێوەکاری و وەڵامدانەوە. بەبێ ئەوە، لەوانەیە شەڕەکانی بێ فیشەک بگۆڕێن بۆ هەندێ جۆری جەنگ کە لە ڕووی تێچوونەوە هیچیان کەمتر نەبێت لە هاوشێوە کلاسیکەکانیان.

> ”سەرباز دەبێت توانای گونجاندنی خێرای هەبێت لەگەڵ ئەو ستراتیژ و تەکنیکە نوێیانەی کە ژیری دەستکرد دروستیان دەکات یان کاریگەرییان لەسەری هەیە“



# ژیری دەستکرد لە زانستی سەربازیدا

● ئامادەکردنی: محەمەد مەحمود بادلی



زانستی سەربازی دەکرێت بە چوار بەشی سەرەکییەوە: ستراتیژ، تاکتیک، لۆجیستی، تەکنۆلۆژیای سەربازی، لەناو لێکۆڵینەوەکانی زانستی سەربازیدا ژیری دەستکرد دەچێتە چوارچێوەی تەکنۆلۆژیای سەربازییەوە، کە ئەویش بەسەر چەندین بەشدا دابەش دەکرێت. ژیری دەستکرد وەکو بەشێکی نوێ و جیاواز و سەربەخۆ لەناو تەکنۆلۆژیای سەربازیدا جێی خۆی گرتووە.

تەکنەلۆژیای سەربازی بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیووە، هەریەک لەو قۆناغانە بەو داهێنانانە دیاریکراون کە لە بنەڕەتەوە جەنگ و شەڕیان لە قاڵب داوەتەوە:

**١. پێش مێژوو و سەردەمی کۆن (چاخی بەردین بۆ سەرەتای چاخی ئاسنین):** بە گونجاندنی ئامرازە سەرەتاییەکان وەکو چەقۆ و رم بۆ شەڕ دەستپێیکرد، پاشان پێشکەوت بۆ بەکارهێنانی کانزای سەرەتایی (برۆنز پاشان ئاسن) بۆ دروستکردنی شمشێر و قەڵغان. هەروەها ئەم سەردەمە سەرهەڵدانی گالیسکە و گەماڕۆدانی سەرەتایی بەخۆیەوە بینی، کە بووە هۆی پێکهێنانی یەکەم سوپای گەورە و سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتەکان.

**٢. سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست (ساڵانی ٤٠٠ بۆ ١٤٥٣ زایینی):** سەردەمی باڵادەستی هێزی سوارچاک و ئەسپسواری، قەڵا و شورا بەردینە ئاڵۆزەکان و ئامێرەکانی گەماڕۆدانی وەکو مەنجەنیق، چەکی پیادەی وەکو کەوانە درێژ و کەوانە چەقۆییەکان ناوبانگێکی زۆری هەبوو لەو سەردەمەدا.

**٣. شۆڕشی باروت (ساڵانی ١٤٥٣ بۆ ١٨٠٠ زایینی):** ئەم سەردەمە بە زیادبوونی هێز و بڵاوبوونەوەی تۆپ و چەکی دەستی barووت (مەسکێت) پێناسە دەکرێت. چەکی باروت قەڵا تەقلیدییەکانی بەزاند و هاوسەنگی هێزی بەرەو دەوڵەتە ناوەندییەکان گۆڕی کە توانای دابینکردنی بودجەی زەبەلاحیان هەبوو بۆ بەرهەمهێنانی ئەم چەکە نوێیانە. شەڕی دەریاییش گۆڕانکاری بەسەردا هات و کەشتییەکان بوونە بارهەڵگری تۆپخانەیی و هەموو جەستەیان کرا بە تۆپهاوێژ.

**٤. شۆڕشی پیشەسازی و شەڕی میکانیکی (ساڵانی نزیکەی ١٨٠٠ بۆ ١٩٤٥ی زایینی):** بەهۆی بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ و سەرچاوە نوێیەکانی وزە (مەکینەی هەڵم، مەکینەی سوتەمەنی، کارەبا) ئەم قۆناغە داهێنانی خێرای بەخۆیەوە بینی. داهێنانە سەربازییە سەرەکییەکانی ئەوکات بریتی بوون لە چەکی ڕشێنەر و خێرا، تەقەمەنییە بەرزەکان، ژێردەریایی، فڕۆکەی سەربازی و تانک. هەروەها هێڵی ئاسنین و کەشتییە هەڵمییەکان شۆڕشێکی گەورەیان لە بواری لۆجستیدا بەرپاکرد.

**٥. سەردەمی ئەتۆم ( ساڵانی ١٩٤٥ بۆ ١٩٩٠ی زایینی):** داهێنانی چەکی ئەتۆمی و هەڕەشە وجودییەکانی ئەم چەکە، سیمای دیار و جیاکەرەوەی ئەم سەردەمە بوون. پاشان مووشەکی بالیستی کیشوەربڕ (ICBMs) پەرەی پێدرا. پێشکەوتنە بەرچاوەکانی تر بریتیبوون لە فڕۆکە سەربازییەکان و موشەکی سەرەتایی ڕێنمونیکراو و بەکارهێنانی سەرەتایی مانگی دەستکرد بۆ مەبەستی سەربازی.

**٦. سەردەمی زانیاری / دیژیتاڵی (ساڵانی ١٩٩٠ هەتا ئێستا):** سەردەمی زانیاری ئەم سەردەمەی ئێستامان دەگرێتەوە کە تێیداین. شۆڕشی دیژیتاڵی سەرنجی تەواوی لەسەر دەسەڵاتی زانیارییە دیژیتاڵییەکانە. تەکنەلۆژیا و سیما سەرەکییەکانی ئێستا بریتین لە جی پی ئێس(سیستەمی دیاریکردنی شوێن)، تەقەمەنی و موشەکی ڕێنمونیکراوی زۆر ورد، بەکارهێنانی بەربڵاوی درۆن و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، شەڕی تۆڕیی جاڵجاڵۆکەیی (بەستنەوەی هەستەوەرەکان بە تەقەکەرەکانەوە، وەکو بەستنەوەی درۆنێک بە تۆپخانەیەکەوە)، فڕۆکە تارماییە پێشکەوتووەکان و جەنگی سایبەری (ئەلیکترۆنی). هەروەها بەکارهێنانی ژیری دەستکرد بۆ مەبەستی سەربازی لە ئێستادا دەخرێتە چوارچێوەی ئەم قۆناغەوە، بەڵام بێگومان لە داهاتوودا بەپێشکەوتنی زیاتری بوارەکە دەبێتە سەردەمێکی جیاکەرەوەی جیاواز و وەکو سەردەمی ژیری دەستکرد ناودەبرێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# لەنێوان ئامێر و یاسادا

## ژیری دەستکرد و نیگەرانییە ئەخلاقی و یاساییەکان

عمیدی مافپەروەر/ محەمەد سدیق حەمەد

پێشکەوتنەکانی بواری ژیری دەستکرد هەموو کات جێیی دڵخۆشی و ئاسودەیی نین، ڕاستە بەرەوپێشچوونێکی گەورەی زانستی نیشان دەدات، بەڵام بەستراونییە بە بەرەوپێشچوونی ئاستی مەعریفی و ئەخلاقی وڵاتانی خاوەنی پرۆگرامەکە. تەنانەت پێش داهێنانی و لەگەڵ دەرکەوتنی ئاماژە سەرەتاییەکانی ژیری دەستکرد ئەم بابەتە بووە جێگای نیگەرانی بیرمەندان و نووسەران. نەک هەر نیگەرانی هەیە لەسەر شێوازی بەکارهێنانی لە کەرەستە و چەک و تەکنۆلۆژیا سەربازییەکان، بگرە زۆرێک پێیان وایە هەر لە بنەڕەتەوە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد لە بواری سەربازیدا کارێکی مەترسیدارە و پێویستە بە یاسا سنووری بۆ دابنرێت.

چەقی نیگەرانییە ئەخلاقییەکانی ئەم بابەتە تەیارکردنی توانای کوشندەی سەربەخۆیە بۆ ئامێرەکان. ئەو ئامێرانەی کە توانای ناسینەوە و دیاریکردن و لێدانی ئامانجەکانیان هەیە بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی مرۆڤ. واتا کەمتر باس لە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد دەکرێت لە بەشەکانی لۆجیستی و فەرماندەیی و شیکردنەوە و پەیوەندییدا، بەڵکو نیگەرانییەکە لەسەر چەکە کوشندەکانە کە ئەم جۆرە سیستەمانە بە شێوەیەک کاردەکەن لە بنەڕەتەوە پەیوەندییان بە بەها مرۆییەکان پچڕاوە و هیچ هەست و سۆزێکیان نییە. بیرمەندان و چاودێران بەهەموو شێوەیەک پێدانی توانای سەربەخۆی بڕیاردان بە ئامێرەکان ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە ئەوە ڕادەستکردنی ژیان و مردنە بە ئامێرێکی سارد و سڕ و بێ هەست، کە هیچ سنور و بەهایەکی ئاینی و مرۆیی و ئەخلاقی و ویژدانی نییە.

یاسا مرۆییەکان بە تایبەتی بنەماکانی (دادپەروەری لە شەڕدا)، پێداگری لە جیاکردنەوەی شەڕکەر و هاوڵاتی مەدەنی دەکەن، هەروەها ڕێژەی بەکارهێنانی هێزیش سنوردار دەکەن و ئازاری ناپێویستیش قەدەغە دەکەن. ئەم ستانداردە ئەخلاقییانە لە ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی چەسپێندراون، بەڵام ئاخۆ تەکنەلۆژی ئێستای ژیری دەستکرد پابەندبوونی یاسایی و ئەخلاقی هەیە؟ پرۆگرامە سەربازییەکانی ژیری دەستکرد لەسەر بنەمای داتا و ئەلگۆریتمەکانی پێشوەختە-ڕاهێنراو کاردەکەن، ڕەنگە لە سیناریۆی ئاڵۆز و ڕاستەقینەی مەیدانی جەنگدا شکستبهێنێت و مل بۆ یاسا و ڕێککەوتنەکان کەچ نەکات. لەوانەیە سیستەمێکی ژیری دەستکرد بە هەڵە کەسێکی مەدەنی وەک سەرباز پۆلێن بکات بەهۆی زانیاری یان لێکدانەوەیەکی هەڵە ئەمەش کارەساتی لێبکەوێتەوە.

جگە لەوەش، نەمانی لێپرسینەوەی مرۆڤ، یەکێکی دیکەیە لە نیگەرانییە ئەخلاقییە بەرچاوەکان. کاتێک سەربازێکی مرۆڤ لە شەڕدا بڕیارێک

دەدات، ئەو بڕیارە لە ڕووی ئەخلاقی و یاساییەوە شوێنپێی سەربازەکە هەڵدەگرێت، بەڵام لەگەڵ پرۆگرام و سیستەمی سەربەخۆدا بەرپرسیارێتی لە نێوان ئەندازیارانی پرۆگرام و پسپۆڕانی داتا و دەوڵەت و فەرماندە و سەربازە ئیشپێکەرەکاندا بڵاودەبێتەوە و ون دەبێت. ئەم بۆشایی لێپرسینەوەیە دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان ئاڵۆز دەکات و مەترسی تێکدانی ڕەفتاری ئەخلاقیشی هەیە بە دروستکردنی بۆشاییەک لە نێوان بڕیاری کوشتن و بەرپرسیارێتی ئەخلاقیدا.

کاتێک درۆنێکی ژیری دەستکرد زرێپۆشێکی دوژمن دەدۆزێتەوە، بەڵام منداڵێک لە نزیک زرێپۆشەکەیە ئاخۆ ئەم درۆنە هیچ هەستێکی بۆ منداڵەکە دەبێت؟ یاخود ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر زرێپۆشەکە و منداڵەکەشی لەگەڵ دەکوژێت؟ ئەگەر گریمان هەستکردن بە گرنگی منداڵی بۆ زیادکرا، بەڵام لەهەمان کاتدا کۆدێکی دراوەتێ کە لەناوبردنی زرێپۆشەکە زۆر گرنگە و ئامانجێکی مەترسیدارە، ئاخۆ هەستکردن بە منداڵیش گرێنتی ئەوە دەدات لەناوبردنی ئامانجەکە بۆ درۆنەکە لەگیانی منداڵەکە لەپێشتر نەبێت؟! ئەگەر ئەم ڕووداوە لە جیهانی ڕاستیدا ڕوویدا کێ بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت، سەربازی ئیشپێکەر یاخود فەرماندە یان پرۆگرامەر یاخود کۆمپانیای دروستکەر یان وڵاتی هەناردەکاری سەرچاوەی کۆدەکان یان درۆنێکی سارد و سڕ و بێ گیان؟ لەکاتێکدا مەترسی هەیە کۆدەکان وابکەن درۆنەکە بەسەر ئیرادەی سەربازی ئیشپێکەریشدا زاڵ بێت و لەفەرمان دەربچێت چونکە وا پرۆگرام کراوە کە ئەم زرێپۆشانە دەبێت لەناوببردرێن!.

## هۆکارە سەرەکییەکانی دژایەتی ئەخلاقی ژیری دەستکرد

**بۆشایی لێپرسینەوە:** ڕەنگە ئامێرە سەربەخۆکان کردەوەی کوشندە ئەنجام بدەن بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت.

**پێشێلکردنی بنەما مرۆییەکان:** بنەما سەرەکییەکانی وەک ڕێژەیی لەنێوان پێویستی هێرشەکە لەچاو ئەگەری زیانە مەدەنییە چاوەڕوانکراوەکان، و جیاوازی لە نێوان شەڕکەران و مەدەنییەکان قورستر دەبن بۆ دڵنیابوونەوە.

**لەدەستدانی حوکمدانی ئەخلاقی مرۆڤ:** ئامێرەکان هاوسۆزی و تێگەیشتنی سۆزداری و چوارچێوەیەکیان نییە کە پێویستن بۆ بڕیارە کوشندەکان.

**زیادبوونی مەترسی شەڕی کۆنترۆڵنەکراو:** جێگیرکردنی ئامێرە سەربەخۆکان لە بەرەکانی جەنگ ئەگەری شکاندنی ئاگربەست و نانەوەی پشێوی و هەڵگیرساندنی جەنگ زۆر زیاتر دەکات.

**ڕەتکردنەوەی ڕای گشتی و جیهانی:** دژایەتی گشتی بەرفراوانی بیرمەندان و ڕێکخراوەکان و بانگەوازە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێکخستن و سنوردارکردنی ژیری دەستکرد لە سەربازیدا، ڕەنگدانەوەی نیگەرانی قووڵ و مەترسییەکی جددیە.

## پێویستی بەستنی پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ تایبەت بە ژیری دەستکرد

وەک گووتمان تێکەڵکردنی خێرای ژیری دەستکرد لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە مۆدێرنەکاندا، تەحەدای ئەخلاقی و یاسایی و مرۆیی دەخاتەڕوو. چوارچێوە یاساییەکانی ئێستا، لەوانەش ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ، لەسەردەمێکدا مۆرکراون کە شەڕ لەلایەن مرۆڤەکانەوە ئەنجامدەدرا و سەرباز و فەرماندە بڕیاری ڕاستەوخۆی لە بەرەکانی شەڕ دەدا، بەڵام سبەی کۆمپیوتەر و ئەلگۆریتمەکان توانایان دەبێت ئامانجەکان هەڵبژێرن، فڕۆکە بێفڕۆکەوانە خۆگەڕەکان دەتوانن بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ بۆردوومانی ئامانجەکان بکەن، هەروەها چەکی ئەلیکترۆنی بەهێرشی سایبەری دەتوانێت ژێرخانێکی گەورەی مەدەنی تێکبدات بەبێ ئەوەی یەک فیشەک بتەقێنێت.

بۆیە لێرەدا پرسیاری ئەوە دێتە کایەوە کە ئایا یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی ئێستا (IHL) لە ئاستی ئەم مەترسیانە دەبێت؟ ئایا ڕێککەوتنێکی نوێی جنێڤ پێویستە بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی ژیری دەستکرد لە شەڕی چەکداری داهاتوو؟.

ڕێککەوتننامەکانی یەکەم و دووەمی جنێڤ باسی سەربازەکان و هاوڵاتی مەدەنی و بەڕێوەبردنی شەڕ و پێکدادانەکان و بەکارهێنانی هەندێک چەک دەکەن. هەروەها باسی بنەماکانی وەک جیاکاری و ڕێژەیی و پێویستی سەربازی دەکەن، بەڵام بۆ حوکمدانی مرۆڤ داڕێژراون نەک لۆژیکی ئەلیکترۆنی. سیستەمی ژیری دەستکرد بە تایبەتی لە چەکی سەربەخۆ و خۆگەڕدا لەوانەیە ئەو تێگەیشتنە بنەڕەتییە یاخود درککردنە ئەخلاقییەیان نەبێت کە پێویستە بۆ جیاکردنەوەی نێوان ئامانجێکی سەربازی شەرعی و کەس و ئامانجێکی ناشەرعی، بە تایبەت لە ژینگە ئاڵۆزەکان یان شارەکاندا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵەنگاریانە، زۆرێک لە بیرمەندان و یاساناس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان داوای پێداچوونەوە بە پەیماننامەکانی پێشوو یاخود داڕشتنەوەی ڕێککەوتنێکی نوێی جنێڤ دەکەن کە تایبەت بێت بە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد لە کردە سەربازییەکاندا. ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە دەکرێت ئەمانە لەخۆبگرێت:

١. بەکارهێنان و سنووری قبوڵکراوی سیستەمی چەکی خۆگەڕ دیاری بکات.

٢. سەپاندنی چاودێری کارای مرۆڤ بەسەر سیستەمەکانی ژیری دەستکرد لە کردە سەربازییەکاندا.

٣. دانانی نەخشە ڕێگایەکی ڕوونی لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتی یاسایی لەکاتی سەرپێچی و لادانەکاندا.

٤. قەدەغەکردنی بەرنامەی پێشخستنی ژیری دەستکرد بۆ ئاستێکی پڕ مەترسی و لە سنور دەرچوو، بۆ نموونە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی لە پرۆژەی ئەتۆمی و موشەکی بالیستی کیشوەربڕ.

هەروەها ئەم ڕێککەوتنە پێویستی بە ڕەچاوکردنی مەیدانە نوێیەکانی تری وەک جەنگی سایبەری هەیە کە ژیری دەستکرد لە ڕێگەیەوە مەترسی ناڕاستەوخۆ، بەڵام گەورە و جددی لەسەر دامەزراوە مەدەنییەکان و سەقامگیری جیهانی دروست دەکات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ژیری دەستکرد لە جەنگدا

## چاودێری و کۆنترۆڵ و بەرپرسیارێتی

● ئامادەکردنی: هاوکار محەمەد محەمەد

ژیری دەستکرد شۆڕشێکی لە جەنگی هاوچەرخ دروست کردووە، لە ڕێگەی چاودێری پێشکەوتوو، بڕیاردانی سەربەخۆ و کۆنترۆڵی زیاتری مەیدانی جەنگ. لە کاتێکدا AI کاریگەری سەربازی زیاد دەکات، هەروەها نیگەرانی ئەخلاقی، یاسایی و ستراتیژی گرنگ سەبارەت بە بەرپرسیارێتی و چاودێریش دروست دەکات. بۆیە پێویستە لە ڕۆڵی AI لە چاودێری سەربازی، سیستەمەکانی فەرمان و کۆنترۆڵ و ئاستەنگەکانی دەستەبەرکردنی بەرپرسیارێتی لە جەنگی سەربەخۆدا بکۆڵینەوە.

بە شیکردنەوەی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە و کارپێکردنی سەربازی، هەروەها کاریگەرییەکانی جەنگی AI بۆ ململانێکانی داهاتوو چی دەبێت. تێکەڵکردنی AI لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا سروشتی جەنگ دەگۆڕێت. وڵاتان سیستەمی چاودێری، چەکی سەربەخۆ و ئەلگۆریتمی بڕیاردان پەرە پێدەدەن بۆ بەدەستهێنانی سوودی ستراتیژی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم گۆڕانە تەکنەلۆژیایە کێشەی ئەخلاقی و یاسایی دەخاتە ڕوو، بەتایبەتی سەبارەت بە بەرپرسیارێتی بۆ کردارەکانی AI لە مەیدانی جەنگدا. پرسی بەرپرسیارێتی لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی AI هێشتا بابەتێکی گرنگە لە یاسای نێودەوڵەتی و ئەخلاقی سەربازی.

### AI لە چاودێری سەربازیدا

چاودێری هەمیشە بەردی بناغەی ستراتیژی سەربازی بووە. AI تواناکانی چاودێری بەهێز دەکات، لەڕێگەی ناسینەوەی ئامانجی ئۆتۆماتیکی. هەستەوەرەکانی AI و ئەلگۆریتمی فێربوونی ئامێر دەتوانن بڕێکی زۆر داتا لە مانگی دەستکرد، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و فڕۆکەی سیخوڕی شیبکەنەوە، جوڵەی دوژمن و هەڕەشە شاراوەکان بە وردی بەرز بناسنەوە (Geiß & Lahmann, ٢٠٢٠). ئەلگۆریتمی AI چالاکییە سەربازییەکانی ڕابردوو شیدەکاتەوە، بۆ پێشبینیکردنی کردارەکانی داهاتووی دوژمن. وەزارەتی بەرگری ئەمریکا وەبەرهێنانی لە شیکاریی پێشبینیکەر بە AI کردووە بۆ باشترکردنی سیستەمەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت (Allen & Chan, ٢٠١٧) فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی AI دەتوانێت سەربەخۆ کار بکات، مەیدانی جەنگ بپشکنێت و هەواڵگری بنێرێت بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ (Roff, ٢٠١٩)، لە کاتێکدا ئەم پێشکەوتنانە هۆشیاری سەربازی لە جەنگدا زیاد دەکەن، هەروەها مەترسی وەک هەڵە دیاریکردنی ئامانجەکان و ئەگەری لایەنگرانی AI لە هەڵسەنگاندنی هەڕەشەدا دەخاتەڕوو. بڕیاردەرانی سەربازی پشت بە سیستەمی یارمەتیدەری AI دەبەستن، بۆ شیکردنەوەی خێرای سیناریۆی مەیدانی جەنگ. بۆ نموونە، ناتۆ ئامرازی AI بۆ بەهێزکردنی بڕیاردانی ستراتیژی پەرەپێداوە (Schmitt, ٢٠٢٢).

تیمی مرۆڤ و ئامێر: کارکردنی

پێکهاتەی فەرماندەیی سەربازی بە سیستەمەکانی لەدۆخی لەناکاودا گرنگە، بە پشت بەستن بەزانیاری AI (Horowitz، ٢٠١٨), سیستەمەکانی ئەلیکترۆنیAI دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ هێرشی ئەلیکترۆنی بدۆزنەوە و بەرەنگاری ببنەوە، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی کۆنترۆڵی مرۆڤ لە وەڵامدانەوەی ئۆتۆماتیکی تەحەدایەکی یاسایی و ئەخلاقی دروست دەکات (Taddeo & Floridi, ٢٠١٨). بەکارهێنانی AI لە جەنگدا پرسیاری بنەڕەتی دروست دەکات، لە یاسای مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی پێویستی بە بەرپرسیارێتی مرۆڤ هەیە لە جەنگدا. لەگەڵ ئەوەشدا، سیستەمەکانی AI کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن ئەرکی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی جەنگ ئاڵۆزتر دەکات (Asaro, ٢٠١٨). مەترسی چەکی کوشندەی سەربەخۆ: سیستەمی چەکی کوشندە (LAWS) نیگەرانی دروست دەکات سەبارەت بە زیادبوونی نەخوازراو و پێشێلکردنی ئەخلاقی. نەتەوە یەکگرتووەکان گفتوگۆی لەسەر ئەگەری قەدەغەکردنی چەکی تەواو سەربەخۆ کردووە (Boulanin, ٢٠١٩). ئەلگۆریتمەکانی AI دەتوانن لایەنگری لە داتای ڕاهێناندا ڕەنگ بداتەوە، کە دەبێتە هۆی ناسینەوەی هەڵە و ئامانجی هەڵە. دڵنیابوون لە شەفافییەت لە بڕیاردانی AI زۆر گرنگە بۆ کەمکردنەوەی زیانی لاوەکی (Crootof, ٢٠١٦). پێشبینی دەکرێت AIلە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەداهاتوودا پەرە بسەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی چوارچێوەی بەرپرسیارێتی ڕوون و نیگەرانی ئەخلاقی سەبارەت بە چەکی سەربەخۆ مەترسی گەورە دروست دەکات. بۆ کەمکردنەوەی ئەم تەحەدایانە، دامەزراوە سەربازییەکان دەبێت چاودێری یاسایی دابمەزرێنن، چاودێری مرۆڤ لە جەنگی AI دابین بکەن و پابەند بن بە یاسا نێودەوڵەتیەکان. پێویستە لە داهاتوو جەخت لەسەر پەرەپێدانی چوارچێوەی ئەخلاقی AI و میکانیزمی لێپرسینەوەی بەهێز بکرێتەوە، بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی بەرپرسیارانە لە کار و بەرنامە سەربازییەکان.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# هۆشدارییەکانی پرسی ژیری دەستکرد

## بەزاندنی سنورە یاسایی و مرۆییەکان .. کوشندەترکردنی شەڕ

ئامادەکردنی: گەرمیان

ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)، پێشبڕکێیەکی نوێی چەک ئاشکرا دەکات کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی ژیری دەستکردەوە هەیە لە پەرەپێدانی چەک و ئەنجامدانی شەڕەکاندا. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو ئامراز و چەکانەی دەتوانن ژیری دەستکرد بەکاربهێنن، بە قەبارەیەکی زیاتر لە شوێنەکانی وەک غەززە و ئۆکرانیا بەکارهێنراون، لە کاتێکدا ڕێژەی خەرجکردن و ڕێژەی خەرجییەکان بۆ ئەم جۆرە چەکانە لە زیادبووندایە. ئاماژەی بەوەشکردووە، خواست لەسەر سیستەمی ستۆرم کلاود هەیە، وەک یەکێک لە سیستەمەکانی پەرەپێدانی چەک و بەکارهێنانی ژیری دەستکرد لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و ئۆپەراسیۆنەکانی چاککردنەوەی فڕۆکە جەنگییەکان.

لەبەرامبەردا شارەزایانی بواری مافەکانی مرۆڤ و یاسایی هۆشداری دەدەن، کە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد لە بواری سەربازیدا شەڕ کوشندەتر دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری شەڕ لە نێوان زلهێزەکاندا.

توانای سوپاکان لە شەڕەکاندا وایلێهاتووە وەک بەشێک لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی پشت بە ژیری دەستکرد ببەستن، ئەمەش پاڵ بە ئەمریکا و چینەوە دەنێت بۆ ئەوەی بچنە ناو کێبڕکێیەک بۆ باڵادەستی لەم بوارەدا بە مەبەستی دارشتنی نەخشەی جیهانی داهاتوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەمان گۆڤار، هەرچەندە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژیری دەستکرد ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێناوە، بەڵام زلهێزەکان دەیان ساڵە چاویان لە بەکارهێنانی سەربازی ژیری دەستکردە. لە ساڵی ٢٠١٤وە ئەمریکا خەریکی بنیاتنانی بناغەی یەکخستنی AI لە بواری سەربازیی خۆیدا.

لە توێژینەوەیەکی ئەم دواییەی کۆمپانیای RAND Corporation کە دامەزراوەیەکی فیکریە، دەرکەوتووە کە ژیری دەستکرد ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە مۆدێرنکردن و چاککردنەوەی فڕۆکە جەنگییەکان، بە پێشبینیکردنی ئەوەی، کەی ئەو فڕۆکانە پێویستیان بە چاککردنەوە دەبێت.

چەند وڵاتێک کێبڕکێ دەکەن بۆ پەرەپێدان و دروستکردن و خاوەندارێتی (چەکی هایپەرسۆنیک) کە پشت بە ژیری دەستکرد دەبەستێت و دەتوانێت یاساکانی یارییەکە لە شەڕەکاندا بگۆڕێت، بە لەبەرچاوگرتنی توانای هێرشکردنە سەریان بە خێرایی و ئەگەری هەڵدانی لە دووری زۆرەوە و توانای هەڵدانی و خۆشاردنەوەیان لە زۆربەی ئامێرەکانی بەرگری ئاسمانی.

گۆڤارەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە هێزی دەریایی بەریتانیا ڕایگەیاندووە، یەکەی دۆزینەوەی مین ساڵێک تاقیکردنەوەی لە کەنداوی عەرەبی تەواو کردووە، بە بەکارهێنانی بەلەمێکی بچووک و بێ سەرنشین کە دەتوانێت لە قوڵایی دەریادا بەدوای میندا بگەڕێت و کەشتی یان یەکە دیاریکراوەکانی تر ئاگادار بکاتەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، AI دەتوانێت سیگناڵێک لە ناوەڕاستی ژاوەژاوەکەدا یان شتێک لە ناوەڕاستی پرۆسەکاندا ببینێت، و دیاری بکات کە ئایا بارهەڵگرێکە یان تانکە، بەلەمێکی ماسیگرتن یان ژێردەریایی، بەڵام ناسینەوەی شەڕکەرە مرۆییەکان دەتوانێت زیاتر ئاڵۆز بێت.

هۆشداری یەک لە دوای یەک سەبارەت بە مەترسیەکانی بەکارهێنانی ژیری دەستکرد بۆ دروستکردنی چەکی کوشندە، نیگەرانی لەسەر پەرەسەندنی خێرا و بێ کۆنترۆڵی ئەم سیستەمە زیرەکانە دروستکردووە، هاوکات شارەزایان ئاشکرای دەکەن، کە تا چەند دەتوانرێت ئەم سیناریۆیە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەدی بهێنرێت.

ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیست دەڵێت، ژەنەراڵێکی خانەنشینکراوی ئەمریکی و میک رایان، جەنەراڵێکی خانەنشینکراوی ئوسترالیا، پرۆگرامی گێسارتای ئۆکرانیا کە زانیاری لەسەر ئامانجەکانی ڕووسیا بۆ تۆپخانە کۆدەکاتەوە، لە ئێستاوە دەتوانێت لیستی ئامانجە ئەگەرییەکان دروست بکات بەپێی ویستی سەرکردەکان.

هێزی ئاسمانی ئەمریکا لەم دواییانەدا داوای لە کۆمپانیای RAND Corporation کرد هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکات کە ئایا ئامرازەکانی AI دەتوانن زانیاری و بژاردە بدەن بە فڕۆکەیەکی جەنگی بۆشایی ئاسمان کە مامەڵە لەگەڵ هەڕەشەیەکی ئەگەری مانگی دەستکرددا دەکات. ئەنجامەکەی ئەوەیە کە AI لە ڕاستیدا دەتوانێت ئامۆژگاری کوالیتی بەرز پێشنیار بکات.

نوام لۆبێل، لە زانکۆی ئێسێکس دەڵێت: ئەم بەرنامانە ناتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان سەربازێکی باڵا کورت کە چەکی ڕاستەقینەی بەدەستەوەیە و منداڵێک کە دەمانچەیەکی یاری بەدەستەوەیە، یان لەنێوان سەربازێکی بریندار کە کەوتووە بەسەر تفەنگەکەیدا و قەناس بەدەستێک کە ئامادەیە بۆ تەقەکردن.

شارەزایان هۆشداری دەدەن لە هەڵەی ئەو چەکانەی کە پشت بە ژیری دەستکرد دەبەستن، ئاماژە بەوە دەکەن ئەو هەڵانەی کە لە ئەنجامی ئەو چەکەوە دروست دەبن دەتوانن وێرانکەر و ترسناک بن.

www.alhurra.com کیف یؤثر الذكاء الاصطناعي في الحروب؟

# پرۆژەی مەیڤن

## گەورەترین پرۆژەی ژیری دەستکرد لە بواری سەربازیدا

● ئامادەکردنی: سەروان باپیر



پرۆژەی مەیڤن داهێنانێکی گەورەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکایە، کە لە تێکەڵکردنی ژیری دەستکرد و سیستەمی فێربوونی ئامێر لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا خۆی دەبینێتەوە. لقێکی ژیری دەستکردە کە وادەکات ئامێرەکان لە وەرگرتن و شیکارکردنی نموونەکان بە تێپەڕینی کات خۆیان فێری زانیاری و شیکاری و بابەتی نوێ بن هاوشێوەی مرۆڤ ئەزموون پەیدابکەن. پڕۆژەکە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە دەستیپێکردووە و ئامانجی سەرەکی بریتییە لە زیادکردنی خێرایی لە وردبینی پرۆسەکانی هەواڵگری و چاودێری و سیخوڕیکردن لەڕێگەی بە ئۆتۆماتیکیکردنی شیکاری و لێکدانەوەی قەبارەیەکی گەورە لە داتای بەدەستهاتووی وەک وێنە و ڤیدیۆکان.

سەرەتا پرۆژەی مەیڤن سەرنجی لەسەر بەکارهێنانی ژیری دەستکرد بوو بۆ لێکدانەوەی ڤیدیۆی شتە جوڵۆکەکان کە لەلایەن فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە دەنێردرانەوە ناوەندی کۆنترۆڵی ئۆپراسیۆنەکان. ئەم داهێنانە نوێیە توانی کاری بەرچاو لەسەر شانی شیکەرەوە سەربازییەکان کەم بکاتەوە، بەشێوەیەک سیستەمەکە دەتوانێت لە ڕێگەی خوارزمیات و شیکاری بیرکارییەوە بەخێرایی تەنە گوماناوییەکان دیاری بکات و پۆلێنیان بکات، وەک دیاریکردن و شوێنپێ هەڵگرتنەوەی ئۆتۆمبێلی سەربازی جوڵاو. کە ئەگەر ئەم سیستەمە نەبێت ڕەنگە نەبیندرێن یان پێویستیان بە هەوڵی زۆر و تیمێکی گەورە هەبێت. سیستەمەکە وەها دارێژراوە لە کۆتایی هەر دیاریکردنێکدا دەبێت شیکەرەوەیەکی سەربازی زانیارییەکە پەسەند بکات ئینجا بۆ لایەنی هێرشکاری دەنێرێت. بەم پشتڕاستکردنەوە و ڕەتکردنەوەی زانیارییەکان لەلایەن شیکەرەوە سەربازییەکانەوە سیستەمەکە خۆکارانە خۆی فێردەکات و ئەزموونی زیاتر وەردەگرێت و ئەگەری هەڵە لەداهاتوودا کەمتر دەکاتەوە.

### کارئاسانی ئەرکەکان

لە نموونەی پڕۆسەی ئازادی عێراقدا، سوپای ئەمریکا بۆ ساغ کردنەوەی ئەم داتایانە پێویستی بە هەزاران سەرباز و چەندین کاتژمێر هەبوو تا دەیانتوانی شوێنی یەکەیەکی زرێپۆش و جوڵەکەیان دیاریبکەن، بەڵام ئەگەر ئەوکات ئەم سیستەمە بوونی هەبوایە تەنها چەند سەد کارمەندێک بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپراسیۆنی دیاریکردنی ئامانجەکان بەس بوون، هەروەها لە ڤیدیۆیەکی درێژدا کە فڕۆکەیەکی چاودێری دەینارددەوە تەنها چەند خولەکێک بەس بوو تا هەموو کەرەستە و کەلوپەل و ئامێر و بارەگا و جوڵە سەربازییەکان دیارییکات. ئەم چەند سەد کارمەندەش وەکو پابەندبوونێکی ئەخلاقییە بۆ ساغکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکە دەنا سیستەمەکە دەتوانێت هەبێت بۆ دیاریکردنیان. لە ئێستادا پڕۆژەکە هەر لەوەدا نەماوەتەوە ڤیدیۆی درۆنەکان شیبکاتەوە، بەڵکو توانای سیستەمی مەیڤن فراوانتر کراوە تا بتوانێت داتا جۆراوجۆرە بەدەستهاتووەکان لە مانگە دەستکردەکان و تیشکی ژێر سوور و ڕادار و سەرچاوەکانی دیاریکردنی شوێنی جوگرافیش شیبکاتەوە. تێکەڵکردنی ئەم هەموو داتا جۆراوجۆرەش ئەگەری هەڵە کەم دەکاتەوە و تێگەیشتنێکی ڕوونتر لە مەیدانە جەنگ بۆ ژووری ئۆپراسیۆنەکان دابیندەکات. هەروەها کاتی دۆزینەوەی ئامانجەکانیش زۆر کەمتر دەکاتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA



## تایبەتمەندیەکان

بۆنموونە سیستەمی مەیڤن دەتوانێت سەربەخۆیانە ڤیدیۆ و وێنە و داتا ڕادارییەکان شیبکاتەوە و نیشانە لەسەر ئەو تەنۆلکانە دابنێت کە پێی وایە بارهەڵگری سەربازییە نەک بارهەڵگرێکی ئاسایی، هەروەها دەتوانێت جۆری تانکەکان بناسێتەوە و دیاریان بکات. یاخود بە چاودێریکردنی بەردەوامی بارەگایەکی سەربازی دەتوانێت درک بە جیاوازییە ئەندازیارییەکان بکات لە پێکهاتەی بارەگاکەدا، ئەمەش واتا دەتوانێت ژووری ئۆپراسیۆن ئاگاداربکاتەوە لەوەی لایەنی بەرانبەر سەرقاڵی دەستکاریکردنی بارەگاکەیەتی، یاخود سەرقاڵی هێنانی هێزی زیاتر و پێداویستی لۆجیستین، وە دەتوانێت کات و شوێنی جوڵەکانیان دیاری بکات.

ئەم سیستەمە لە ئێستادا بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەمریکاوە بەکاردەهێندرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئامێر و جوڵەکانی سوپای ڕووسیا لە خاکی ئۆکرانیاداو هەڵدەستێت بە گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ سوپای ئۆکرانیا. سیستەمەکە بە بەراورد بەوەی نوێیە و هێشتا لەژێر پەرەپێداندایە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، بەڵام ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگیش دەبێتەوە لە ساغکردنەوەی زانیارییەکان و تێکەڵکردنی وێنەکان و ناسینەوەیان.

هەروەها سیستەمەکە دەتوانێت فەرمانی هێرش دەربکات، بەڵام توێژەران پێیان وایە هێشتا بەتەواوی ناتوانێت باشترین میتۆدی هێرشەکە دیارییکات. بۆنموونە ناتوانێت بەباشی بڕیاربدات لە کات و شوێنێکی دیارکراودا بۆ هێرشکردنە سەر تانکێک ئاخۆ درۆنێک باشترە یان فڕۆکەیەکی بۆمبەری ستراتیژی. ڕەنگە بڕیاربدات فڕۆکە بۆمبەرەکە هێرشەکە ئەنجامبدات لەکاتێکدا ژووری ئۆپراسیۆن پێیان باشتربێت جارێ موشەکەکانی بۆمبەرەکە بپارێزن !

پێشـــــــمەرگە
گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## لە ناپلیۆنەوە بۆ ژیریی دەستکرد

# شۆڕشی فەرماندەیی سەربازی

● ئامادەکردنی: ڕائید ئارام ناسیح

سەرەڕای دوو سەدە لە پەرەسەندنی تەکنەلۆژی، پێکهاتەی فەرماندەیی سەربازیی مۆدێرن هێشتا ڕەنگدانەوەی مۆدێلی سوپاکەی ناپلیۆنە. ئەم پێکهاتە کلاسیکیە، بۆ بەڕێوەبردنی سوپای گەورە و جەنگی سەردەمی پیشەسازی داڕێژراوە، چیتر لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی جەنگی ئەمڕۆدا ناگونجێت. زیادبوونی بوارەکانی شەڕ وەک فەزا و زانیاری، بووەتە هۆی هەڵئاوسانی قەبارەی بارەگاکان، کە دەرئەنجامەکەی کەمبوونەوەی کاریگەری و دروستبوونی کابوسێکی هەماهەنگییە. ئەم بارەگا فراوانانە بوونەتە ئامانجێکی ئاسان بۆ چەکە وردبینەکانی سەردەم، هەروەک چۆن لە جەنگی ئۆکرانیادا «گۆڕستانی بارەگاکانی فەرماندەیی» شاهیدی ئەم لاوازییە ستراتیژییەن. ئەم دۆخە پێویستییەکی بنەڕەتی بۆ پێداچوونەوەیەکی ڕیشەیی بە فەلسەفەی فەرماندەیی و بەڕێوەبردن دەخاتەڕوو.

### بریکارە زیرەکەکان وەك چارەسەری ئاڵۆزیی فەرماندەیی

لەنێو ئەم قەیرانەدا، «بریکارە زیرەکەکان» (AI Agents) وەک چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە دەردەکەون. ئەمانە نەرمەکاڵای ئۆتۆنۆمین کە لەسەر بنەمای مۆدێلە زمانییە گەورەکان کاردەکەن و توانای ئۆتۆماتیکیکردنی ئەرکە ڕۆتینییەکانی دەستەی ئەرکانیان هەیە. ئەم بریکارانە دەتوانن بە خێرایی زانیاری لە هەواڵگری سەرچاوە جیاوازەکانەوە یەکبخەن، مۆدێل بۆ هەڕەشەکان دروست بکەن و ڕەشنووسی پلانە ئۆپەراسیۆنییەکان دابڕێژن. لەم مۆدێلەدا، مرۆڤ لە چەقی پرۆسەکەدا دەمێنێتەوە، بەڵام توانای پێدانی فەرمانی خێراتر و وەرگرتنی زانیاریی وردتری دەبێت. تاقیکردنەوەکان دەریانخستووە ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت بژاردەی داهێنەرانە و داتا-تەوەر بخاتە بەردەم فەرماندەکان، بەجۆرێک پرۆسەی پلاندانان خێراتر و کاریگەرتر دەکات.

### دەستەی ئەرکانی داهاتوو: مۆدێلی خۆگونجێنەر

بۆ دیاریکردنی باشترین دیزاینی ستافی داهاتوو، توێژینەوەکان ئاماژە بە «مۆدێلیدەستەی ئەرکانی خۆگونجێنەر» دەکەن. ئەم مۆدێلە لەسەر بنەمای سووڕێکی بەردەوامی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ئامێر کاردەکات. تێیدا، پلاندانان لە پرۆسەیەکی یەك ئاڕاستە و جێگیرەوە دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی زیندوو و دینامیکی. بریکارە زیرەکەکان بە شێوەیەکی بەردەوام داتا لە دۆکترینی سەربازی، مێژووی جەنگەکان و زانیاریی نوێی مەیدانی وەردەگرن و پلانەکان نوێ دەکەنەوە. دەرئەنجام، لەبری یەک پلانی تۆکمە، «لیستێکی دەوڵەمەندی بژاردە» بۆ فەرماندە بەرهەم دەهێنرێت تا لێیان بکۆڵێتەوە و گونجاوترینیان هەڵبژێرێت.

### هاوسەنگیی نێوان متمانە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

بێگومان بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە بێ ئاڵنگاری نییە. مەترسیی سەرەکی بریتییە لە «لایەنگریی ئۆتۆماتیکی»، کە مەیلی مرۆڤە بۆ پشت بەستنی کوێرانە بە دەرئەنجامەکانی سیستەمە زیرەکەکان. ئەمە لەوانەیە ببێت بەهۆی پشتگوێخستنی هەڵە شاراوەکانی سیستەمەکە. هاوکات، مەترسیی «پووکانەوەی کارامەیی» لە ئارادایە، تێیدا ئەفسەران بەهۆی پشتبەستنی زیاد لە پێویست بە ئامێرەکان، توانای شیکاری و پلاندانانی سەربەخۆیان لاواز دەبێت. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییانە پێویستی بە دانانی پرۆتۆکۆلی وردی چاودێریی مرۆیی و پەیڕەوکردنی ڕاهێنانی بەردەوامە بۆ پاراستنی کارامەییە بنەڕەتییەکان.



### پێویستیی گۆڕانکاریی دامەزراوەیی

سوودوەرگرتن لەم دەرفەتە ستراتیژییە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی دامەزراوەیی فرەلایەن هەیە. ئەمە وەبەرهێنان لە ژێرخانی ژمێریاری و پەرەپێدانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەخۆدەگرێت. بەڵام گرنگتر لە هەمووی، پێویستی بە شۆڕشێکە لە سیستەمی پەروەردەی ئەفسەراندا. دەبێت ئەفسەران فێری بنەماکانی کارکردن و دروستکردنی بریکارە زیرەکەکان بن و پۆلەکانی خوێندن وەک تاقیگە بۆ داهێنانی شێوازی نوێ لە فەرماندەییدا بەکاربهێنن. بەبێ ئەم چاکسازییانە، دامەزراوەی سەربازی مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە لەناو «تەڵەی ناپلیۆنی»دا بمێنێتەوە و چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکان لە زیادکردنی مرۆڤدا ببینێتەوە، لە کاتێکدا چارەسەری ڕاستەقینە لە گۆڕینی خودی سیستەمەکەدایە.

سەرچاوە:

Ensen, B. M. (١٣ August ،٢٠٢٥). AI is about to radically alter military command structures that haven’t changed much since Napoleon’s army. The Conversation.



# هۆشیاریی نیشتمانی

## چەکی باوەڕی پێشمەرگە

ئامادەکردنی: هۆشیار

هۆشیاریی نیشتمانی، پایەیەکی پتەوە بۆ مانەوە و پێشکەوتنی هەر گەلێک، بەتایبەتی بۆ گەلانی خاوەن دۆزی نەتەوەیین وەک گەلی کوردستان. ئەم چەمکە بریتییە لە هەستکردنێکی قووڵ بە ناسنامە، چارەنووس و ئەرکێکی هاوبەش بەرامبەر بە خاک، کەلتوور و مێژوویەکی دەوڵەمەند کە تاکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هۆشیاریی نیشتمانی تەنها پێویستییەک نییە، بەڵکو سەرچاوەی باوەڕ و ڕۆحی بەرگرییە. هەر پێشمەرگەیەک دەبێت ئەم هەستە بە بەرزترین ئاست لە هزری و ڕەفتاریدا بەرجەستە بکات، چونکە ئەو بەشێکی پێشەنگە لەم نیشتمانە و نیشتمانیش بەشێکی ئامانجدارە لە شوناسی ئەرکەکەی، بۆیە پێشمەرگە بەرپرسیارێتییەکی گەورە و ڕۆڵێکی پیرۆزی لەسەر شانە کە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ و بڕوایەکی لەبنەنەهاتوو هەیە.

### تێگەیشتنێك لە چەمكی هۆشیاری

هۆشیاری ئەو حاڵەتە دەروونییە قووڵەیە کە تێیدا عەقڵی مرۆڤ بە ئاگایە و توانای پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خۆی، دەوروبەری، و ڕووداوەکان هەیە. ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی پێنج هەستە سەرەکییەکەوە (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن و بەرکەوتن) چالاک دەبێت و زانایان بەو دۆخەی عەقڵی پێناسە دەکەن کە مرۆڤ توانای کۆنترۆڵکردنی تەواوی توانا و بەها هزری و ڕەفتارییەکانی خۆی هەیە.

### پێناسەی هۆشیاریی نیشتمانی

هۆشیاریی نیشتمانی بریتییە لە تێکەڵەیەکی بەهێز لە ناسینی خود، ناسنامەی نەتەوەیی، هەستی نیشتمانپەروەری و ئامادەیی بێسنوور بۆ خزمەتکردنی میللەت. ئەمە تەنها هەستێکی سۆزداریی کاتی نییە، بەڵکو بناغەیەکی سەرەکییە بۆ ئاسایش، سەقامگیری و گەشەپێدانی هەموو بوارەکانی ژیان. کاریگەریی ڕاستەوخۆ و قووڵی لەسەر ژیانی هەر نەتەوە و نیشتمانێک و چارەنووسی گشتی هەیە.

پرۆسەکانی چالاککردنی هۆشیاریی نیشتمانی، پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ کۆڵنەدان لە خزمەتکردنی میللەتدا. هاوکات هانی خەڵک دەدات بۆ قەدرزانینی بەها و دابونەریتی نەتەوەیی، پتەوکردنی یەکگرتوویی نێوان خەڵک، حکومەت و گشت پێکهاتەکان. لە ئەنجامدا، هۆشیاریی نیشتمانی یارمەتیدەرێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشبردنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری.

### هۆشیاریی نیشتمانی و ڕۆڵی پێشمەرگە

پەیوەندیی نێوان سوپا و نەتەوە هەمیشە پەیوەندییەکی ئۆرگانی و دانەبڕاو بووە. بوونی نەتەوەیەکی بەهێز بەبێ سوپایەکی بەهێز ئەستەمە. نەتەوە بەهێزەکان ئەوانەن کە شانبەشانی داهێنان

و پێشکەوتنە زانستی و ئابوورییەکان، خاوەنی سوپایەکی تۆکمەن. هێزی سەربازیش تەنها لە چەک و تەکنەلۆژیادا کورت نابێتەوە، بەڵکو بەشێکی گەورەی لە هۆشیاری، بیرکردنەوە و باوەڕی قووڵی سەربازەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە مێژووی پڕ لە خەباتی گەلەکەماندا، ئامانجی هێزی چەکداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگریکردن بووە لە ئازادی و شوناسی کوردبوون. دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکی پێشمەرگە گەشەی سەند و بوو بە پارێزگاریکردن لە ئەزموونی حوکمڕانی.

ئەم ئەرکە نوێیە لە قۆناغی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیای سەردەمدا، هێندەی چەک و تەقەمەنی، پێویستی بە بەهێزکردنی بیروباوەڕی پێشمەرگەیە بۆ پارێزگاریکردن لە ئامانجە باڵاکانی گەلی کوردستان. دەبێت بەردەوام بیری هێزی پێشمەرگە بهێنرێتەوە کە لەپێناو چیدا بوونەتە پێشمەرگە و بۆ چ ئامانجێک دەجەنگن. لێرەوە، نیشتمانپەروەری دەبێتە جەوهەری ئەو پەروەردە سەربازییەی کە پێویستە هەر تاکێکی پێشمەرگە لەسەری ڕابهێنرێت.

**ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئینتیمای نیشتمانی**

خۆشەویستی و سۆز: خۆشەویستییەکی بێ مەرج بۆ خاک، سروشت، زمان، خەڵک و هەموو ئەو شتانەی کە نیشتمان پێکدەهێنن. ئەمە هەستێکی قووڵی ناوەکییە کە بە کردەوە دەردەکەوێت.

شانازی: شانازییکردن بە مێژووی نەتەوەکەت، کەسایەتییە دیارەکان، دەستکەوتەکان و سیمبولە نیشتمانییەکان (ئاڵا، سروودی نیشتمانی و جلوبەرگی نەتەوەیی) وره بەرزدەکاتەوە.

پابەندبوون و دڵسۆزی: پابەندبوون بە یاسا و بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات، دڵسۆزی لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا و ئامادەیی بێسنوور بۆ خزمەتکردن و پاراستنی.

هەستی یەکبوون و چارەنووسی هاوبەش: هەستکردن بەوەی کە تۆ بەشێکیت لە کۆمەڵگەیەکی گەورەتر کە خاوەنی یەک چارەنووسی هاوبەشن. سەرکەوتنی هەر تاکێک بە سەرکەوتنی گشتی و ئازاری هەر بەشێکی نیشتمان بە ئازاری هەمووان دادەنرێت.

بەرپرسیارێتی: هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بۆ پاراستنی نیشتمان، بنیادنان و پێشخستنی. ئەمە وا دەکات تاک تەنها چاوەڕێی حکومەت نەبێت، بەڵکو خۆشی بەشێک بێت لە چارەسەر.

## گرنگیی ئینتیمای نیشتمانی بۆ تاکی پێشمەرگە

ئینتیمای نیشتمانی بۆ تاکی پێشمەرگە نەک هەر گرنگە، بەڵکو بناغە و ڕۆحی ئەرکە سەربازییەکەیەتی. ئەم هەستە کاریگەرییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان و ئەرکی هەیە:

پاڵنەر و وورەی بەرز: ئینتیما گەورەترین پاڵنەرە. کاتێک پێشمەرگەیەک باوەڕی بە خاک، گەل و ئاڵاکەی هەبێت، لە سەختترین کاتەکاندا وورەی بەرزدەبێت و کۆڵ نادات.

ئامادەیی بۆ قوربانیدان: ئەرکی سەربازی ڕەنگە داوای گەورەترین قوربانی بکات کە گیان بەخشینە. ئینتیمای نیشتمانی مانا و بەها بەم قوربانیدانە دەبەخشێت. پێشمەرگە هەست دەکات گیانی خۆی لەپێناو شتێکی گەورەتر و پیرۆزتردا (پاراستنی نیشتمان) دەبەخشێت.

ڕێک و پێکي و گوێڕایەڵی (دیسپلین): پێشمەرگەیەک کە هەستی نیشتمانپەروەریی بەرز بێت، تێدەگات کە فەرمانە سەربازییەکان لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتماندایە، بۆیە بە دڵسۆزییەوە جێبەجێیان دەکات.

یەکڕیزی و گیانی هاوکاری: هەستی هاوبەشی نیشتمانپەروەری، پێشمەرگەکان پێکەوە گرێ دەدات و وەک یەک خێزانیان لێدەکات، کە ئەمە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا هێزێکی گەورەیە.

خۆڕاگریی دەروونی: ڕووبەڕووبوونەوەی ترس و مردن فشارێکی دەروونی زۆر دروست دەکات. ئینتیما وەک لەنگەرێکی دەروونی کاردەکات و یارمەتی پێشمەرگە دەدات بەهێز بمێنێتەوە.

> هۆشیاری نیشتمانی تەنها دروشمێکی رووکەشانە نییە، بەڵکو ئەو هێزە ناوەکییەیە کە لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت، لە تاکەوە دەست پێدەکات و پاشان دەبێتە هۆشیارییەکی بەکۆمەڵ کە یارمەتی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەدات و ناسنامەی نەتەوەیی وبەرپرسیارێتی نیشتیمانی بەهێز دەکات.

متمانەی گەل: پێشمەرگەیەک کە هەستی نیشتمانپەروەری بەرز بێت، خۆی وەک نوێنەر و پارێزەری گەلەکەی دەبینێت، ئەمەش وا دەکات خەڵک متمانەی پێی هەبێت و سوپا وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی ببینێت.

**دوا وتە**

هۆشیاریی نیشتمانی تەنها دروشمێکی ڕووکەشانە نییە، بەڵکو ئەو هێزە ناوەکییەیە کە لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت، لە تاکەوە دەست پێدەکات و پاشان دەبێتە هۆشیارییەکی بەکۆمەڵ کە یارمەتی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەدات و ناسنامەی نەتەوەیی پتەو دەکات. کەواتە خۆشەویستی بە کردەوە بۆ نیشتمان لە پاراستنی خاک، لە خزمەتکردنی گەل و لە ئامادەیی بۆ قوربانیدان لەپێناویدا دەردەکەوێت. هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کاتێک بەم هۆشیارییە نیشتمانییە پڕچەک دەبێت، بەهێزبوونی توانا و ئامادەییەکانی زۆر بەرزتر دەبێت و پێشکەوتن و سەرکەوتنیشی مسۆگەرترە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA



# ئەو سیخوڕەی کاری نوێ دەکات

## توانای هۆشیاری بەرگری هەیە

● ئامادەکردنی: مقدم میرزا داود رسول
ئەفسەری هۆشیاری کۆلێژی ئەرکان

پرۆسەی سیخوڕیکردن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کردارێکە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێکانی نێوان مرۆڤەکانەوە دروست بووە و بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری دەربارەی ئەو پلان و بەرنامانەی کە دوژمنەکەی ئامادەیان دەکات بۆ هێرشکردنە سەری. سیخوڕیکردن لە هەموو ئاستەکانی ململانێی مرۆڤایەتیدا گرنگییەکی زۆری هەبووە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی زانیاری و پەیوەندییەکاندا، ئامرازەکانی سیخوڕیکردن لە شێوازی تەقلیدییەوە گۆڕان بۆ شێوازی ئەلیکترۆنی، بەتایبەتی لەگەڵ پەیدابوونی تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا.

سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی، بریتیە لە پرۆسەیەکی نهێنی کۆکردنەوەی زانیاری هەستیار یان نهێنی لە ڕێگەی ئینتەرنێت،تۆڕەکان،یان کۆمپیوتەری تاکەکەسییەوە، دەتوانرێت سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی بەکاربهێنرێت بۆ بەئامانجگرتنی لایەنە جیاوازەکان وەك تاکەکان، ڕکابەرەکان، گروپەکان، حکومەتەکان و ئەوانی تر، بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوودی کەسی، ئابووری، سیاسی، یان سەربازی.... هتد. بە پێچەوانەی سیخوڕیکردنی تەقلیدی کە ڕەنگە دزەپێکردنی فیزیکی یان سەرچاوەی هەواڵگری مرۆیی لەخۆبگرێت، سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی پشت دەبەستێت بەهێرشی بەرنامە زیانبەخشەکان و بەرنامەکانی سیخوڕیکردن لە ڕێگەی قۆستنەوەی لاوازییەکانی سیستەم و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و ئامێرە زیرەکەکانەوە.

### پاڵنەرەکانی سیخوڕی ئەلیکترۆنی

چەندین پاڵنەر هەن کە تاک و لایەنەکان پاڵپێوەدەنێن بۆ بەشداریکردن لە سیخوڕی ئەلیکترۆنی. تێگەیشتن لەم پاڵنەرانەش زۆر گرنگە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگری کردن:

١. دەستکەوتی دارایی: زۆرێک لە هێرشبەران لەپێناوی سوود و دەستکەوتی ماددییدا ئەم کارە ئەنجام دەدەن. ئەمەش لە ڕێگەی دزینی ڕاستەوخۆ لە هەژماری بانکی یان فرۆشتنی داتا وزانیارییە دزراوەکە لە بازاڕی ڕەشدا یان وەرگرتنی برەپارەیەك لە قوربانییەکان لە پێناو بڵاونەکردنەوەی زانیارییەکانی.

٢. ناوبانگ و تەحەدی: چینێک لە هاکەرەکان وەك تەحەدا و بەناوبانگ بوون هەڵدەستن بە تێکشاندن و دزەکرنەناو سیستەمە زۆر پارێزراو و تۆکمەکانەوە. لەپێناوی سەلماندنی توانا و لێهاتووییەکانیان لەبوارەکەدا.

٣. هەڕەشەی ناوخۆیی: هەموو هەڕەشەکان لە سەرچاوە دەرەکییەکانەوە سەرچاوە ناگرن؛ هەندێک جار لە ناوەوە دێن. لەوانەیە فەرمانبەران یان کارمەندان لەکاتی ناکۆکی و نارەزایەتی، پۆستەکانیان بقۆزنەوە وەك تۆڵەکردنەوەیەك لەو دامەزراوەی تێیدا کاردەکەن، یان کەوتنەژێر کاریگەری و هەڕەشەی لایەنێکی دەرەکییەوە.

٤. پاڵنەرە سیاسییەکان (چەتەگەری ئەلیکترۆنی): زۆرجار ئەو گروپانەی پاڵنەری ئایدیۆلۆژییان هەیە پەنا دەبەنە بەر چەتەگەری ئەلیکترۆنی وەک شێوەیەك لە شێوەکانی چالاکییەکان، بۆ ئەوەی سەرنجیان بۆ ستەم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی یان پرسە سیاسییەکان ڕابکێشن ئەویش لە ڕێگەی بەئامانجگرتنی ئەو لایەنانەی کە بەنەیار دادەنرێن.

٥. سیخوڕیکردنی دامەزراوەیی بۆ قازانجی بازرگانی: هەندێکجار

کۆمپانیاکان بەشداری سیخوڕیکردن دەکەن دژی ڕکابەرەکانیان بۆ بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی گرنگ لەبارەی بەرهەمەکانی داهاتوو و ستراتیژییەکانی بازارکردن، یان لەناوبردنی ڕکابەرەکە و جێگرتنەوەی.

٦. ئەو کردەوانەی بەپاڵپشتی دەوڵەت ئەنجامدەدرێن: حکومەتەکان نەک تەنها بۆ دەستکەوتی سەربازی بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی ئابووریش شێوازەکانی سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن. ئامانجی ئەم ئۆپەراسیۆنانە بەدەستهێنانی زانیاری هەواڵگری دیپلۆماسی و ناسەقامگیرکردنی ژێرخانی دەوڵەتانی ڕکابەر و کاریگەری دانان لەسەر بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە یان بەدەستهێنانی نەخشەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەبێ بەفیرۆدانی کات و سەرچاوەکان لە توێژینەوە و پەرەپێداندا.

## ئەو لایەنانەی دەکرێنە ئامانجی سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی

سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی تۆڕێکی فراوانە و ئەگەری بەئامانجگرتن و هەڵبژاردنی هەر تاک و لایەنێکیان هەیە کە هەڵگری داتا و زانیاری بەنرخ و ناوازە و گرنگ بێت. لێرەدا تێڕوانینێکی گشتی لەبارەی ئەو تاک و دامەزراوە و لایەنانەی کە بەشێوەیەکی باو دەکەونە بەر شاڵاوی ئەو ئۆپەراسیۆنە دیجیتاڵییە نهێنیانە دەخەینەڕوو:

١. کۆمپانیا گەورەکان: ئەم کۆمپانیایانە بەهۆی دەوڵەمەندی خاوەندارێتی فیکری و زانیارییە داراییەکان و پلانی ستراتیژی و داتاکانی توێژینەوە و پەرەپێدانەوە دەبنە ئامانجی سەرەکی کارەکانی سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی. ڕکابەرەکان یان حکومەتە بیانییەکان هەوڵ دەدەن بۆ دەست گەیشتن بەو زانیاریانە، ئەوەش بۆ مەبەستی کێبڕکێ کردنیان یان تێکدان و پەکخستنی کارە بازرگانییەکانیان.

٢. دامودەزگاکانی حکومەت: بەهۆی ڕۆڵی سەرەکییان لە ئاسایشی نیشتمانی و دارشتنی سیاسەتدا، دامەزراوە و دامودەزگاکانی حکومەت خاوەنی زانیاری هەستیارن کە ڕەنگە بۆ دەوڵەتانی دیکە بەنرخ بن. ئەم داتایانە نهێنی سەربازی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و ستراتیژییە ناوخۆییەکان لەخۆدەگرێت.

٣. دامەزراوە سەربازییەکان: ناوەندەکانی تەکنەلۆژیای سەربازی و دامەزراوە گرنگەکانی سەربازیی دەبنەجێی بایەخی تەواوی سیخوڕانی ئەلیکترۆنیی، بۆ مەبەستی دزینی داتاکانی تەکنەلۆژیا نوێ و پێشکەوتووەکانی وەك دروستکردنی چەك و تەقەمەنییە و ئامێرە نوێیەکانی بواری سەربازی، هەروەها بۆ ئاگاداربوون لە نەخشە و پلانەکانی داهاتوو لەرووی ئامادەکارییەکانی هێرش یان بەرگری یان ڕێکارانەی دەگیرێنەبەر.

٤. دامەزراوە ئەکادیمییەکان: ئەو زانکۆیانەی کە توێژینەوەی پێشکەوتوو ئەنجام دەدەن، دەبنە جێی سەرنجی ئەو سیخوڕە ئەلیکترۆنییانەی کە دەیانەوێت زانیاری زانستیی نوێ یان داهێنانی تەکنەلۆژی بەدەستبهێنن بەبێ ئەوەی لە ڕووی کات و داراییەوە هیچ تێچوونێك لە توێژینەوە و پەرەپێداندا لەدەست بدەن.

٥. دامەزراوە فیکرییەکان: ئەم دامەزراوانەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و تێڕوانینەکانیانەوە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی گشتی هەیە. ئەمەش وا دەکات دەستگەیشتن بە تێڕوانینەکانیان دەربارەی کاروبارە جیۆپۆلیتیکییەکان یان ستراتیژییەکانی بەرگری بەسوود بێت بۆ نەیارانەکانیان.

٦. بەرپرسانی باڵای حکومەت: ئەو کەسانەی لە پۆستی دەسەڵاتدان لەناو حکومەتەکاندا خاوەنی زانیاری نهێنین لەسەر کاروبارەکانی دەوڵەت، ئەمەش وایان لێدەکات ببنە ئامانجێکی سەرنجراکێش بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوای تێگەیشتن لەو بڕیارانەی حکومەتدا دەگەڕێن کە یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی کردەوە و جوڵەکانی داهاتووی.

٧. بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار: بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکان خاوەنی زانیارییەکی فراوانن لەسەر ئەو نهێنییانەی کۆمپانیاکانیان کە زۆر پارێزراون ، وەك پلانەکانی بەرهەم و ستراتیژییەکانی بازاڕکردن.

٨. کەسایەتییە ناودارەکان: زۆرجار کەسایەتییە گشتییەکان و هونەرمەندان دەبنە ئامانجی سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی. دەکرێت ئابڕووچوونە کەسییەکان یان ئەو زانیارییە هەستیارانەی کە لە ڕێگەی پێشێلکردنی تایبەتمەندییەکانیانەوە بەدەست دەهێنرێن بۆ دەستکاریکردنی ڕووماڵکردنە میدیاییەکان یان لەکەدارکردن و زیانگەیاندن بە ناوبانگیان بەکاربهێنرێن.

٩. ژێرخانە گرنگەکان: ژێرخانە گرنگەکان وەک تۆڕی کارەبا، سیستەمی دابینکردنی ئاو و سیستەمی گواستنەوە ئامانجی ئەگەری سیخوڕی ئەلیکترۆنین. زۆرجار مەبەست لە بەئامانجگرتنی ژێرخانە گرنگەکان بۆ تێکدانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و دروستکردنی ئاژاوە گێڕییە.

١٠. دامەزراوەکانی توێژینەوە: دامەزراوەکانی توێژینەوە وەک زانکۆ و تاقیگەکان ئامانجی سیخوڕی ئەلیکترۆنین، بەتایبەتی ئەوانەی توێژینەوە لەسەر بابەتگەلی هەستیار وەک بەرگری و وزە و پزیشکی ئەنجام دەدەن. زۆرجار پاڵنەر بۆ بە ئامانجگرتنی دامەزراوە توێژینەوەکان دەستڕاگەیشتن بە داتای بەنرخی توێژینەوە و خاوەندارێتی فیکرییە.

## تاکتیکە باوەکانی سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی

لە ڕاستیدا، سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی بنەرەتی پشت بە تەکنیکە پێشکەوتووەکان دەبەستێت، بە بەکارهێنانی شێوازە بەرنامەڕێژکراوەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە ئاشکرابوون و دزەکردنە ناو پارێزراوترین سیستەمەکانەوە. بەم شێوازانە هێرشبەر دەتوانێت زانیارییە بەنرخەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە سیستەمە بە ئامانجکراوەکە بدزێت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت. لێرەدا چەند تەکنیکێکی زۆر باوی سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی دەخەینەڕوو:

١. هێرشی داوی ڕاوکردن: داوی ڕاوکردن یەکێکە لە باوترین تاکتیکەکانی سیخوڕی ئەلیکترۆنی. هێرشبەران فێڵ لە بەکارهێنەران دەکەن بۆ کردنەوەی بەستەری زیانبەخش یان کردنەوەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



هاوپێچی نامەی ئەلیکترۆنی ڤایرۆساویی. بەم شێوەیە هێرشبەران کۆدەکانی چوونەژوورەوە دەدزن یان دەستیان بە زانیارییە هەستیارەکان دەگات، یان بەرنامەی زیانبەخش لە ئامێرەکەدا جێگیر دەکەن.

٢. هەڕەشەی بەردەوامی پێشکەوتوو: هێرشێکی درێژخایەن و نهێنییە، کە ڕێگە بە ئەنجامدەرانی هێرشی ئەلیکترۆنی دەدات بۆ ماوەییەکی درێژخایەن لە ناو تۆڕەکەدا بمێننەوە. هاکەرەکان دەچنە ناو سیستەمێکەوە و لەناو سیستەمەکەدا خۆیان دەشارنەوە، هێواش هێواش زانیاری هەستیار دەدزن و لە هەمان کاتدا خۆیان لە ئاشکرابوون دەدزنەوە. ئەم هێرشانە سروشتێکی لە ڕادەبەدەر مەترسیداری هەیە و بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێن. دەتوانن بۆ چەند مانگێک یان تەنانەت ساڵانێک بەبێ ئاشکرابوون بمێننەوە، ئەمەش تواناکانی سیخوڕی ئەلیکترۆنی دژی حکومەتەکان و کۆمپانیاکان و دامەزراوە سەربازییەکان زیاد دەکات.

٣. تاکتیکی دابەشکردنی بەرنامە زیانبەخشەکان: جۆرێکە لە بەرنامەی زیانبەخش دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەئامانجگرتنی سیستەمی کۆمپیوتەری دەوڵەت و کۆکردنەوە و بردنی داتا و زانیارییەکانی ناوی لەڕێگەی بەکارهێنانی کامێرا و مایکرۆفۆنی کۆمپیوتەرە هاك کراوەکانەوە و گرتنی وێنەی شاشە و ناردنی زانیاری و کۆدی زیانبەخش بۆی. سەرەڕای ئەوەش، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و فایل و فۆڵدەرەکان و چالاکییەکانی سیستەمەکە و هەروەها ئالودەکردنی دیسکەکان بە بەرنامەی سیخوڕی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە کۆمپیوتەرەکانی تر.

٤. تاکتیکی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی: بەکارهێنانی فێڵە دەروونییەکان بۆ فێڵکردن لە کەسێک بۆ ئاشکراکردنی زانیاری تایبەت بە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی ناسراوە. ئەندازیاری کۆمەڵایەتی تاکتیکێکی باوە لە سیخوڕی ئەلیکترۆنیدا بەکاردەهێنرێت، بەجۆرێك کە ئەنجامدەرەکە خۆی لە ئامانجەکە نزیك دەکاتەوە، بۆ نموونە دەتوانرێت ئەمەش بە هاککردنی مۆبایلە زیرەکەکان یان لە ڕێگەی نامە یان واتسئەپەوە ئەنجام بدرێت. بەزۆریش سیخوڕی ئەلیکترۆنی، تاکتیکی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن. لەبەر ئەوەی هەرزانە و سەرچاوەی تەکنیکی کەمی بۆ هێرشبەرەکە دەوێت و کاریگەرییەکی زۆری هەیە و دەستنیشانکردن یان ناسینەوەی قورسە.

٥. تاکتیکی هیرشی چاڵی ئاو «Watering Hole»: یەکێکی دیکە لەو شێوازانەی کە سیخوڕی ئەلیکترۆنی بەکاری دەهێنن،هیرشی چاڵی ئاوە. ئەم هێرشە بریتییە لەوەی کە ئەنجامدەرەکەی هەڵدەستیت بە چاودێریکردن و دیاریکردنی ئەو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییانەی کە لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراو یان گروپێکی دیاریکراوەوە بەزۆریی سەردانیان دەکرێت، پاشان ئەو ماڵپەڕانە تووش دەکات بە بەرنامەی زیانبەخش بۆ ئەوەی دەستیان بە تۆڕەکانی بەئامانجگیراوەکە بگات.

٦. تاکتیکی هێرشی زنجیرەی دابینکردن و سەرچاوەکانی پاڵپشتی: هێرشی زنجیرەی دابینکردن لە تاکتیکە باو و بەربڵاوەکانە کە لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنرێت، لەوانەش سیخوڕی. بریتییە لە تاکتیکێکی هەمیشە ئامادە بۆ سیخوڕیی ئەلیکترۆنی پیشەیی. لەم جۆرە هێرشەدا، ئەنجامدەرەکە هەوڵدەدات دزەبکاتە ناو تۆرەکانی ئەو هاوکارانە یان دابینکەرانە یان ئەو فرۆشیارانەی کە خاوەن ناوبانگێکی باشن لای بەئامانجگیراوەکە. بە شێوەیەکی ئاسایی، بەرنامەی زیانبەخش دەخرێتە ناو ئەو بەرهەمە یان ئەو خزمەتگوزارییەی کە بەئامانجگیراوەکە بەزۆریی بەکاری دەهێنێت.

٧. تاکتیکەکانی ترۆجان:

بەکارهێنانی ئەپی ساختە یان ترۆجانکراو ڕێگەیەکی تری کاریگەرە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سیخوڕی ئەلیکترۆنی، ئەوەش لە ڕێگەی دزەکردنە ناو تەکنەلۆژیاکەیانەوە. لایەنە هێرشبەرەکان شێوازی ئەسپی ترۆجان(تەروادە) بەکاردەهێنن. هێرشبەرەکە ئەپێکی ساختە دروست دەکات و پاشان ئامانجەکە ڕازی دەکات و چاوەڕێی دابەزاندنی دەکات، ئەم بەرنامە مەترسیدارانە بەزۆری لە بازاڕە نافەرمیەکانی ئەپەکاندا دەردەکەون.

٨. هێرشی ناوخۆیی: هێرشی ناوخۆیی یەکێکی ترە لەو شێوازانەی کە لە سیخوڕی ئەلیکترۆنیدا بەکاردەهێنرێت. زاراوەی «هێرشی ناوخۆیی» ئاماژەیە بۆ ئەو هێرشانەی کە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێن کە توانای دەستگەیشتن بە زانیارییە نهێنییەکانیان هەیە. ئەم کەسانە لەوانەیە کارمەندی ئێستا یان پێشوو، هاوبەشی بازرگانی، خانەنشین، یان بەرپرسی ئاسایشی بن کە پێشتر دەستیان بە داتا و زانیارییە تایبەتەکان گەیشتووە. ئەم هێرشانە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێن کە ئاگاداری هەموو داتا و زانیارییەکانی لەسەر تۆڕی کۆمپیوتەرەکانن. لەبەر ئەوەی هێرشەکە لەلایەن کارمەندانی سیستەمەوە بەڕێوەدەبرێت، زۆر مەترسیدارە. هۆکارێکی دیکەی ئەم هێرشە ئەوەیە کە دامەزراوەکان سەرنجیان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی هێرشە ئەلیکترۆنییە دەرەکییەکانە و گرنگییەکی کەم بە هێرشە ئەلیکترۆنییە ناوخۆییەکان دەدەن. لەوانەیە ئەو کەسە سیخوڕێک بێت یان بریکارێکی زیانبەخش بێت، یان کارمەندێکی متمانەپێکراو بەڵام نابەرپرسیار بێت. هێرشی سیخوڕی ئەلیکترۆنی ناوخۆیی دەتوانرێت لە ڕێگەی چالاکییە نائاساییەکانەوە دەستنیشان بکرێت، وەک چوونە ژوورەوە بۆ تۆڕی کۆمپانیاکە دوای کاتژمێرەکانی کارکردن یان ناردنی بڕێکی زۆر داتا لە ڕێگەی تۆڕەکەوە، یان بەکارهێنانی سەرچاوەی نائاسایی.

## خۆپاراستن لە سیخوڕی ئەلیکترۆنی

لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا، سیخوڕی ئەلیکترۆنی بووەتە سەرئێشە و دەردەسەری و نیگەرانییەکی سەرەکی بۆ تاک و کۆمپانیا و حکومەتەکان. لەگەڵ زیادبوونی پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا، مەترسییەکانی سیخوڕی ئەلیکترۆنیش زیادی کردووە، ئەمەش وایکردووە هەمووان ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ پاراستنی خۆیان. ئەم خاڵانەی خوارەوەش چەند ڕێگایەکی کاریگەرن بۆ خۆپاراستن لە سیخوڕی ئەلیکترۆنی:

١. پاراستنی ئامێرەکان بە نوێکردنەوەیان: یەکێک لە گرنگترین کارەکان کە دەتوانیت بیکەیت بۆ ئەوەی خۆت لە سیخوڕی ئەلیکترۆنی بپارێزیت، ئەوەیە کە ئامێرەکانت بە نوێکردنەوە بهێڵیتەوە. ئەمەش سیستەمی کارپێکردن و نەرمەکاڵای دژەڤایرۆس و بەرنامەکانی تر لە خۆدەگرێت. نوێکردنەوەکان دەبنە هۆی چاککردنەوەی فایلە تووشبووەکان و پڕکردنەوەی کەموکوورتی و لاوازیی و بۆشاییە ئەمنییەکان کە زۆرجار چەتەکانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەیقۆزنەوە.

٢. بەکارهێنانی وشەی نهێنی بەهێز: بەکارهێنانی وشەی نهێنی بەهێز و ناوازە زۆر گرنگە بۆ پاراستنی خۆت لە سیخوڕی ئەلیکترۆنی. پێویستە وشەی نهێنی تێکەڵەیەک بێت لە پیتی گەورە و بچووک و ژمارە و پیتی تایبەت. دوور بکەوەرەوە لە بەکارهێنانی هەمان وشەی نهێنی بۆ چەندین ئەکاونت.

٣. ئاگاداری هێرشی داوی ڕاوکردن بە: هێرشی داوی ڕاوکردن تاکتیکێکی باوە چەتەکانی ئینتەرنێت بۆ دەستگەیشتن بە زانیارییە هەستیارەکان بەکاریدەهێنن. ئاگاداری ئەو ئیمەیڵ یان نامانە بە کە داوای زانیاری کەسی دەکەن یان بەستەری گوماناوییان تێدایە. هەمیشە پێش وەڵامدانەوەی هەر پەیامێک لە ناسنامەی نێردەرەکە بکۆڵەرەوە.

٤. سنووردار کردنی شوێنپێ لەسەر ئینتەرنێت: ئاگاداری ئەو زانیاریانە بە کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هاوبەشی دەکەیت و خۆت دوور بگرە لە هاوبەشکردنی زانیارییە کەسییەکان وەک ناونیشان، ژمارەی تەلەفۆن، یان ژمارەی هەژماری بانکی و ... هتد. ئاگاداری ئەو زانیاریانە بە کە لە سۆشیال میدیادا بڵاوی دەکەیتەوە و تایبەتمەندییەکانت ڕێکبخە.

٥. ئاشنابوون و دەستنیشانکردن و ناسینەوەی ئەو تەکنیکانەی کە لە هێرشەکانی سیخوڕی ئەلیکترۆنیدا بەکاردەهێنرێن. ئەمەش بەرچاوڕوونی زیاتر بە دامەزراوەکە دەدات کە ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی چۆنە و بەچی شێوازێك خۆی لێبپارێزێت.

٦. ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان بە کارمەندان سەبارەت بە مەترسییەکانی سیخوڕی ئەلیکترۆنی و چۆنیەتی ناسینەوەی چالاکییە گوماناویەکان.

٧. چاودێریکردنی چالاکییە گوماناوییەکان: بەکارهێنانی ئامرازەکانی چاودێریکردن بۆ ئاشکراکردنی هەر کردارێکی نائاسایی و چاوەڕواننەکراو لە ناو سیستەمەکەدا کە ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ هەوڵێکی سیخوڕیکردن.

٨. بەپەلە چارەسەرکردنی لاوازییە ئەمنییەکان: نوێکردنەوەی بەردەوامی نەرمەکاڵا و سیستەم زۆر گرنگە بۆ چاککردنی ئەو لاوازییە ناسراوانەی کە هێرشبەران دەتوانن وەک خاڵێکی چوونە ژوورەوە بۆ ناو تۆڕەکان بەکاریبهێنن.

سەرچاوەکان:

١. التجسس الإلكتروني وطرق مكافحته، مجلة العلوم الاجتماعية والإنسانية، المجلد:١٦، العدد: ١ ،٢٠٢٣، ص: ٤٩- ٧٤
٢. التجسس الإلكتروني: الجانب المظلم للحرب الرقمية - www.fastercapital.com
٣. cyber espionage / www.proofpoint.com
٤. cyber espionage / www.techtarget.com
٥. www.sentinelone.com/ what is Cyber Espionage? Types & Examples
٦. www.zenarmor.com / Beyond the Screen: The Dangerous Reality of Cyber Espionage

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# چاوەکانی ئاسمان

## شۆڕشی هەواڵگریی ئاسمانی لە جیهانی نوێدا

● ئامادەکرنی: ئاکام شوانی

هەواڵگریی ئاسمانی، کە بە شادەماری سەرکەوتن لە جەنگە مۆدێرنەکاندا دادەنرێت، خەریکە پێدەنێتە قۆناغێکی نوێی گۆڕانکارییەوە. کارە سەرەکییەکەی هەمیشە بریتی بووە لە دابینکردنی زانیاریی ورد و خێرا لەسەر دوژمن بە سوودوەرگرتن لە دوو توخمی سەرەکی: بەرزی (بۆ بینینێکی گشتگیر) و خێرایی (بۆ وەرگرتن و شیکردنەوەی زانیاری پێش دوژمن). بەڵام لەگەڵ گۆڕانی سروشتی ململانێکان و دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ، ئەم بوارە ناچارە پێداچوونەوە بە کارە لەپێشینەکانی خۆیدا بکات.

**یەکەم: گۆڕینی ستراتیژی سەرەکی - لە دژە تیرۆرەوە بۆ کێبرکێی زلهێزەکان**

بۆ ماوەیەکی زۆر، بەتایبەت دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، سیستەمی هەواڵگری، چاودێری و سیخوری (ISR) هێزە ئاسمانییەکانی وەک ئەمریکا، بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی دژە تیرۆر و دژە یاخیبوون چڕ بووەوە. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە، گۆڕانکارییەکی ستراتیژیی گەورە ڕوویدا. جیهان گەڕایەوە بۆ سەردەمی کێبرکێی زلهێزەکان و دەرکەوتنی «ناوچە خۆڵەمێشییەکان» (Grey Zones) کە دۆخی نێوان ئاشتی و جەنگە. ئەمەش وایکرد هێزە ئاسمانییەکان وەبەرهێنانەکانیان لە توانای دژە تیرۆرەوە بگوازنەوە بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا و سیستەمی نوێ کە بتوانێت لە ژینگەیەکی پڕ لە کێبرکێی جیۆپۆلەتیکیدا کار بکات و باڵادەستیی زانیاری بپارێزێت.

**دووەم: ئەو هۆکارانەی پاڵنەرن بۆ ئەم گۆڕانکارییە**

دوو هۆکاری سەرەکی پاڵنەرن بۆ ئەم پێداچوونەوەیە:

١. کەمبوونەوەی کاتی وەڵامدانەوە و فراوانبوونی مەیدانی کار: ناسەقامگیریی جیهان، دەرکەوتنی جەنگی چڕ و خێرا (وەک جەنگی ئۆکرانیا)، و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وایکردووە کە پێویستی بە زانیاریی خێراتر و وردتر هەبێت. لەم جۆرە ململانێیانەدا، بردنەوە بۆ ئەو لایەنەیە کە دەتوانێت خێراتر لە دوژمنەکەی «بازنەی OODA» (بینین-تێگەیشتن-بڕیاردان-کردار) تەواو بکات.

٢. تەقینەوەی داتا و پێویستیی زیرەکیی دەستکرد: بڕی ئەو داتایەی کە لە ڕێگەی سێنسەر و سەتەلایت و درۆنەکانەوە کۆدەکرێتەوە ئەوەندە زۆرە کە شیکردنەوەی لە توانای مرۆڤدا نەماوە. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٣دا، یەکەیەکی هەواڵگریی ئەمریکی ڕۆژانە ٢٠ تێرابایت داتای وەردەگرت. ئەم «ماندووبوونە مەعریفییە» وایکردووە کە هەواڵگریی ئاسمانی پەنا بباتە بەر ژیریی دەستکرد (AI) و کۆمپیوتەری هەوری (Cloud Computing) بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم داتا زەبەلاحە پرۆسێس بکات، شیکاری بۆ بکات و بیگۆڕێت بۆ زانیاریی بەسوود.

**سێیەم: ئاراستە نوێیەکانی هەواڵگریی ئاسمانی**

ئەم گۆڕانکارییانە چەند ئاراستەیەکی نوێیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە:

- پەرەپێدانی هەستەوەری پێشکەوتوو (Sensors): وەبەرهێنان لە سێنسەری زیرەک و کوالێتی بەرز کە توانای بینینی ورد و دیاریکردنی ئامانجیان هەیە. ئامانج دروستکردنی «تۆڕێکی هەستەوەری هاوبەشە» کە داتا لە سەرچاوەی جیاواز (فڕۆکە، درۆن، سەتەلایت) کۆدەکاتەوە و وێنەیەکی گشتگیر و یەکگرتوو بۆ فەرماندەکان دابین دەکات.
- تێکەڵکردنی زیرەکیی مرۆڤ و ژیریی دەستکرد: ژیریی دەستکرد نابێتە جێگرەوەی مرۆڤ، بەڵکو دەبێتە یاریدەدەرێکی بەهێز. سیستەمە نوێیەکان یارمەتی مرۆڤ دەدەن خێراتر بڕیار بدات و لە «تێگەیشتن لەوەی چی ڕوودەدات»ەوە بچێتە قۆناغی «پێشبینیکردنی ئەوەی چی ڕوودەدات».
- گۆڕینی کولتووری باو: لە زۆربەی سوپاکاندا، کولتوورێک هەیە کە بایەخی زیاتر بە کڕینی فڕۆکەی جەنگی و بۆمبهاوێژ دەدات وەک لە وەبەرهێنان لە بواری هەواڵگریدا. ئەم بیرکردنەوەیە دەبێت بگۆڕدرێت، چونکە لە جەنگی ئەمڕۆدا، هەواڵگرییە کە یەکلاکەرەوەی سەرکەوتنە.
- پەرەپێدانی توخمە مرۆییەکان: سەرەڕای هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، شیکارەوانی مرۆڤ هێشتا گرنگترین توخمە. توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، لێکدانەوەی ورد، و تێگەیشتن لە نیازی دوژمن، کارێکن کە تەنها مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامی بدات. بۆیە پەرەپێدان و ڕاهێنانی توخمە مرۆییەکان بەردەوام لە ئەولەویەتدا دەمێنێتەوە.

لە ژینگەیەکی ئەمنیی پڕ لە ململانێ و ئاڵۆزدا، هەواڵگریی ئاسمانی ناچارە خۆی نوێ بکاتەوە و سنوورەکانی ئێستای تێپەڕێنێت. پێویستە زیاتر وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای داهێنەرانە و توخمە مرۆییەکاندا بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئامادەکاری، پلاندانان و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکاندا پێشەنگ بێت و باڵادەستیی زانیاری بپارێزێت.

سەرچاوە: https://www.aljundi.ae

# بنەماکانی سەرکردایەتی سەربازیی مۆدێرن

## (سەرکردە بازرگانی هیوایە) ناپۆلیۆن بۆناپارت

● ئامادەکردنی: رەوا موسی

سەرکردایەتی دڵی جەستەی هەر سوپایەکی سەرکەوتووەو نەک تەنها سەرکەوتن لە شەڕدا مسۆگەر دەکات، بەڵکو ژیانی ڕۆژانەی ئەو سەربازانەش دەگۆڕێت کە بەزەحمەتکێشی و قوربانیدانەوە شوێنپێی فەرماندەکانیان کەوتوون. هێزی پێشمەرگە وەک هەر سوپایەکی تری پیشەیی، پێویستی بە پرەنسیپی سەرکردایەتی بەهێز هەیە بۆ پاراستنی یەکڕیزی و وره و خۆڕاگری لە بەرامبەر سەختییەکاندا

پرۆگرامی ڕێنمایی مەیدانی سوپای ئەمریکا ( FM ٦-٢٢) سەرکردایەتی سەربازی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: سەرکردایەتی بریتییە لە پرۆسەی کاریگەریکردنە سەر ئەوانی تر لە ڕێگەی پیشاندانی مەبەست و ئامانج و ئاراستە و پاڵنەر بۆ بەدیهێنانی ئەرکێکی دیاریکراو و باشترکردنی ڕێکخراوەیی هێز. ئەم پێناسەیە جەوهەری ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە سەرکردە سەربازییەکانی ئەمڕۆدا پێویستە هەبن.

ئەم یانزە پرەنسیپەی خوارەوەی سەرکردایەتی سەربازی مۆدێرن کە لە مێژوو و ئەزموونەوە وەرگیراون، نەک تەنها بۆ سەرکردەی بەرەکانی شەڕ، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی ئەرکی پیرۆزی بەرگریکردن لە نەتەوە و گەلەکەیان لەئەستۆیە، ڕێنوێنییەکی بەنرخە.

### ١.پێشەنگایەتی لە بەرەی شەڕ

سەرکردە گەورەکان تەنها لە بارەگاو سەنگەرە سەلامەتەکانی دواوە فەرمان دەرناکەن. ئەوان بە کردەوە سەرکردایەتی دەکەن، ئەو بوێرییە نیشان دەدەن کە سەربازەکانیان تێیان ڕادەبینن. وەک دروشمی قوتابخانەی سەربازی پیادەی ئەمریکا کە دەڵێت (شوێنم بکەون، نەک ،پێشم بکەون) ئەمەش واتا فەرماندەکان دەبێت ئیلهام بەخشبن بۆ سەربازەکان بۆ پێشڕەویکردن لە بەرەکانی جەنگدا، نەک لە دواوە فەرمانی هێرش دەربکات و خۆی نیشانی سەربازەکانی نەدات. بەمشێوەیە سەربازەکان دەزانن فەرماندەکەیان ڕووبەڕووی هەمان مەترسی دەبێتەوە کە بۆخۆیان هەیە. ئەمەش متمانە درووست دەکات بۆ هەر فەرمانێک کە دەردەچێت و درک بەوەدەکەن کە بە وریایی و بە وردییەوە فەرمانەکان دەرچوون نەک بە هەڕەمەکی هێزەکە خرابێتە مەترسییەوە و قومار بەگیانیان بکرێت.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ٢.متمانە بەخۆبوون

متمانە پێویستە، بەڵام لووتبەرزی متمانە لەناو دەبات. جارێک ژەنەڕاڵ جۆرج ئێس پاتۆن وتی (لەگەڵ زیادبوونی ئەزموونەکانم، زیاتر بیر لە کەسانی تر دەکەمەوە وەک لە خۆم) ئەمەش واتا سەرکردە ڕاستەقینەکان باوەڕیان بە توانای سەرکەوتنیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە خۆبەزلزان نین کە گوێ لە ئامۆژگاری و پێشنیازی ئەوانی تر نەگرن. لوتبەرزی دەبێتە هۆی کارەسات، لەکاتێکدا متمانەی هاوسەنگ ئیلهامبەخشە بۆ یەکە و سوپاکە. متمانەبەخۆبوون واتلێدەکات بڕیاری درووست لەکاتی پێویست بدەیت و دوودڵ نەبیت و دەرفەتەکان لەدەست نەدەیت. لەکاتێکدا لووتبەرزی وا لە فەرماندە دەکات پەلە بکات و کەمتەرخەم بێت و هێزی بەرامبەر بە کەم سەیر بکات.

## ٣.بوێری لە کردەوەدا

بوێری لە کردەوەدا بۆ فەرماندە لەپێشترە وەک لە بوێری جەستەیی و غیرەتی شەڕکردن. بوێری کردەیی غیرەتی ئەنجامدانی ئەوەیە کە ڕاست و ڕەوایە بەبێ گوێدانە دەرئەنجامەکان. بەبێ ترسی ئەوەی تووشی سزادان و هەڕەشە ببیتەوە ئەوەی کە ڕاستە هەر ئەوە ئەنجامبدەیت . نموونەی جۆرج واشنتۆنی ئەمریکی نموونەیەکی جیهانییە، کە هەرچەندە لە زۆر شەڕدا دۆڕا، بەڵام هەرگیز وازی لە دۆزی ئازادی وڵاتەکەی نەهێنا بەبێ ترسان لەوەی لەلایەن شانشینی ئەوکاتی بەریتانیاوە تووشی لێپێچینەوە و سزادان ببێتەوە. گەورەترین کردەوەی ئازایەتی ئەخلاقیشی ئەوکاتە ئەنجامدا کە لە لوتکەی دەسەڵاتدا کاتێک دەیتوانی ببێتە دیکتاتۆرێکی سەربازی هەمیشەیی بەسەر ئەمریکاوە، بەڵام لەبری ئەوە دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی سەرۆکایەتی ڕاگەیاند. نموونەی چوار ئەفسەرە کوردەکەی کۆماری مەهاباد دەکرێت یەکێک لە جوانترین نموونەکانی ناوچەکە و جیهان بێت کە وازیان لە پلە و پۆستی سوپای ئەوکاتی شاهانەیی عێراق هێنا لەپێناوی دۆزی ڕەوای گەلەکەیان ئاوارەیی و دەربەدەری و شەهیدبوونیان هەڵبژارد. ئەمەش سەرمەشقێکە بۆ فەرماندەکانی ئێستای پێشمەرگە کە چۆن بڕیاری دادپەروەرانە بدەن لەژێر هەر فشارێکدا بێت.

## ٤.ئازایەتی و چاونەترسی

شەڕ پڕە لە مەترسی بۆیە ئازایەتی و چاونەترسی لە بەرامبەر مردندا دەوێت. چیرۆکی نەبەردی پێشمەرگە لە ڕابردوودا بەرامبەر سوپای لەخۆیان گەورەتر و پڕ چەکتر نیشانەیەکی ڕوونە بۆ فەرماندە و پێشمەرگە گەنجەکانی ئێستامان کە چۆن ئازایەتی و چاونەترسی دەتوانێت بە تەواوی ڕێڕەوی شەڕ بگۆڕێت. فەرماندەکانیش دەبێ ئەم ئازایەتییە نیشان بدەن بۆ ئەوەی ئیلهام بەخش بن بۆ سەرباز و پێشمەرگەکانیان بۆ زاڵبوون بەسەر هەر ترسێکی چاوەڕوانکراو لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی نابەرامبەر و هێرشی لەناکاودا. ئەم ئازایەتییەی فەرماندە وا لە سەربازەکانیان دەکات لەژێر بارانی بەلێزمەی تۆپخانەکاندا سەنگەرەکانیان بەرنەدەن و پشت لە شەڕ نەکەن.

## ٥.کاری پێکەوەیی

سەرکەوتنی سەربازی هەرگیز دەستکەوتی تاکە کەس نییە. فەرماندە مەزنەکانی پێشوو لە جەنگە گەورەکاندا بە پەیڕەوکردنی نەریتی کاری پێکەوەیی و یەکگرتوویی لە فەرماندەیی و ئامانجدا توانیوویانە سوپاکانیان پێشڕەو بکەن بۆ دەستکەوتی مەزن. فەرماندەکان پێویستە سەربازەکانیان یەکبخەن و یەکگرتوویی لە سەرانسەری یەکەکاندا دروست بکەن بۆ ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنە ئاڵۆزەکاندا سەرکەوتووبن.

## ٦.چالاکی و وزە

سەرکردایەتی ئەرکدار و سەختە. بۆ ئەوەی لە بەرەکانەوە فەرماندەیی بکەن، ئەفسەرەکان دەبێت لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە بەهێز و ئامادەبن. فەرماندەیەک کە توانای بەرگەگرتن و پشوودرێژی نەبێت ناتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ سەربازەکانی بۆ ئەوەی بە ماندوێتی و سەختییەکاندا تێپەڕبن. لەش ڕێکی هەم پێویستییەکی تاکەکەسییە و هەمیش بەرپرسیارێتی گرنگی فەرماندەیی سەربازییە.

## ٧.دەستپێشخەری و بوێریی

فیلیپی پاشای مەکدۆنیا لە وتە بەناوبانگەکەیدا گووتی؛ سوپایەکی ئاسک بە فەرماندەیی شێرێک بەترستر و باشترە لە سوپایەکی پڕ لە شێر کە ئاسکێک فەرماندەیی دەکات!. زۆرجار ڕەنگە تەنها بوێری و دەستپێشخەرییەک جیاوازی نێوان سەرکەوتن و شکست بێت. پێویستە فەرماندەکان بە خێرایی دەرفەتەکان بقۆزنەوە و بە متمانەوە مامەڵە بکەن، ئەگەر پێویستی کرد دەستپێشخەری لە جوڵەکانی شەڕدا ئەنجامبدەن و خۆیان بخەنە مەترسییەوە.

## ٨.گرنگیدان بە سەربازەکان

ژەنەڕاڵ ماکسوێڵ تایلۆر فەرماندەی پێشوو و بەناوبانگی سوپای ئەمریکا دەڵێت: ئەو نیشانەی پلەیە کە ئەفسەرێک لەسەر شانی دەبەستێت، بەڕاستی نیشانەی کۆیلایەتییە بۆ سەربازەکانی!. سەربازەکان زیاتر شەڕ دەکەن کاتێک دەزانن سەرکردەکانیان بەڕاستی گرنگییان پێدەدەن. ئەسکەندەری مەکدۆنی کە لە بیابانەکانی ئێران تووشی تینوێتی بوونەوە پەرداخە ئاوێکی ڕەتکردەوە کاتێک زانی ئاوی بەشی هەموو سەربازەکان لە خەزانەکاندا نەماوە. ناپلیۆن بۆناپارت ناوی هەموو پاسەوانەکانی لەبەرکردبوو، هەروەها لە دۆخی خێزانی سەربازەکانی دەپرسییەوە. ئەم جۆرە ئاماژە خەمخۆرییانە دڵسۆزی و هەماهەنگی و یەکگرتوویی لەنێوان سەرباز و فەرماندەدا دروست دەکات.

### ٩.ئەزموونی مێژوو

مێژوو پڕە لە وانە، فەرماندە سەرکەوتووەکان خوویان بە خوێندنەوەی جەنگ و شەڕەکانی ڕابردوو دەگرت، لەڕێگەیەوە فێری تاکتیک و لۆجستیک و دەروونناسی فەرماندەیی دەبوون. هەروەها فەرماندە دەبێت سوود لە ئەزموون و هەڵەکانی ڕابردووی خۆی و هاوڕێکانی وەربگرێت تا باشتر خۆیان بۆ تەحەددیاتی داهاتوو ئامادە بکەن.

### ١٠.ئیرادە و بەرخۆدان

ژەنەراڵ جۆرج ئێس پاتۆن لە وتەیەکی بەناوبانگدا دەڵێت: هەرگیز نەدۆڕاویت، هەتا خۆت دان بە دۆڕاندا نەنێیت. فەرماندەکان دەبێت کۆڵنەدەربن، لەناو ئاڵۆزییەکاندا بەرخۆدان بکەن. فەرماندە لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت بیر لە جێهێشتنی سەنگەرەکەی و خۆبەدەستەوەدان بکاتەوە. فەرماندە دەتوانێت تاکتیک و جوڵەی هێزەکەی بگۆڕێت بەڵام هەرگیز فەرمانی خۆبەدەستەوەدان بۆ سەربازەکانی دەرناکات و چەکەکەی فڕێ نادات. هیچ کەسێک بە فەرماندەیی لەدایک نابێت، بەڵام کاتێک بووە فەرماندە ئیدی دەبێت بەفەرماندەیی بمرێت، دەبێت هەموو بزانن فڕێدانی چەک لە پلە و فەرماندەییت دەخات.

### ١١.کەسایەتییەکی بەهێز

ژەنەراڵ دۆگلاس ماکئارسەر سەرکردایەتی بە سێ وشە کورتکردۆتەوە کاتێک گووتی: (سەرکردایەتی ئەرک و شەرەف و وڵاتە!)، واتا فەرماندە ئەم سێ بەها پیرۆزەی هەیە کە هەرگیز نابێت لەدەستیان بدات. دەبێت فەرماندە بە بەهاکان و بەرزڕاگرتنی یەکپارچەیی و بەرجەستەکردنی ئەو هێزە ئەخلاقییەی کە سەربازەکان چاویان لێیە بژیت. فەرماندەیەکی خاوەن کەسایەتی بەهێز متمانە لەناو سەربازەکاندا دروست دەکات، ئەمەش بەردی بناغەی هەر سوپایەکی کاریگەر و سەرکەوتووە.

### وتەی کۆتایی

ئەم یانزە بنەمایە لە پەخشان و ڕستەسازی هونەرییەوە نەهێندراون. بەڵکو لە وانەکانی مێژوو و خوێن و قوربانیدانی سەربازەکانەوە هاتوونەتە بەرباس. بۆ هێزەکانی پێشمەرگە نەخشەڕێگایەک بۆ بنیاتنانی ژێرخانی سەرکردایەتییەکی بەهێز و ئەخلاقی و کاریگەر لە بەرامبەر تەحەددیاتی سەردەمدا گرنگ و پێویستە. فەرماندەکانی پێشمەرگە بە جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپە مۆدێرنانە دڵنیادەبنەوە لە دڵسۆزی و ئیرادە و ئینتیمای هێزەکانیان کە هەمیشە وەک قەڵغان و شانازی نەتەوەی کورد دەمێننەوە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# هۆکارە گرنگەکانی سەرکەوتنی هێز لە ژیانی سەربازیدا

● ئامادەکردنی: رائد سۆران

بێگومان، سەرکەوتنی هەر هێزێکی سەربازی دیاردەیەکی ئاڵۆزە و پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکار و نیشانەی هەمەجۆر، ناتوانرێت تەنها یەک هۆکار یان چەند نیشانەیەکی کەم و ئاسایی وەک کلیلی سەرکەوتن دیاری بکرێت، بەڵکو کۆی بنەما و ئاڕاستە کاریگەر و سەردەمییەکان پێکەوە وێنە گەورەکەی توانادارییەکی بەهێز دروست دەکەن و لێرەوە ئامانجەکانی سەرکەوتن دەنەخشێن.

بە پێوەری سەردەم، سەرکەوتنی سەربازی تەنها بە چەکی پێشکەوتوو یان ژمارەی زۆری سەرباز نایەتەدی، بەڵکو هاوکێشەیەکە پەیوەستە بە هەبوونی سەرکردەی ژیری بە ئەزموون و بڕیاردەر، سەربازی خاوەن ورە، پلانی تۆکمە، پشتیوانی بەهێزی لۆجستی، هەواڵگریی کاریگەر، میدیایەکی چالاک و تەکنەلۆژیای ورد. هەر کام لەم هۆکارانە نەبێت، ئەگەری سەرکەوتن دوور و کەمتر دەبێتەوە.

## هۆکارە بنەڕەتییەکان

ئەمانە ئەو ژێرخان و بنەمایانەن کە هێزێکی سەرکەوتوو دروست دەکەن:

١. سەرکردایەتیی بەهێز و ستراتیژیی ڕوون :

سەرکردەی لێهاتوو: بوونی فەرماندەی ژیر، خاوەن دیدگا و ئازا کە بتوانێت بڕیاری دروست لە کاتی گونجاودا بدات و ببێتە ئیلهامبەخش بۆ سەربازەکانی.

پلانی ستراتیژی: هەبوونی ئامانجێکی سیاسی و سەربازیی ڕوون و دیاریکراو. هێزەکە دەبێت بزانێت بۆچی دەجەنگێت و چ پلانێکی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن هەیە.

٢. ورەی بەرز :

باوەڕبوون بە دۆزەکە: کاتێک سەرباز باوەڕی بەو ئامانجە هەبێت کە بۆی دەجەنگێت، ئامادەیی قوربانیدانی زیاتر دەبێت.

هەستی نیشتمانپەروەری و یەکڕیزی: هەبوونی گیانی هاوکاری و هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی هاوبەش لەنێوان سەربازاندا ورەیان بەرزدەکاتەوە.

٣. ڕاهێنان و دیسیپلینی سەربازی :

ڕاهێنانی بەردەوام و واقیعی: مەشقی سەربازیی بەردەوام کە لەگەڵ سروشتی شەڕی سەردەمدا بگونجێت، توانای تاکتیکی و کارامەیی سەربازان بەرزدەکاتەوە.

دیسیپلینی پۆڵایین: پابەندبوون بە فەرمان و ڕێنماییەکان و هەبوونی سیستەمێکی فەرماندەیی ڕوون، وا دەکات هێزەکە وەک یەکەیەکی یەکگرتوو کار بکات.

٤. تەکنەلۆژیا و کەرەستەی پێشکەوتوو :

چەکی کاریگەر: دەستڕاگەیشتن بە چەک و تەقەمەنیی پێشکەوتوو توانای هێرشبردن و بەرگریکردنی هێزەکە زیاد دەکات.

سیستەمی پەیوەندی و هەواڵگری: بوونی سیستەمی پەیوەندیی پارێزراو و خێرا، لەگەڵ توانای کۆکردنەوە و





شیکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت.

٥. لۆجستی و پشتیوانیی بەهێز:

دابینکردنی پێداویستییەکان: توانای گەیاندنی بەردەوامی خۆراک، چەک، سووتەمەنی و کەرەستەی پزیشکی بۆ بەرەکانی جەنگ. زۆرجار دەگوترێت: «سوپا لەسەر گەدەی دەڕوات.»

پشتگیریی ئابووری و سیاسی: بوونی ئابوورییەکی بەهێز و پشتیوانیی سیاسیی بەردەوام لەلایەن حکومەت و گەلەوە، زامنی بەردەوامیی شەڕ و سەرکەوتن دەکات.

٦. هەواڵگریی کاریگەر:

زانینی دوژمن: زانینی تواناکان، خاڵە لاوازەکان، جوڵە و نیازی دوژمن نیوەی سەرکەوتنە.

دژە هەواڵگری: پاراستنی زانیارییە نهێنییەکانی خۆت و ڕێگریکردن لە سیخوریی دوژمن و پیلان و هێرشی ئەلیکترۆنی.

## نیشانە دیارەکان

ئەمانە ئەو دەرئەنجام و ڕەفتارانەن کە دەریدەخەن هێزێک سەرکەوتووە یان لەسەر ڕێچکەی سەرکەوتنە:

١. توانای دەستپێشخەری و هێرشبردن:

هێزێکی سەرکەوتوو تەنها بەرگری ناکات، بەڵکو توانای ئەوەی هەیە گۆڕەپانی شەڕ کۆنترۆڵ بکات و دوژمن ناچار بە پەرچەکردار بکات نەک بە پێچەوانەوە.

٢. کەمترین زیانی گیانی و ماددی:

سەرکەوتن تەنها بەدیهێنانی ئامانج نییە، بەڵکو بەدیهێنانیەتی بە کەمترین تێچوو. ئەمەش نیشانەی پلاندارشتنی باش، ڕاهێنانی بەرز و بەکارهێنانی دروستی تەکنەلۆژیایە.

٣. توانای خۆگونجاندن و وەڵامدانەوەی خێرا:

> بوونی ئابوورییەکی بەهێز و پشتیوانیی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بەردەوام لەلایەن حکومەت و گەلەوە، سەرکەوتن لە شەڕ و ڕووبەڕووبونەوەکاندا مسۆگەر دەکات.

گۆڕەپانی شەڕ هەمیشە پڕە لە سوپرایز. هێزێکی سەرکەوتوو دەتوانێت بەخێرایی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا خۆی بگونجێنێت و تاکتیکی نوێ بەکاربهێنێت.

٤. یەکپارچەیی و هەماهەنگیی نێوان یەکەکان:

کاتێک هێزی پیادە، هێزی ئاسمانی، تۆپخانە و یەکەکانی دیکە وەک یەک تیم و بە هەماهەنگییەکی تەواو کار دەکەن، ئەمە نیشانەی سەرکەوتنە.

٥. کۆنترۆڵکردنی زانیاری و شەڕی دەروونی:

هێزێکی سەرکەوتوو دەتوانێت ورەی دوژمن بڕوخێنێت و لە هەمانکاتدا ورەی سەربازان و گەلی خۆی لە ڕێگەی میدیا و پڕوپاگەندەی ئاڕاستەکراوەوە بەرز ڕابگرێت.

٦. ڕێزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان:

هێزێکی پیشەیی و دیسپلینکراو پابەندی یاساکانی جەنگ دەبێت، ئەمەش وای لێدەکات شەرعیەتی نێودەوڵەتی و پشتیوانیی دەرەکی بەدەستبهێنێت، کە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی درێژخایەنە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA





# سوپـــای فەرەنسا

## مێژوو و سەرکەوتن
## داهێنان و بەردەوامیدان
## دۆستێکی هەمیشەیی کوردو پێشمەرگە

● ئامادەکردنی: عەقید ئەحمەد مەلاشێخ

سوپای فەرەنسا یەکێکە لە سوپا هەرە کۆن و بەهێزەکانی جیهان، خاوەنی پێگەیەکی گرنگە لە هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ). مێژوویەکی پڕ لە سەرکەوتن و شکستەکانی بەخۆیەوە بینیوە و بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە.

### مێژووی سوپای فەرەنسا .. قۆناغە سەرەکییەکان

١. سەدەکانی ٩ – ١٥ (مێژووی سەرەتایی):

* سوپا لە سەردەمی شارلمانی لە سەدەی نۆیەمدا دروست بوو.

* لە جەنگەکانی خاچپەرستەکاندا (١٠٩٦–١٢٩١)، فەرەنسا بووە هێزی سەرەکی.

* یەکەم سوپای هەمیشەیی لە سەرەتای سەدەی پازدەیەم لە سەردەمی پادشا شارڵی حەوتەمدا پێکهێنرا.

٢. شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩–١٧٩٩):

* لە ١٧٩٣دا، ڕابەرانی شۆڕش سوپایەکی نوێیان دامەزراند بە ناوی (سوپای گەل)، کە یەکەم سوپای نەتەوەیی بوو.

* ژمارەی سەربازان لە ساڵی ١٧٩٤دا گەیشتە زیاتر لە ٦٠٠,٠٠٠.

٣. سەردەمی ناپلیۆن (١٨٠٤–١٨١٥):

* ناپلیۆن بۆناپارت سوپایەکی خێرا و زیرەکی دروست کرد کە بە شێوازە جەنگییە نوێیەکان و جووڵەی خێرای هێزەکان ناسرابوو.

* لە ١٨١٢دا ژمارەی سەربازان گەیشتە نزیکەی یەک ملیۆن.

٤. سەدەی نۆزدەیەم و جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤–١٩١٨):

* پێشبڕکێی سەربازی فەرەنسا و ئەڵمانیا لەم سەردەمەدا گەشەی کرد.

* ٨٠٪ی پیاوانی فەرەنسا (لە تەمەنی ١٨–٤٥ ساڵیدا) بەشدار بوون.

* شەڕی ڤێردۆن (١٩١٦)، درێژترین شەڕ بوو (٣٠٢ ڕۆژ)، کە تیایدا ٧٠٠,٠٠٠ سەربازی فەرەنسی کوژران یان بریندار بوون. سوپای فەرەنسا زیانێکی زۆری بەرکەوت.

٥. جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩–١٩٤٥):

* شکستێکی گەورە لە ١٩٤٠ بەرامبەر ئەڵمانیا لە ماوەی تەنها ٦ هەفتەدا، و پاریس لە ١٩٤٠/٧/١٤ کەوت.

* هێزە ئازادەکانی فەرەنسا (FFL) لە ژێر سەرکردایەتی شارل دەگۆل لە ئەفریقا و ئینگلتەرا ڕێکخران و بەشدارییان لە ئازادکردنی پاریس (١٩٤٤) کرد.

٦. جەنگی سارد (١٩٤٧–١٩٩١):

* فەرەنسا لە ١٩٤٩ بە فەرمی چووە ناو ناتۆوە.

* پەرەی بە بواری ئەتۆمی دا و لە ١٩٦٠ یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمی سەرکەوتووانەی ئەنجام دا.

٧. سەدەی ٢١ (٢٠٠٠ – ئێستا):



* سوپا بچووککرایەوە، بەڵام خێراتر و باشتر کراوە.
* بەشداری لە هەڵمەتە گرنگەکاندا کردووە، وەک ئەفغانستان (٢٠٠١–٢٠١٤) و مالی (٢٠١٣–ئێستا) دژی تیرۆریستەکان.
* فەرماندەی ئێستا: پییر شیل (لە ٢٠٢١)ەوە.

## پێکهاتەی ئێستای سوپای فەرەنسا (٢٠٢٤)

* فەرماندەیی سەرەکی: فەرماندەیی ناوەندی، فەرماندەیی هێزە تایبەتەکان، فەرماندەیی پەروەردەی سەربازی.
* هێزە سەرەکییەکان: چوار تیپی سەرەکی (تانک، پیادە، تۆپخانە، هێزی پێشکەوتوو).
* هێزە تایبەتەکان: سەربازە شاراوەکان، هێزی چاودێری دوور، هێزی پەلاماری ئاسمانی.
* ژمارەی سەربازان: ١١٨,٠٠٠ سەربازی چالاک و ٢٤,٠٠٠ سەربازی یەدەگ.
* چەکە سەرەکییەکان: تانکی لێکلێرک، زرێپۆشی سێزەر، فڕۆکەی هێرشبەری تایگەر.

## ڕۆڵی سوپای فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان و عێراق

* لە ئابی ٢٠١٤، یەکەم وڵات بوو فڕۆکە چەکدارەکانی (ڕافاڵ و میراژ ٢٠٠٠) نارد بۆ بۆمبارانی داعش لە عێراق.
* بەشدارییان لە ڕزگارکردنی شنگال و کەرکوک کرد.
* ڕاهێنانی هێزەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان:
* سەربازە تایبەتەکانی فەرەنسا (SF) و هێزی تایبەتی (DGSE) لە هەولێر و تکریت ڕاهێنانیان بە پێشمەرگە و سوپای عێراق کرد، لە فێرکاری تاکتیکی شەڕی شار و یارمەتی پزیشکی و لۆجستی.

## یارمەتی ڕاستەوخۆ بە پێشمەرگە

* لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، یەکەم وڵاتی ڕۆژئاوا بوو چەکی ڕاستەوخۆ (تەقەمەنی و چەکی تاکتیکی) نارد بۆ پێشمەرگە.
* ٧٠ ڕاهێنەری فەرەنسی لە هەولێر کاریان لەگەڵ پێشمەرگە کرد.
* پشتیوانی لە شەڕی مووسڵ (٢٠١٦–٢٠١٧):
* بەشداری لە پلانڕێژی و پشتیوانی تۆپخانە و هێرشی فڕۆکە کرد.
* یارمەتی پزیشکی و خۆراکییان گەیاند بە ناوچە مەیدانییەکان، بەتایبەتی لە کەرکوک و شنگال.
* فەرەنسا پێشمەرگەی وەک هێزێکی کاریگەر لە شەڕی داعش ناساند.
* فرانسوا هۆڵاند، سەرۆکی پێشووی فەرەنسا، لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ سەردانی هەولێری کرد، کە یەکەم سەرۆکی ڕۆژئاوا بوو لە کاتی شەڕی داعش سەردانی کوردستان بکات.
* فەرەنسا بەردەوام بوو لە ڕاهێنانی سوپای عێراق و نزیکەی ٧٠٠ سەربازی فەرەنسی هێشتا لە عێراقن بۆ پشتیوانی ئەمنی.

سەرچاوەکان:

* پۆلی کۆیی فەرەنسی (بەشی مێژووی سەربازی).
* داینامیکی سوپای فەرەنسا (کتێبی فەرمی، ٢٠٢٣).
* پەیامگەی فەرەنسا لە عێراق (Embassy of France in Iraq)
* ڕاپۆرتی سەربازی فەرەنسا ٢٠١٤–٢٠١٧ (defense.gouv.fr/operations/irak)

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# کاریگەرییەکانی ژاوەژاو لە ژینگە و ئەرکی سەربازیدا

● ئامادەکردنی: ژوان قارەمان

بیستن رۆڵێکی گرنگی لە ئەدای سەربازدا هەیە. لەدەستدانی بیستن بەهۆی ژاوەژاوەوە بارگرانییەکی گەورەی نەخۆشییە لە سوپاکاندا و دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ئامادەیی شەڕکردنیان، چونکە توانای سەربازێک بۆ بیستنی سیگناڵە دەنگییە گرنگەکان یان سیگناڵەکانی پەیوەندیکردن لە سەرکردایەتییەکەی یان دوژمنەوە بە شێوەیەکی بەرچاو سنووردار دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پیشەی سەربازی، بیستن سەرمایەیەکی گرنگە لە کاتی مەشقی تاکتیکی و مانەوەدا و بەرکەوتن بە ژاوەژاوی بەرز لە کاتی مەشق و ئەرکەکاندا حەتمییە کە کارمەندانی سەربازی بە شێوەیەکی بەردەوام تووشی ئاستی بەرزی ژاوەژاو دەبن. بە پێچەوانەی کارمەندانی مەدەنی، کارمەندانی سەربازی هیچ بژاردەیەکیان نییە جگە لە کارکردن لە ژینگە جەنگییە ژاوەژاوەکاندا بۆ ئەوەی ئەرکە تایبەتەکان بە ئەنجام بگەیەنن.

وەڵامدانەوە و تێگەیشتنی تاک بۆ سەرچاوەی ژاوەژاوی سەربازی بەپێی زۆر هۆکار دەگۆڕێت، لەوانە: توندی یان بەرزی دەنگەکە، ئەو ماوەیە یان درێژی ئەو ماوەیەی کە ژاوەژاوەکە دەستنیشان دەکرێت، فرێکوێنسی یان پەستانی ژاوەژاوەکە، فرێکوێنسی سەرچاوەی ژاوەژاوەکە، ماوەی ژاوەژاوەکە، ترسی کەسی لە سەرچاوەی ژاوەژاو. ئاستی ژاوەژاوی تایبەت کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی بیستن بەپێی ماوەی بەرکەوتن، جۆری ژاوەژاو، ناوەڕۆکی فرێکوێنسی ژاوەژاوەکە و ئامادەیی کەسی بەرکەوتوو، بەهۆی لەدەستدانی بیستن دەگۆڕێت.

## سەرچاوەی ژاوەژاوی سەربازی

ژاوەژاو لە ژینگە و چالاکییە سەربازییەکان بە هۆی ئامێر و پرۆسەی ژاوەژاو لە هەموو چالاکییە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا رووودەدات، هەروەها چەندین سەرچاوەی وەک فڕۆکەی جێت، هێلیکۆپتەر، چەکی سووک، تەقەمەنی و چەکی قورس لەخۆدەگرێت. لە کاتی تاقیکردنەوە و مەشقی سەربازیدا، ژاوەژاو لەلایەن فڕۆکە و تەقاندنەوەی تەقەمەنی و تەقاندنی تانک و تۆپخانە و هەڵدانی مووشەک لە ئۆپەراسیۆنەکاندا دروست دەبێت. سەرچاوەی ژاوەژاو لەناو سوپاکان بەپێی ئەرکی سەربازەکان دەگۆڕێت، هەندێکجار توندترن لەو دەنگانەی کە لەلایەن هەر پیشەیەکی دیکەوە بەرهەم دەهێنرێن، ئەمەش بەهۆی ئاستی ژاوەژاوی مەترسیدارەوە، هەڕەشە لە سەر ئاستی بیستنیان دروست دەکات.

سیستەمی چەکی کالیبەری قورس وەک هاوەن و هاویتزەر و مووشەکەکانی شان و چەکی گواستنەوەی مرۆڤ، ژاوەژاوی پەستانی مەترسیدار بەرهەم دەهێنن، چونکە ئەم سیستمانە بڕێکی زۆرتر لە مادەی پاڵنەر بەکاردەهێنن و وزەیان زۆرتر لە چەکی ئاگرینی کالیبەری بچووکە.

جگە لە هەندێک لەوانەی کە ئامێری هاوشێوەکردنی چەک یان ئامێرە تایبەتەکانی تری مەشق و راهێنان دەگرێتەوە، کارمەندانی سەربازی لە کاتی ئەرکەکانی مەشقکردندا بەرکەوتەی هەمان دەنگە توندەکان لە شەڕدا دەبن. تەنانەت لە کاتی راهێناندا، ئەگەری لێکەوتەی جددی بۆ تەندروستی بیستنیان هەیە، بۆیە لەم حاڵەتانەدا، ئامێری پاراستنی کەسی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرزی دەنگ بەکاردەهێنرێت.

مەترسییەکانی پەیوەست بە ژاوەژاوی ئاست بەرز ئەوەیە کە دەتوانێت لەڕووی جەستەییەوە زیان بە خانە و پێکهاتە ناسکەکانی ناو گوێی ناوەوە بگەیەنێت و ببێتە هۆی لەدەستدانی بیستن بۆ ماوەیەکی کاتی و لەوانەیە هەمیشەیی. لەگەڵ ژاوەژاوی دۆخی جێگیردا، ئەم کاریگەرییانە رەنگە تەنها دوای بەرکەوتنی دووبارە و درێژخایەن دەربکەون. ئەم کاریگەرییانە پەیوەستن بە ئامادەیی تاکەوە، کە بەداخەوە ناتوانرێت بە هیچ تایبەتمەندییەکی مرۆڤی چاودێرکراوەوە ببەسترێتەوە.




> بیستن ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەدای سەربازدا هەیە. لەدەستدانی بیستن بەهۆی ژاوەژاوەوە بارگرانییەکی گەورەی نەخۆشییە لە سوپاکاندا و دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ئامادەیی شەڕکردنیان.

## تەکنیکەکانی کەمکردنەوەی ژاوەژاو

ئەو شێوازانەن کە بۆ کەمکردنەوەی دەنگی چەک و ئۆتۆمبێلی سەربازی بەکاردەهێنرێن بۆ باشترکردنی نهێنی و ئاسانکاری پەیوەندیی نێوان سەربازەکان و کەمکردنەوەی برینداربوون بەهۆی ژاوەژاوەوە. یەکێک لە نوێترین تەکنەلۆجیاکان بریتییە لە مادەی هەڵمژینی دەنگی، کە ئەو ماددانە بەکاردێت بۆ کەمکردنەوەی ژاوەژاو لە ڕێگەی هەڵمژینی ئەو دەنگەی کە لەلایەن چەک و ئۆتۆمبێلی سەربازییەوە دەردەچێت. جگە لەوەش یەکخستنی سیستەمی پاڵنەری پێشکەوتوو، وەک بزوێنەری بێدەنگتر و سیستەمی ئەگزۆز کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی ئاستی ژاوەژاو کە لەلایەن فڕۆکە سەربازییەکان و ئۆتۆمبێلەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت. ئەم سیستەمە مۆدێرنانە یارمەتیدەرن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە ژینگەییەکانی ڕاهێنانی سەربازی لەسەر کۆمەڵگەکانی دەوروبەر و شوێنی ژیانی گیانلەبەرە کێوییەکان. جگە لەوەش، جێبەجێکردنی تەکنیکە پێشکەوتووەکانی ئەندازیاریی دەنگی بووەتە هۆی پەرەپێدانی ئامێری تایبەتی هەڵوەشاندنەوەی ژاوەژاو کە چالاکانە بەرپەرچی شەپۆلی دەنگی نەخوازراو دەدەنەوە و لە شوێنە سەربازییەکاندا کەم دەبێتەوە. جگە لەوەش، هێنانەکایەی نوێترین تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان، وەک ڕادیۆی کۆدکراو و ئامرازەکانی پرۆسێسی سیگناڵی دیجیتاڵی، ئاسانکاری کردووە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان کارمەندانی سەربازیدا بە شێوەیەکی کاراتر و پارێزراوتر بەبێ ئەوەی پێویست بە پەیوەندی دەنگی قەبارە گەورە بکات. بە سوودوەرگرتن لەم پێشهاتانە، یەکە سەربازییەکان دەتوانن ئۆپەراسیۆنەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر هەماهەنگ بکەن و لە هەمانکاتدا ئاسایشی ئۆپەراسیۆنەکان بپارێزن و ژاوەژاوی ناپێویست کەم بکەنەوە. بە گشتی، بەردەوامیی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاکانی کەمکردنەوەی ژاوەژاو لەناو کەرتی سەربازیدا جەخت لەسەر پابەندبوون بە بەڕێوەبردنی ژینگە و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەی سەربازی و لە هەمانکاتدا دڵنیابوون لە کاریگەری و ئامادەیی ئەرکەکان دەکاتەوە.

## ژاوەژاو و ستراتیژیی ئۆپەراسیۆن

پلاندانانی ستراتیژی بۆ کەمکردنەوەی ژاوەژاو لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا ڕێبازێکی گشتگیر لەخۆدەگرێت. ئەمەش پێویستی بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژاوەژاو لە سەرانسەری ناوچەکانی کارکردندا هەیە، وەک، دانانی خشتە بۆ کەمکردنەوەی چالاکییە دەنگ بەرزەکان لە ماوەی هەستیاردا و سنووردارکردنی چالاکییەکانی شەوانە. جێبەجێکردنی چارەسەری تەکنەلۆژی وەک ئامێری هەڵوەشاندنەوەی ژاوەژاو. بەکارهێنانی تەکنیکەکانی تاقیکردنەوە. هەڵسەنگاندنی بەردەوام و گونجاندنی ستراتیژیی کەمکردنەوەی ژاوەژاو.

پلاندانان بۆ دامەزراوە سەربازییەکان و مەودای مەشقکردن بۆ دڵنیابوون لەوەی پرسی دەنگ و ژاوەژاو لەگەڵ پێداویستییەکانی ئۆپەراسیۆنەکاندا یەکدەگرێتەوە، بۆ ئەمەش دامەزراندنی هەموو ئامێرەکانی خۆپاراستن لە ژاوەژاو لە مەیدانی تەقەکردن و ناوچەی مەشق و زەوییە دیاریکراوەکان بۆ مەشقی تاکتیکی.

سەرچاوە: www.aljundi.ae

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ستراتیژی فابیەن
# خۆپاراستن لە ڕووبەڕوبونەوە و وەشاندنی گورزی خێرا

● ئامادەکردنی: ژوان قارەمان

ستراتیژی فابیەن یەکێکە لە باوترین ستراتیژەکانی شەڕی ناڕاستەوخۆ، کە تێیدا خۆت لە شەڕی ڕووبەڕوو بەدوور دەگریت و شەڕی شەکەتبوون هەڵدەبژێریت، نەک شەڕێکی یەکلاکەرەوەی ڕاستەوخۆ. ئەم زاراوەیە لە ناوی فەرماندەیەکی سەربازی ڕۆمانییەوە وەرگیراوە بە ناوی (کوینتۆس فابیۆس ماکسیمۆس) کە نازناوی لاتینی (کۆنکتاتۆر- دواخەرەکە)ی پێدرا بەهۆی شێوازە نانەریتییەکانی لە جەنگی دووەمی پونیک (٢١٨-٢٠١ پێش زایین) دژی لەشکری قرتاجەکان.

لەو کاتەدا، کۆماری ڕۆم ڕووبەڕووی گەورەترین هەڕەشەی مێژوویی خۆی ببووەوە کاتێک ژەنەڕاڵ هانیباڵ بارکا، فەرماندەی لێهاتووی قرتاجەکان، سوپای قرتاجی بردبووە ناو قووڵایی خاکی ئیتاڵیا. هانیباڵ بە تاکتیکی زیرەکانە و سەرکەوتنە وێرانکەرەکانی لە شەڕەکانی وەک ترێبیا و دەریاچەی تراسیمێن و کانا، ڕۆمەکانی بە تەواوی هەژاندبوو. ڕووبەڕووبوونەوەی هانیباڵ لە شەڕی ڕاستەوخۆدا زیانی دەیان هەزار سەربازی بە ڕۆما گەیاندبوو و ورەی تەواوی کۆمارە دێرینەکەی ڕووخاندبوو، بەڵام کاتێک فەرماندە فابیۆس وەک فەرماندەی هێزەکانی ڕۆم هەڵبژێردرا، شێوازێکی جیاوازی هەڵبژارد و ستراتیژێکی نوێی داهێنا کە ئێستا بە ناوی خۆیەوە ناسراوە. بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژی فابیان بریتییە لە:

* دوورکەوتنەوە لە شەڕی چەقبەستوو لە دژی بەرامبەرێکی بەهێزتر.

* هەراسانکردنی هێزەکانی دوژمن بە هێرشی بچووک و لەناکاو .

* پچڕاندنی هێڵەکانی هاوکاری و لۆجیستی دوژمن و وشککردنی سەرچاوەکانیان لە ماوەیەکی زەمەنی درێژدا.

فابیۆس شوێنپێی جوڵەکانی هانیباڵ دەکەوت و بەردەوام لە نزیکی لەشکرەکەی دەمایەوە، بەڵام سوپای ڕۆمی وەک خۆی دەهێشتەوە و ئەو ڕووبەڕووبوونەوە یەکلاکەرەوەی بە هانیباڵ نەدەدا کە هانیباڵ زۆر گوشاری دەکرد بۆ بەدەستهێنانی. فابیۆس هێرشی دەکردە سەر ئەو گروپە بچووکانەی هانیباڵ کە بۆ کۆکردنەوەی خواردن دەیناردن، هێڵەکانی پەیوەندی و هاوکاری لە دەریا و وشکانیدا دەپچڕاند. کاتێک قرتاجەکان بەرەو داگیرکردنی شارێکی تر دەڕۆیشتن، فابیۆس شارەکانی تری کۆنتڕۆڵ دەکردەوە کە قرتاجەکان گرتبوویان. لە شوێن و قەڵا و تەپۆڵکەی قایمدا شەڕی دەکرد کاتێک قرتاجەکان دەکشانەوە، شوێنیان نەکەوت بۆ پانتاییەک کە بەدڵی هانیباڵ بێت.

هەرچەندە لە سەرەتادا زۆرێک لە ڕۆمەکان ڕەخنەی توندیان لە فابیۆس گرت و بە ترسنۆک و بێ ئیرادە ناویان دەبرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات سەلماندی کە ستراتیژە نوێیەکەی کاریگەر و بەهێزە. هانیباڵ بارکا کە لە خاکی دوژمندا بوو لە ئیتاڵیا، نەیتوانی بە شێوەیەکی گونجاو و بەردەوام سەرچاوە و لۆجیستی پێویست بۆ سەربازەکانی دابین بکات و هەروەها نەشیدەتوانی لەشکری ڕۆمەکان بەرەو شەڕێکی ڕووبەڕوو و یەکلاکەرەوە ڕاپێچ بکات. بۆیە ئیدی وردە وردە هێزی خۆی لەدەستدا و بە ناچاری کشایەوە وڵاتەکەی خۆی. سەرەڕای ئەوەی پێشتر سێ سوپای پڕچەک و بە ئەزموونی ڕۆمی لەناوبردبوو و هەتا دەروازەکانی شاری ڕۆمی پایتەخت هات، بەڵام نەیتوانی چوارەم و کۆتا سوپای ڕۆم لە ئیتاڵیا کە زۆربەیان بێ ئەزموون و سەربازی تازەگیراوبوون لەناوبەرێت. بەم شێوەیە ستراتیژی فابیان ڕۆمای لە ئەگەری دارمان ڕزگارکرد.

ستراتیژی فابیان لە دەرەوەی بنەچەی مێژوویی خۆی بووەتە مۆدێلێکی هەمیشەیی لە جەنگ و سیاسەتدا. لە پلانی فەرماندەکانی وەک جۆرج واشنتۆن لە کاتی جەنگی شۆڕشی ئەمریکا و ژەنەڕاڵ ژوکۆڤ لە جەنگی دژی نازییەکان ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبوو، کە خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرفراوان لەگەڵ سوپای بەریتانیا و نازییەکاندا بەدوور دەگرت و لەبری ئەوە پشتیان بە پەرتبوون و مانۆڕ و بەرگەگرتن دەبەست بۆ پاراستنی سوپاکانیان تا بارودۆخەکە لەبار بووەتەوە بۆیان.

بەهەمان شێوە، ئەم چەمکە لە سیاسەتدا هەیە. بە نموونە کۆمەڵگەی فابیان لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە بەریتانیا دامەزرا و ئەم دەستەواژەیەی کردە ناو و ستراتیژەکەی گرتەبەر بۆ وەسفکردنی شێوازی خۆی بۆ بەدیهێنانی چاکسازی سۆسیالیستی وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو نەک لە ڕێگەی یاخیبوون و شۆڕش و هەڵچوون. لە ئێستادا پارتی کرێکارانی بەریتانیا سەر بەم کۆمەڵگەیەن.

ستراتیژی فابیان تیشک دەخاتە سەر هێزی خۆڕاگری و بەرگەگرتن و خۆگرتنی ستراتیژی. ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەموو جەنگەکان یان خەباتەکان بە هەر جۆرێک بێت مەرج نییە تەنها لە ڕێگەی هێرشی ئازایانە و سەرکەوتنی دەستبەجێدا ببردرێنەوە. هەندێک جار مانەوە و بەردەوامبوون و فشاری وردە وردە دەتوانێت ئەو خواستە بەدەستبهێنێت کە هێزی پەلاماردەر ناتوانێت بەدەستی بهێنێت. ستراتیژی فابیان بە پاراستنی هێز و کۆنترۆڵکردنی لاوازییەکانی دوژمن و بە لێدان و هێرش لە ساتی گونجاودا، ئەوەمان نیشان دەدات کە دەکرێت ببێتە بنەمایەکی گرنگ و کاریگەر.

# بلدۆزەری سەربازی

● ئامادەکردنی: گۆران ئەحمەد

بلدۆزەرە سەربازییەکان یەکێکن لە گرنگترین ئامێرە تایبەتمەندەکانی هێزە چەکدارەکان لە جەنگدا و لە کارە سەربازییەکاندا. ئەم ئامێرانە لە بلدۆزەرە ئاساییەکان جیاوازن و تایبەتمەندی و توانای هەمجۆریان هەیە، بە شێوەیەک دروستکراون بەرگەی تەقینەوەی بەهێز دەگرن و توانای کارکردنیان بەرزە لەژێر بارودۆخە سەختەکانی شەڕ. بارستاییان زۆرە بەهۆی بوونی پارچەی ئاسن و پۆڵای زۆر، هەربۆیەش دەتوانن بەردو شاخی گەورە ببڕن و ڕێگای ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان و پردی تایبەت دروست بکەن. هەروەها توانای تێکدانی هێڵی بەرگری دوژمنیان هەیە و دەتوانن بەرەکانی شەڕ لە مین و تەقەمەنیەکان پاک بکەنەوە.

بلدۆزەرەکان بۆیە گرنگن، چونکە تەنها توانای تێکدانی هێڵەکانی بەرگری دوژمنیان نییە، بەڵکو توانای بنیاتنانەوەی بەرزە دەتوانێت بەشێوەی کاتی خزمەت بە ناوچە وێرانکراوەکانی دوای شەڕ بکەن وەك کردنەوەی ڕێگاکان و دروست کردنی بەربەست و لابردنی ئاسەوارەکانی شەڕ و دروستکردنی بەنداوی بچووك.

بلدۆزەرە سەربازییەکان بە هێزی (٣٠٠_٨٠٠) ئەسپ کاردەکات و جوڵەی بلدۆزەرەکان بە زنجیرە لەجیاتی تایەی ئاسایی، هەروەها دەتوانێت تا ٥٠کم لە کاتژمێرێك خێرا بڕوات، ئەستوری پلێتی ئەم بلدۆزەرانە لە نێوان(٢تا ١٠)سم بەگوێرەی شوێنی هەستیار و ئەگەری بەرکەوتنی هێزی دەرەکی. لە بەشی پێشەوە تیغی تیژی هەیە بۆ ڕامالێن و هەڵکەندن، لە بەشی دواوە تیغێکی هەیە بۆ کێلان و تێکدان، هەروەها توانای کۆنترۆڵکردنی هەیە بە بێ شۆفێر. لەشەڕی یەکەمی جیهاندا بەریتانیا زۆرترین بەکارهێنانی هەبوو، بەڵام لە شەڕی دووەمی جیهاندا زۆربەی وڵاتان بەکاریانهێنا. لەبەر گرنگییەکەی ئەم ئامێرە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە هێزی سەربازی. بەهێزترین جۆرەکانیان ئێم نۆی ئەمریکی و ئای ئێم ئاری ڕووسین.



# فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکی RQ_170 Sentinel

● ئامادەکردنی: شالاو حامید

RQ-١٧٠ Sentinel فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی چاودێری ئەمریکییە لەلایەن کۆمپانیای لۆکهید مارتن دروست کراوە. نازناوی ئەم فڕۆکەیە (Sentinel)ە. کاری سەرەکی بریتییە لە چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری لە ناوچە مەترسیدارەکان. باڵەکانی تایبەتمەندییان هەیە، کە وا لە فڕۆکە دەکات تێکەڵاوی هەوا بێت و زۆر بە ئاسانی نەبینرێت. بۆیەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕی ئەفغانستان و عێراق بەکارهێنرا، لەبەر وردی دیاری کردنی جوڵە سەربازییەکان توانرا شوێنی زۆربەی ئامانجەکان دیاری بکات بەتایبەت لە سنوورەکانی نێوان ئەفغانستان و پاکستان، هەروەها لە ئاسمانی کۆریای باکوور چاودێری کورە ناوەکییەکان و بەرهەمهێنانی موشەك و کەرەستە سەربازیەکانی کردووەو توانیویەتی زانیاری زۆر ورد و هەستیار کۆبکاتەوە لە چەندین ناوچەی تری جیهان وەک ئێران، یەمەن، و سۆمالیا بەکارهێنراوە. هەرچەندە ئێران توانی یەکێك لەم فڕۆکانە بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەوە هۆکار نەبوو لە خانەشین کردنی بە پێچەوانە وە لەبەر بەهێزی ئەم فڕۆکەیە تا ئێستا لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکا و دەزگای سی ئای ئەی بە بەردەوامی بەکار دەهێنرێت.





ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# بۆمبە وێرانکەرەکە



و/ رائید قانیعە حەسەن عەولا

بۆمبی (GBU-٥٧)، کە بە «Massive Ordnance Penetrator» (MOP) ناسراوە، یەکێکە لە پێشکەوتووترین و بەهێزترین بۆمبە نائەتۆمییەکانی جیهان. ئەم چەکە لەلایەن کۆمپانیای «بۆینگ»ی ئەمریکییەوە بەرهەمهێنراوە و تەنها لەناو سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوونی هەیە. ئەم بۆمبە بە تایبەتی بۆ لەناوبردنی قەڵا و حەشارگە قایمەکانی ژێر زەوی دروست کراوە، وەک دامەزراوە سەربازییەکان و تونێڵە قووڵەکان، کە چەکە ئاساییەکان ناتوانن پێی بگەن.

## مێژووی پەرەپێدان و بەکارهێنان

٢٠٠٧: یەکەم تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی بۆمبەکە لە مەیدانی مووشەکی «وایت ساندز» ئەنجام درا.

٢٠٠٨-٢٠١٠: بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی فڕۆکەی بۆمبهاوێژی ستراتیژیی B-٥٢ و B-٢ تاقی کرایەوە.

شوباتی ٢٠١٠: پرۆژەکە بە فەرمی رادەستی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا کرا.

ئەیلوولی ٢٠١١: بە شێوەیەکی فەرمی خرایە خزمەتەوە و بووە بەهێزترین بۆمبی نائەتۆمی لە هێزی ئاسمانی ئەمریکادا.

## تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان و تواناکان

بۆمبی قەڵاشکێنی (GBU-٥٧A/B) خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ناوازەیە:

کێش و ڕەهەندەکان:
درێژی: ٦.٢ مەتر
تیرە: ٨٠٠ میلیمەتر
کێشی گشتی: لەنێوان ١٣.٦ بۆ ١٤ تەن (١٤،٠٠٠ کیلۆگرام)

کێشی کڵاوەی تەقینەوە: نزیکەی ٢.٤ تەن

توانای شکاندن: ئەم بۆمبە دەتوانێت زیاتر لە ٦٠ مەتر لە کۆنکرێت و خۆڵی پتەو ببڕێت پێش تەقینەوە. هێزی شکاندنەکەی بەشێکی زۆری پەیوەستە بە کێشە زەبەلاحەکەیەوە.

پێکهاتە: جەستەی بۆمبەکە لە پۆڵایەکی تایبەت و بەهێزکراو دروست کراوە، تاکو بەرگەی ئەو پێکهەڵکێشانە توندە بگرێت کە لەکاتی بڕینی چینەکانی زەوی یان کۆنکرێتدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

سیستەمی تەقینەوەی زیرەک: بۆمبەکە وا دیزاین کراوە کە تەنها دوای بڕینی قووڵاییەکی دیاریکراو بتەقێتەوە. ئەمەش وا دەکات زۆرترین زیان لەناو دڵی ئامانجەکەدا دروست بکات.

## سیستەمی ئاراستەکردن و وردبینی

هەرچەندە ئەم بۆمبە بزوێنەری نییە و وەک مووشەک توانای مانۆڕی نییە، بەڵام خاوەنی سیستەمێکی ئاراستەکردنی زۆر وردە:

ئاراستەکردنی GPS: بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە سیستەمی دیاریکردنی شوێنی جیهانی (GPS) دەبەستێت، کە وا دەکات هەڵەی پێکانەکەی (CEP) کەمتر بێت لە ٥ مەتر.

سیستەمی یارمەتیدەر (INS): خاوەنی سیستەمێکی ڕێنمایی ناوەکی (Inertial Navigation System)ـە. لە ئەگەری لەکارکەوتن یان شێواندنی سیگناڵی GPS، ئەم سیستەمە کارا دەبێت و هەڵەی پێکان لەنێوان ١٠ بۆ ٤٠ مەتردا دەهێڵێتەوە.

شێوازی کارکردن: دوای ئازادبوونی لە فڕۆکەکە، چوار باڵی تۆڕیی لە بەشی دواوەی دەکرێنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاراستەکەی. لە دوا قۆناغی نزیکبوونەوە لە ئامانج، بۆمبەکە خۆی بەشێوەیەکی ستوونی ڕێک دەخات بۆ ئەوەی بە زۆرترین هێزەوە بچێتە ناو ئامانجەکەوە.

## ڕۆڵی ستراتیژی

فڕۆکە هەڵگرەکان: بەهۆی کێشە زۆرەکەیەوە، تەنها بۆمبهاوێژە قورسەکانی وەک B-١، B-٢ و B-٥٢ توانای هەڵگرتنیان هەیە، بەڵام لە ئێستادا فڕۆکەی بۆمبهاوێژی نهێنی (ستێلس) B-٢ Spirit بە هەڵگری سەرەکیی ئەم چەکە دادەنرێت.

ئامانجەکان: بۆ هێرشی پلان بۆ داڕێژراو لە دژی ئامانجە ستراتیژییە قووڵەکانی ژێر زەوی بەکاردێت، وەک:

سەنتەرەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ.

سەنگەر و بنکە سەربازییە قایمکراوەکان.

**عەمبارەکانی چەک و جبەخانەی نهێنی.**

ژمارەی بەرهەمهێنراو: ژمارەی وردی ئەو بۆمبانەی بەرهەمهێنراون نهێنییە، بەڵام بەپێی خەمڵاندنەکان تا ساڵی ٢٠١٥ نزیکەی ٢٠ دانە لەم بۆمبە دروست کراوە. بۆمبی GBU-٥٧ تەنها چەکێک نییە، بەڵکو ئامرازێکی ستراتیژییە لە دەستی ئەمریکادا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوژمنانەی کە پشتیان بە ژێرخانی سەربازیی قووڵ و قایم بەستووە.

سەرچاوە: https://jangaavaran.ir

## زرێپۆشێکی نوێ

# هێزێك بۆ مەیدانی شەڕی مۆدێرن

ئامادەکردنی: ئارمان

زرێپۆشی LIFV ٠٠١ بەرهەمێکی پێشکەوتووی کۆمپانیای (کالدس)ی ئیماراتییە، کە بۆ هەڕەشە ئاڵۆزەکانی گۆڕەپانی شەڕی نوێ دیزاین کراوە. ئەم زرێپۆشە سێ تایبەتمەندی سەرەکی تێدایە: جووڵەی خێرا، پارێزگاریی بەهێز و هێزی ئاگرینی فرەجۆر.

لە ڕووی جووڵەوە: خێراییەکەی دەگاتە ١٣٠ کم/کاتژمێر و دەتوانێت ٧٠٠ کیلۆمەتر بە یەک تانکی سووتەمەنی ببڕێت. ئەمەش توانایەکی بەرزی پێدەبەخشێت بۆ مانۆڕکردن و خۆدزینەوە لە مەترسی، هەروەها بۆ کارکردن لە ناوچە سەخت و شاخاوییەکاندا زۆر گونجاوە.

لە ڕووی پارێزگارییەوە: ئاستێکی بەرزی پارێزگاری هەیە دژی گوللە و بۆمبی چێنراو (بەپێی پێوەری جیهانیی STANAG). هەروەها تاقمەکەی لە هەڕەشەی کیمیایی و بایۆلۆجی دەپارێزێت.

لە ڕووی هێزی ئاگرینەوە: زۆر نەرمونیانە و دەتوانرێت بەپێی ئەرکەکە چەکی جیاوازی لەسەر دابنرێت. چەکی سەرەکی تۆپێکی ٣٠ ملیمە، بەڵام دەتوانرێت ڕەشاش، مووشەکی پێشکەوتووی دژە تانک (وەک ALHEDA)، و تەنانەت تۆپی قورستریشی لەسەر دابنرێت.

زرێپۆشەکە توانای هەڵگرتنی تیمێکی سەربازیی تەواو یانزە کەسیی هەیە. یەکێک لە گرنگترین خاڵە بەهێزەکانی ئەوەیە کە دەتوانرێت بە فڕۆکەی بارهەڵگری گەورە (وەک C-١٧) بگوازرێتەوە، کە وای لێدەکات بە خێرایی بۆ هەر گۆڕەپانێکی شەڕ لە جیهاندا بنێردرێت.

LIFV ٠٠١ تەنها گواستنەوەی سەرباز نییە، بەڵکو زرێپۆشێکی شەڕکەری گشتگیرە کە هێز، پاراستن، و جووڵە پێکەوە کۆدەکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داهاتوو.



## فیشەکێکی زیرەکی ئاراستەکراو بە لەیزەر



سعودیە لە ڕێگەی پەرەپێدانی فیشەکی زیرەکی ئاراستەکراو بە لەیزەر هەوڵ دەدات پێگەی خۆی وەک هێزێکی پێشکەوتووی پیشەسازی و سەربازی بچەسپێنێت. ئەم پێشکەوتنە تەنها وردی نیشانەشکێنەکان بەهێز ناکات، بەڵکو دەرگا لە بەردەم شۆڕشێکی هەرێمیدا دەکاتەوە لە بواری تەقەمەنییە زیرەکەکاندا، کە دەکرێت هاوسەنگی هێز لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا بگۆڕێت.

ئەم پرۆژەیە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی شانشینەکەدایە بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای چەکی پێشکەوتوو وەک بەشێک لە دیدگای ٢٠٣٠، هەروەها جەختکردنەوەی بەردەوامی لەسەر بەخۆماڵیکردنی ٥٠٪ی خەرجییە بەرگرییەکانی.

بەپێی خەمڵاندنەکان، فیشەکە زیرەکەکەی سعودیە پشت بەم تایبەتمەندیانە دەبەستێت:

* هەستەوەرێکی بچووکی لەیزەری کە ئاماژەکانی ئاراستەکردن وەردەگرێت.
* لە کاتی تەقاندن دەتوانێت ڕێڕەوەکەی ڕاست دەکاتەوە.
* مەودای کاریگەری دەگاتە ٢ کیلۆمەتر.
* سیستەمێکی تێکهەڵکێشکراو بۆ گونجاندن لەگەڵ با و گەرمی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# کێن ئەو کەسانەی بۆ فڕۆکەوانی ئێف١٦ هەڵدەبژێردرێن

ئامادەکردنی: ئیبراهیم عەبدولڕەحمان

فڕۆکەی ئێف ١٦ی ئەمریکی بە یەکێك لە بەهێزترین فڕۆکە شەڕکەرەکانی جیهان هەژمار دەکرێت بەهۆی وردی لە پێکان و خێرایی مانۆڕە سەربازییەکانی، بۆیە ئەوکەسانەی دەبنە فڕۆکەوانی ئەم فڕۆکەیە دەبێت بژاردە بن لە هەموو روویەکەوە. لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندی و مەرجانەی پێویستە هەبن بۆ بوون بە فڕۆکەوان ئەوا پێویستە تەمەنی ١٨-٣٠ ساڵ بێت،بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانرێت تەمەن بگاتە ٣٥ ساڵ. لەڕووی باڵا پێویستە لە کاتی وەستان باڵایان لە نێوان ١٦٤ تا ١٩٥ سم بێت تا بتوانێت لەشوێنی فڕۆکەوانی کردن بە ئاسوودەیی دابنیشێت، هەروەها لەکاتی دانیشتن پێویستە بەرزی جەستەی فڕۆکەوان لە نێوان ٨٦ تا ١٠٠ سم بێت. هەرچەندە هێزی ئاسمانی ئەمریکی پێشنیاری ئەوەیان کردووە کورسی فڕۆکەوان و جامی پارێزەری فڕۆکە بەجۆرێك گۆڕانکاری تێدا بکرێت تا زۆرترین ئەفسەر بتوانن ببن بە فڕۆکەوان.

نابێت هیچ فڕۆکەوانێك ئەفسەر نەبێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت فڕۆکەوان بە کۆمەڵێك راهێنان و فشاری دیکە تێپەڕیوە بەر لە دەستپێکردنی بە مەشق و راهێنانی فڕۆکەوانی. لەڕووی باری تەندروستی پێویستە فڕۆکەوان لە پشکنینە تەندروستییەکان دەرچێت بەتایبەت پشکنینی چاو و نەخۆشی دەروونی و جەستەیی و نەخۆشیەکانی دڵ و شەکرە. فڕۆکەوان بەر لە وەرگرتنی ئەرکی فەرمی دەبێت ساڵانە ٢٥٠ کاتژمێر مەشقی فڕۆکەوانی کردبێت هەروەها زمانی ئینگلیزی لە ئاستێکی زۆر بەرز دابێت و لە تاقیکردنەوەی فشاری دەروونی بە پلەی زۆر باش دەرچووبێت.دوا شت کە خاڵێکی گرنگە دەبێت فڕۆکەوان مێژووی خۆی و خانەوادەکەی پاك بێت و پابەندی سوێندی نیشتیمانی بێت.



# مانگی دەستکردی سەربازی

# چاودێریکردن لە بۆشایی ئاسمانەوە

● ئامادەکردنی: ڕێناز جومعە

مانگە دەستکردە سەربازیەکان ئامێرێکی زانستی و تەکنەلۆژیایی پێشکەوتووە کە بۆ مەبەستێکی تایبەتی سەربازی لە بۆشایی ئاسماندا دانراونەتەوە، هەر مانگێکی دەستکرد (ئاسایی یان سەربازی) بە هۆی دوو هێزی سەرەکی لە خولگەکەیدا دەمێنێتەوە:

یەکەم، هێزی کێشکردنی زەوی، ئەم هێزە هەموو تەنێکی لەسەر زەوی ڕادەکێشێتەوە سەر ناوەڕاستی زەوی. گەر مانگە دەستکردەکە وەستابا، بێگومان ڕاستەوخۆ دەکەوێتە خوارەوە. دووەم، هێزی ناوەندی، ئەم هێزە بەردەوام تاوی مانگە دەستکردەکە دەدات بۆ ڕۆیشتنی بە خێرایەکی زۆر لەسەر هێڵە ئاسۆییەکەی ئەم خێرایی و هێزی کێشکردنە هاوتەریبی یەکتر ڕێگری لە کەوتنە خوارەوەی مانگە دەستکردەکان دەگرن، هەروەها تا لە خولگەی زەوی دوور بکەونەوە خێراییان کەم دەبێتەوە، بۆ نمونە خولگەی جیۆستێشنەری کە بەرزی ٣٥کم دەبێت لەبەر کەمی کاریگەری هێزی کێشکردن خێرایی مانگە دەستکردەکان کەمترە.

جۆرەکانی مانگە دەستکردە سەربازیەکان بەگوێرەی ئەو ئەرکەی هەیانە پۆلێن دەکرێن:

جۆری یەکەم (Reconnaissance & Surveillance Satellites) مانگی پشکنین و چاودێری: چاودێری کردنی هێزەکانی دوژمن، شوێنەکانی مووشەک، جوڵەی سەربازی، و دروستکردنی نەخشەی ورد. بەجۆرێك ورد و پێشکەوتوون دەتوانن ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێل بخوێنەوە، هەروەها توانای وێنەگرتنیان لە شەو و کەش و هەوای دژواردا هەیە.

جۆری دووەم مانگەکانی پەیوەندیکردن (Communication Satellites - COMSAT): دابینکردنی پەیوەندی نهێنی بۆ هێزە سەربازییەکان لە هەموو جیهاندا. ئەمەش ڕێگە بە فەرماندەکان دەدات فەرمان بە یەکەکانیان بدەن لە دوورەوە و زانیارییەکان بگەڕێننەوە بەبێ ئەوەی زانیاریەکان دزە پێبکرێن یان دوژمن توانای چاودێری هەبێت.

جۆری سێیەم هەیڤەکانی دیاریکردنی شوێن (GPS - Navigation): دابینکردنی شوێنی ورد (لە چەند مەترێکدا) بۆ سەربازەکان و فڕۆکە و کەشتی و مووشەک و بۆمب. هەروها ئاراستەکردنی درۆنەکان و ڕێنمایی کردنییان.

جۆری چوارەم مانگی ئاگادارکردنەوە (Missile Warning Satellites) ئەم جۆرە وەك ڕادارێك لە بۆشایی ئاسمان کار دەکات، وەك دیاریکردنی دەستپێکردنی مووشەکی دوژمن (بەتایبەتی مووشەکی بالیستییەکان) لە ڕێی وێنەگرتنی پلەی گەرمی گڕی دەستپێکردنەکەیەوە. بەمەش چەند خولەکێک کاتی زیاتر دەدات بۆ وەڵامدانەوە و بەرگری.

جۆری پێنجەم (Offensive/ Defensive Satellites) مانگەکانی هێرشبردن و لەکارخستنن ئەم جۆرە لە هەموو جۆرەکانی دیکەی مانگە دەستکردەکان بەهێزترە مەترسیدارترە توانای ڕاگرتنی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانی دوژمنی هەیە هەروەرها بلۆك کردنی توانستە ئەلیکترۆنیەکانی دوژمن، جگە لەمە توانای لەکارخستنی مانگە دەستکردەکانی دیکەی هەیە.

لە خاڵە گرنگ و تایبەتەکانی مانگە سەبازیەکان بەراورد بە مانگی ئاسایی ئەوا ئەم مانگانە سکویریتیان یەکجار بەرزە و توانای هاککردنیان مەحاڵە، هەروەرها توانای گۆڕینی خولگەی هەیە ئەمەش وەك مانۆڕێك دەبێت لەبەرامبەر چاودێریکردنی دوژمن. مانگە سەربازیەکان سەرباری وردی لە وێنەگرتن و چاودێریکردندا توانای بەرگە گرتنی چەکی ئەتۆمی و شەپۆلە کارۆموگناتیسەکانی خۆریان هەیە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# کاریگەری دابەزینی شەکرەی سەربازەکان لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا

ئامادەکردنی: شاخەوان عمر

له کاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا، تەندروستی و توانای سەربازەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرکەوتنی کردە سەربازیەکە دەبێت. یەکێك لەو فاکتەرانەی کار دەکاتە سەر توانای فیزیکی و دەروونی سەرباز، ڕێژەی شەکرەی خوێنە. دابەزینی شەکرەی خوێن (هایپۆگلایسیمیا) لەکاتی ئەرکی سەربازیدا کاریگەری نەرێنی لەسەر کارایی و بەرگری سەربازەکان بەجێدەهێڵێت.

لەبەر ئەوەی شەکر سەرچاوەی سەرەکی وزەیە بۆ خانەکان، بەتایبەتی ماسوولکە و مێشك. بەمەش کاتێك شەکرەکە دادەبەزێت، سەربازەکان هەست بە ماندوویی، بێهێزی، و لاوازییەك دەکەن، ئەمەش کاراییان لە شەڕ یان چالاکییان کەم دەکاتەوە، هەروەها لەرووی دەروونیەوە هایپۆگلایسیمیا دەبێتە هۆی تێکچوونی بیرکردنەوە، دابەزینی توانای جەستەیی، و قورسی ئەنجامدانی کارێك یان بڕیارێکی دروست. لە هەندێك حاڵەتدا، دەبێتە هۆی تاریکبوونەوەی بینایی یان لەدەستدانی ئاگایی. هەر لەبەر ئەمە کاتێك سەربازێك شەکرەی خوێنی کەم بێت ، دەکرێت خێرایی و وریاییەکەی کەم بێتەوە، ئەمەش وای لێدەکات زیاتر لە ژێر مەترسی زیانلێکەوتن یان هێرشی دوژمن بێت. زیان بە ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنەکە بگەیێنێت.

گرنگترین هۆکارەکان خواردنی نەگونجاو: نەخواردنی پێش ئەرك یان بەکارهێنانی خواردنی خێرا کە شەکرەکە بەخێرایی بەرز و نزم دەکەنەوە. هەروەها فشاری دەروونی. فشاری دەروونی شەڕ دەتوانێت ڕێژەی شەکرە دابەزێنێت، یان ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر کە ببێتە لەدەستدانی وزەی پێویست بەر لە ئۆپەراسیۆنەکە.

بۆ ڕێگە گرتن لە دابەزینی شەکرەی شەڕکەرەکان پێویستە فەرماندە سەربازیەکان سیستەمی خۆراکی یەکەکانیان ڕێك بخەن بەجۆرێك خواردنی پڕ لە پرۆتین و ڕیشاڵ (وەك سەوزە، گۆشت) پێش ئەرکی سەربازی. لەگەڵ پشکنینی شەکرەی خوێنیان ، بەتایبەتی ئەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە. هەروەها ڕاهێنانی سەربازەکان لەسەر ناسینەوەی نیشانەکانی هایپۆگلایسیمیا و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی. کۆی ئەو ڕێکارانەی پاراستنی شەکرەی سەربازەکان مسۆگەر دەکەن گرنگە لە ئاستێکی گونجاودا بێت، ئەمەش لەکاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا نەك تەنیا کارایی سەربازەکان باش دەکات، بەڵکو ژان و ژیانیان ڕزگار دەکات. پێویستە فەرماندە و پزیشکانی سەربازی گرنگی بەم بابەتە بدەن و ڕێنمایی پێویست بە سەربازەکان بگەیەنن.





# فریاگوزاریی سەرەتایی دەروونی لە گۆڕەپانی جەنگدا

ئامادەکردنی: هەوراز ساڵح مەلەکی

لەکاتی جەنگدا، سەربازان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئاڵنگارییە جەستەییەکان ڕاهێنانیان پێدەکرێت، بەڵام ئازارە دەروونییەکان زۆر جار نادیارن و کەمتر هەستیان پێدەکرێت. لە جەنگدا ترس، دڵتەنگی و ڕووداوە لەناکاوەکان دەتوانن تەنانەت کاریگەری لەسەر کەس بەهێزەکانیش دابنێن. لەو چرکەساتەدا، هەبوونی ئەو هاوڕێیانەی ڕاهێنانی فریاگوزاریی سەرەتایی دەروونیان وەرگرتووە دەتوانن گۆڕانکاریی گرنگ ئەنجامبدەن.

## فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی چییە؟

پارمەتیدانی دەروونی، کۆمەڵە هەنگاوێکی سادە و کاریگەرە کە هەر کەسێک دەتوانێت جێبەجێیان بکات و تەنها تایبەت بە شارەزایانی تەندروستی دەروونی نییە. خاڵە سەرەکییەکانی بریتین لە: گوێگرتن، ئارامکردنەوە و پەیوەستکردنی ئەو کەسەی تووشی نارەحەتییەکە بووە. هەروەک چۆن فریاگوزاریی سەرەتایی جەستەیی بریندارەکان جێگیر دەکات تاوەکو چارەسەری پزیشکی بەردەست دەبێت، فریاگوزاریی سەرەتایی دەروونی پشتگیریی دەروونی دەستبەجێ پێشکەش دەکات تاوەکو چارەسەری پیشەیی دەکرێت.

## بۆچی فریاگوزاریی سەرەتایی دەروونی لەڕووی سەربازییەوە گرنگە؟

چونکە بە هانەوەچوونی، دەستبەجێ ژیان ڕزگار دەکات. زۆرجار سەربازەکان لە کاتی شەڕدا تووشی ترس، شۆک، یان خەمێکی زۆر دەبن. پشتگیریی دەروونیی پێشوەختە دەتوانێت مەترسی زەبری درێژخایەن کەم بکاتەوە و کاریگەریی چالاکییە سەربازییەکان بپارێزێت. کاتێک سەربازەکان هەست بە پشتیوانی هەڤاڵەکانیان دەکەن، یەکگرتوویی یەکەکان و ورە بە بەهێزی دەمێنێتەوە و خۆڕاگری دروست دەکات. فێرکردنی فریاگوزاریی سەرەتایی دەروونی، لێهاتوویی سەربازەکان زیاد دەکات و ئامادەیی دەروونی لە لەناو هەموویاندا بەهێزدەکات.

## بنەما سەرەکییەکانی فریاگوزاریی سەرەتایی دەروونی لە جەنگدا

سەیرکردن: چاودێریی ژینگەکە بکە و دیاری بکە کێ لە نارەحەتیدایە (لەسەر زەوی کەوتووە، ترساوە، سەری لێشێواوە، یان بە شێوەیەکی نائاسایی بێدەنگە).

گوێگرتن: بە هێمنی نزیک ببەوە، ئامادەبییەکی سەلامەت پێشکەش بکە و بەبێ حوکمدان گوێبگرە. هەندێک جار بێدەنگی و ئامادەبوون زیاتر لە وشە مانایان هەیە.

پەیوەستکردن: دڵنیایان بکەوە، یان ڕێنمایان بکەن بۆ چاودێریی تەندروستی پزیشکی/دەروونی کاتێک بەردەستن.

هەنگاوە کردەییەکان کە سەربازان دەتوانن بیگرنەبەر: ئەگەر ئارامیی خۆت بپارێزیت، ئەوە هەستی دڵنیایی بە هاوسەنگەرەکەت دەدەیت. ئەگەر دەتوانیت ئاو، کورسی، یان شوێنی حەوانەوە پێشکەش بکە، چونکە کردەوە بچووکەکانی یارمەتیدان کاریگەرییەکی گەورە دروست دەکەن. دوور بکەوەرەوە لە ناچارکردنی بە گفتوگۆ. هاوڕێیان هاندە بدە بۆ ئارامگرتن و وەرگرتنی پشوو و پەیوەستبوون لەگەڵ هاوڕێ متمانەپێکراوەکانیان.

ئەوەی وایکردووە فریاگوزاریی تەندروستی دەروونی بە تایبەتی لە چوارچێوەی سەربازیدا بەهێز بێت، بریتییە لە پەیوەندیی هاوبەشبوون و هاوچارەنووسی. کاتێک پشتگیری لەلایەن سەربازێکەوە دەگات کە هەمان مەترسی و ئاڵانگاری هەیە، زۆرجار بە ئاسانی قبوڵ دەکرێت. ئەم جۆرە هاوکاریکردنە لە نێوان هاوڕێیاندا دەکرێت ببێتە هۆکارێکی بەسوود بۆ چارەسەرکردنەکان.

فریاگوزاریی سەرەتایی دەروونی پەیوەندی بە چارەسەرەوە نییە، پەیوەندی بە مرۆڤبوونەوە هەیە لە ساتەکانی قەیراندا. لە بەرەکانی شەڕدا، کە ڕەنگە پشتیوانی تەندروستیی دەروونی پیشەیی دەستبەجێ لەبەردەستدا نەبێت، بەڵام بە تێکەڵکردنی فریاگوزاریی سەرەتایی دەروونی لە مەشقەکاندا، سوپاکان دەتوانن ئاستی خۆڕاگری بەهێز بکەن و تەندروستیی دەروونیی هێزەکانیان بپارێزن.

سەرچاوە:

World Health Organization, War Trauma Foundation, & World Vision International. (٢٠١١). Psychological First Aid: Guide for Field Workers. Geneva: WHO.

Inter-Agency Standing Committee (IASC). (٢٠٠٧). IASC Guidelines on Mental Health and Psychosocial Support in Emergency Settings. Geneva: IASC.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# ووشەی یەکتربڕ

| 16 | 15 | 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ■ | | | | | | | ■ | | | | | 1 |
| | | ■ | | | | | | | | | | | | | | 2 |
| | ■ | | | | | ■ | | ■ | | | | | ■ | | | 3 |
| | | | | | ■ | | | | | ■ | | | | | | 4 |
| | | ■ | | | | | ■ | | | | | ■ | | | | 5 |
| | | | ■ | ■ | | | | | ■ | | | | | | ■ | 6 |
| ■ | | | | | | ■ | | | | | ■ | | ■ | | | 7 |
| | | | ■ | | | | | ■ | | | | | | | | 8 |
| | ■ | | | ■ | | | | | ■ | ■ | | | | | | 9 |
| | | ■ | | | ■ | | ■ | | | | | ■ | | ■ | | 10 |
| | | | | ■ | | | | | | | | | | | | 11 |
| | | | ■ | | | | | | ■ | | | | | | | 12 |
| | ■ | | | | | ■ | | | | | ■ | | ■ | | ■ | 13 |
| | | ■ | | | | | ■ | ■ | | | | | | ■ | | 14 |
| | | | | | | ■ | | | | ■ | | ■ | | | | 15 |
| | ■ | | | | | | | ■ | | | | | | | | 16 |

ئاسۆیی:

١-روبارێکی کوردستانە – پەروانە- ژەهرن سپی.
٢-نوسەرێکی کۆچکردووی کوردە – بەڵێ بە ئەڵمانی (پ).
٣-(رەگ)ی ناوقەد بڕاو- جۆرە ئاژەڵێکە – های سەر بڕاو- پێداویستیەکی بۆلبەرینی ئۆتۆمبێلە – (داس)ی سەر بڕاو.
٤-پێویست – کەرەستەیەکی کارەبایە – ئەما (پێچەوانە).
٥-جۆرە میوەیێکە (پ)- دەنگی ئاگادار کردنەوەی ئۆتۆمبێل – بەرهەمێکی کشتوکاڵیە – بەرهەمێکی شیرە.
٦-روبارێکی کوردستانە – بۆ رێگەوبان دادەنرێت (پ) – بۆ پێوانەی رێگا بەکاردێت.
٧-پێچەوانەی رۆژ- (هار)ی سەر بڕاو – ناوی پۆستێکی کارگێریە – شارۆچکەیەکی کوردستانە.
٨-جۆرە خواردنێکی خێرایە – جۆرە خواردنێکی دەریایە (پێچەوانە) – پێکهاتەیەکی ناو خوێیە.
٩-پێداویستیەکی ئاسنگەرە – رێڕەوی جادە بە ئینگلیزی – تەمەن بە فارسی – سی بن بڕاو.
١٠-(پەل)ی سەر بڕاو – (داس)ی ناوقەد بڕاو- جۆرە جلێکە (پێچەوانە)- (مو)ی بن بڕاو – پێچەوانەی سەر – یەک بە زمانی فەلە.
١١-هونەرمەندێکی سینەماکاری کوردە- ناوی گوندێکی دەڤەری بادینانە.
١٢-یەکەم ناوی پاڵەوانێکی ئەسانەی کوردە – ناوی ووڵاتێکە (پێچەوانە)- لەد تێکەڵاو.
١٣-(زاری) سەر بڕاو – (مەل) ی ناوقەد بڕاو - بەرهەمێکی هەنگوینە (پێچەوانە) – چوار پیت لە گامار.
١٤-(میل) سەر بڕاو – مەرخک تێکەڵاو – بەدی تێکەڵاو- سەرمای زستان.
١٥-رێگا بە تورکی – (تەل)ی ناوقەد بڕاو – (قەپ)ی سەگ (پێچەوانە) – ساریۆم تێکەڵاو.
١٦-ووڵات- زنجیرە چیایێکی کوردستانە – (مل)ی سەر بڕاو.

ستوونی:

١-پێداویستیەکی درومانە – نوسەرێکی بەناوبانگی ئینگلیزە – مەرگی شاراوە.
٢-شاعیرێکی بەناوبانگی کۆچکردووی کوردە – خێل – تۆ بە ئینگلیزی (پێچەوانە).
٣-(لێژ) ی ناوقەدبڕاو – تار تێکەڵاو – لاسند تێکەڵاو – گیرە.
٤-خەیار بە کوردی – ( بەتال)ی بن بڕاو – مۆر بە عەرەبی (پێچەوانە) - (تال) ی سەر بڕاو.
٥-رێگا گۆڕین – هاناو تێکەڵاو – خۆشەویستی زین.
٦-سێ پیت لە پەمو – ماست کە شین دەبێت (پێچەوانە) – دارتاش بە کاردێنێت – (با)ی سەر بڕاو.
٧-کرێوە تێکەڵاو – (وای) ناوقەد بڕاو – جۆرە ئاژەڵێکە جۆتی پێدەکرێت (پێچەوانە) – گەورە.
٨-(پێک)ی ناوقەد براو – دەشتای ناو چیا (پێچەوانە) – کاوەل تێکەڵاو – (دە)ی بن بڕاو.
٩-بەری دارێکی خۆرسکە (پێچەوانە) – مایە تێکەڵاو – رەنگێکە (پێچەوانە) - ورگ بە بادینی.
١٠-دوو پیت لە نیل – لید تێکەڵاو – شارێکی باکوری کوردستانە – (شە)ی بن بڕاو – (با) سەر بڕاو.
١١-کە سیستەمی کۆمپیۆتەر رادەگیرێت – پەخش بە بادینی – دووەم ناوی هونەرمەندێکی کۆچ کردووی کوردستانە (پێچەوانە).
١٢-منەت ( تێکەڵاو - (پێچەوانە) تۆ – (بی)ی سەر بڕاو – کاوی کەناڵێکی ئاسمانی کوردیە پێچەوانە.
١٣-ناوی کچانە – (گا)ی سەر بڕاو – شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە – ناوی کوڕانە.
١٤-(هەل) سەر بڕاو – (مال)ی سەر بڕاو – جۆرە بارگیرێکە – دەماری دار – ژمارەیەکە پێچەوانە.
١٥-پاشماوەی گەنم – دەولی تێکەڵاو- ئاخ – پێڵاوی ئەسپ.
١٦-جۆرە خواردنەوەیەکی گازدارە – هونەرمەندێکی باکوری کوردستانە.

ئامادەکردنی: عەمید منیر ئەحمەد

## وەڵامی ژمارە ٤٦

| 16 | 15 | 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ر | ک | ه | ش | ■ | ه | ل | و | پ | ه | پ | ■ | ه | ل | ج | د | 1 |
| ی | ا | ■ | ی | ن | ا | ی | ر | ک | و | م | ر | ا | ژ | ه | ه | 2 |
| د | ■ | ا | ل | ه | ک | ■ | ه | ■ | ی | و | ێ | ر | ■ | گ | ر | 3 |
| ب | ه | ل | ا | م | ■ | ل | ب | ێ | ک | ■ | ر | و | ر | ه | ز | 4 |
| و | د | ■ | ن | ت | و | ت | ■ | ن | ر | و | ه | ■ | ت | ر | ی | 5 |
| ل | ی | م | ■ | ■ | ه | ی | م | ا | ■ | ر | و | ب | ا | خ | ■ | 6 |
| ■ | ل | ا | گ | ن | ش | ■ | ه | ب | و | ه | ■ | ه | ■ | و | ش | 7 |
| د | و | ی | ■ | م | ا | س | ی | ■ | ی | ک | ا | ت | ن | ی | ک | 8 |
| ی | ■ | ن | س | ■ | ن | ی | ا | ل | ■ | ■ | ن | ا | د | ن | س | 9 |
| ا | خ | ■ | ن | ب | ■ | و | ■ | ک | ا | ب | و | ■ | ا | ■ | پ | 10 |
| ر | ۆ | ر | ه | ■ | ی | ا | ن | و | گ | ز | ا | م | ل | ه | ی | 11 |
| د | ل | ه | ■ | ر | و | س | ی | ا | ■ | م | ه | ت | س | ۆ | ر | 12 |
| ی | ■ | گ | م | ا | ا | ■ | ش | ه | م | ا | ■ | ه | ■ | ز | ■ | 13 |
| ر | س | ■ | ی | د | ب | ه | ■ | ■ | ه | ر | م | خ | ک | ■ | م | 14 |
| س | م | ی | ر | و | ا | ■ | گ | ه | ز | ■ | ه | ■ | ل | ۆ | ی | 15 |
| م | ■ | س | ۆ | ر | گ | ا | ز | ■ | ن | ا | م | ت | ش | ی | ن | 16 |

# جەنگە سەیرەکان

● ئامادەکردنی: هۆزان



## کورتترین جەنگی مێژوو

جەنگی ئینگلیز- زەنگبار لە ٢٧ی ئابی ١٨٩٦، دوای کۆچی دوایی سوڵتان حەمەد بن ثوەینی، کە لایەنگری بەریتانیا بوو، هەڵگیرسا. کێشەکە کاتێک دەستی پێکرد کە خالید بن بەرغەش بە بێ ڕەزامەندیی بەریتانییەکان دەسەڵاتی گرتەدەست. بەریتانییەکان، کە ئەمەیان پێ قبوڵ نەکرا، مۆڵەتێکی کۆتاییان دایە خالید کە دەستبەجێ دەست لەکار بکێشێتەوە و کۆشک چۆڵ بکات، بەڵام خالید گوێی بە داواکارییەکە نەدا و لەگەڵ پاسەوانەکانیدا لەناو کۆشکدا مایەوە. ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێک کە تێیدا ٥٠٠ کەس لە لایەنگرانی سوڵتان کوژران، لە بەرامبەردا تەنها یەک دەریاوانی بەریتانی بریندار بوو.

جەنگەکە تەنها ٣٨ خولەکی خایاند، بەمەش ناوی چووە کتێبی ڕیکۆردەکانەوە وەک کورتترین جەنگی مێژوو. خالید لە ساڵی ١٩١٦ دەستگیرکرا و بۆ دوورگەی سانت هێلێنا دوورخرایەوە. دواتر ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و لە ساڵی ١٩٢٧ لەوێ کۆچی دوایی کرد.

## جەنگی سەتڵەکە



ئەم جەنگە لە نێوان دوو شارەدەوڵەتی ڕکابەری باکووری ئیتالیا، بۆلۆنیا و مۆدێنا، لە ساڵی ١٣٢٥دا هەڵگیرسا. هەرچەندە هۆکاری ڕاستەوخۆی جەنگەکە دزینی سەتڵێکی دار بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا درێژکراوەی ململانێیەکی ٣٠٠ ساڵەی نێوانیان بوو.

چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەستی پێکرد: کۆمەڵێک سەربازی مۆدێنا هێرشیان کردە سەر بۆلۆنیا و بۆ سووکایەتیکردن پێیان، سەتڵێکیان لە بیرێکی ناوەڕاستی شارەکە دزی و وەک دەستکەوتێک لەگەڵ خۆیاندا بردیانەوە بۆ مۆدێنا. خەڵکی تووڕەی بۆلۆنیا داوایان کرد کە سەتڵە بەنرخەکەیان بۆ بگەڕێندرێتەوە و کاتێک داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە، جەنگ هەڵگیرسا.

ئەم جەنگە، کە ١٢ ساڵی خایاند، یەکێک بوو لە گەورەترین جەنگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە سەرکەوتنی مۆدێنا کۆتایی هات. بۆلۆنیا هەرگیز سەتڵەکەی وەرنەگرتەوە و تا ئەمڕۆش ئەو سەتڵە وەک یادگارییەک لە مۆدێنا پارێزراوە.



## جەنگی شیرینی

چیرۆکەکە لە مەکسیکۆ سیتی لە ساڵی ١٨٢٨ دەست پێدەکات، کاتێک لەمیانی کودەتایەکی سەربازیدا، قاوەخانە و شیرینیخانە بچووکەکەی شێفێکی فەرەنسی بە ناوی ڕیمۆنتێل لەلایەن کەسانێکەوە تاڵانکرا. کاتێک بەرپرسانی مەکسیک سکاڵاکانی ڕیمۆنتێلیان پشتگوێ خست، ئەو پەنای بۆ حکومەتی وڵاتەکەی خۆی برد.

دوای دەیەیەک، پاشای فەرەنسا، لویس- فیلیپ، گوێی لە داواکارییەکەی گرت و داوای لە مەکسیک کرد بڕی ٦٠٠,٠٠٠ پێسۆ وەک قەرەبوو بداتە شێفە شیرینیفرۆشەکە. حکومەتی مەکسیک ئەم داواکارییەی بە گاڵتە وەرگرت، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی (جەنگی شیرینی).

جەنەڕاڵ سانتا ئانا لە خانەنشینی گەڕایەوە بۆ سەرکردایەتیکردنی سوپای مەکسیک و لەم جەنگەدا قاچێکی لەدەستدا. لە کۆتاییدا، بە نێوەندگیری بەریتانیا، لە ئازاری ١٨٣٩ ڕێککەوتنێکی ئاشتی واژۆ کرا و مەکسیک ناچارکرا کە تەواوی پارەکە بداتەوە بە ڕیمۆنتێل.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# بۆ بەئاگابوونت لە هەواڵی پێشمەرگە

## سەردانی سۆشیاڵ میدیای وەزارەتی پێشمەرگە بکە

@KRG.MOPA.OFFICIAL



No 47

# PESHMARGA

PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA



## بەخوێنی خۆم

خاك و خەڵك و نیشتمانی
كوردستان دەپارێزم

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

Autumn 2025